ژوولیا
دەستنووسەکەی مەولانا

تاکە پەیجی سەرەکی ئێمە لە فەس بووک
بۆ نوێترین کتێب بە شێوازی PDF
لەم پەیجەوە داونلود بکەن

توانا ئەمین

سەرجەم چیرۆک و تێکستەکان

www.fb.com/PDFkurd

ژووئێپامەوانا
دەستنووسەکانی

سەرجەم چیرۆك و تێکستەکان

بەرهەمی پەیجی کتێبی PDF

www.fb.com/PDFkurd

توانا ئەمین

PDF 4 KURD

لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی

- ناوی کتێب: ژوولیا و دەستنووسەکەی مەولانا
- بابەت: چیرۆک
- نووسینی: توانا ئەمین
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- نرخ: (٨٠٠٠) دینار
- چاپ: (٢٠١٦)
- ڕێنووس و هەڵەچن: تاریق هێدی
- تابلۆی بەرگ: نیگاری هونەرمەندی تونسی (عەبدولا عەکار)

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (٥٦٧)ی ساڵی ٢٠١٦ پێ دراوە.

ناونیشانی ماڵی وەفایی، هەولێر، فلکەی زراعە

https://www.facebook.com/mali.wafai

٠٧٥٠٤٨٢٦٦٤٧

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

دەستنووسەکەی ژوولیاو مەولانا

توانا ئەمین

بۆ هەرمێ...

ئەم کتێبە لەسەر پردێکی دارینەی کۆن

بۆ هەمیشە..

بۆ تــــــــۆی جێدێڵم...!

PDF 4 KURD

بێ ئۆقرەیی گێڕانەوە

شێرزاد حەسەن

هەمیشە بە تاسووقەوە چیرۆکەکانی (توانا) دەخوێنمەوە، نەک لەبەر ئەوەی خۆم چیرۆکان دەنووسم... نەخێر... ڕەنگە لەم چەند دێڕەدا پتر وەک خوێنەرێک کە بۆ هەمیشە شەیداییم بۆ ئەدەب لە هەقایەتی نەنکم و چیرۆکی چیرۆکنووسەکانی دونیاوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەوەی بۆ من گرنگە، توانا لاسایی کەس ناکاتەوە. ئاراگۆنی شاعیر دەڵێت "هەموومان لاساییکەرەوەین!" ئەوەیان لە هونەر و ئەدەبدا ڕەوایە، من لە ئەدەبی کوردیدا جاروبار لاساییکەرەوەم ناسیوەتەوە، جا لاسایی نووسەرانی بیانی بووبێت لە ڕۆژهەڵات یان نووسەرانی خۆمان، وەلێ توانا خاوەن پەنجەمۆری خۆیەتی، ئەو هەمیشە کەڵک لە ئەزموونە زۆر تایبەتییەکانی خۆی وەردەگرێت و دەقی ناوازەیان لێدەسازێنێت.

PDF 4 KURD

بەتایبەتی ئەوەندەی هەستم پێکردبێت، گەشتەکانی ڕەوو وڵاتانی دیکە، ڕۆحێکی دیکەی پێبەخشیوە، کە کەم نووسەری کورد وا خێرا دەرەقەتی نووسینەوەی دێت.

گەر یەکێک لە مەرجەکانی ڕەسەن بوونی نووسەر؛ دووبارە نەکردنەوەی پێش خۆت بێت لە فۆرم و ناوەڕۆکدا کە هەموو ڕەگەزەکانی ئەدەبی داستانی دەگرێتەوە، گەر هێنانەدی زمان و کارەکتەر و تەواوی پایە و ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆک بە مەرجی تازەگەری و لە کۆن تێپەڕاندن خەسڵەتی سەرەکی ئەو ڕەسەنایەتییە بێت؛ ئەوە توانا بۆ من لە ئەوەی نوێیدا نووسەرێکی تازەگەرە. بە دونیایەکم دەناسێنێت کە من دەیبینم و هەستی پێ دەکەم، وەلێ هەرگیز بەر لەو چیرۆکانە نەمتوانیوە بەو شێوەیە بیبینم و وام لێ بکات لەسەریان بوەستم و ڕابمێنم.

چیرۆک و ڕۆمان کە بەشێکن لە ئەدەبی داستانی، بێ بوونی دوو پایە یان ئەستووندەگ دەڕمێن: کە ئەوانیش بوون یان پەخشکردنی مەعریفەتە بە مرۆڤ و کێشەکانی لەسەر زەمین، دووەمیان چێژە، چونکە پێشکەشکردنی هەر حەقیقەت و مەعریفەتێک بەبێ چێژ و ستاتیکا ئەو کارە لە خانەی ئەدەب و هونەر دەکاتە دەرەوە. لەم دەقانەدا و بگرە لە زۆربەی دەقەکانی دیکەی توانادا کە لەسەر لاپەڕەی

PDF 4 KURD

هەفتەنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بینیومە، هەم هەرێمێکی تازەی بوونی خۆی و کەسانی دەوروبەری پێ ناساندووم، هەم چێژی داومەتێ.

جارجار گەمەکانی زمانیش وا دەبیات، کە من ناچارم دووبارە و سێ بارە بیخوێنمەوە تا لە نهێنی گەمەکانی تێبگەم. لە هەندێک لەو چیرۆکانەدا بە تایبەتی لە (ڕاپۆرتێک لە کوشتاندینا)دا زمان بە حوکمی پەرتبوونی ئەو هەموو شوێنانە لێرەوە بۆ ئەوێندەرێ بە تەواوی هەم وێڵم دەکەن و هەم ماندووم دەکەن.

بەگشتی، لە زۆربەی چیرۆکەکانی تواناادا ڕۆحی پەرشوبڵاوی، خەسڵەتی یەکەمی هەموو چیرۆکەکانە و کار دەگاتە ئەوەی کە گرێچن و تانوپۆی چنراوی ناو دەقەکانیش لەگەڵ خۆیدا پەرتوبڵاو بکاتەوە. ڕەنگە بۆ چیرۆکی (ڕاپۆرتێک لە کوشتاندینا) ئەو فانتازیایە تەواو پابەست بێت بە پەرتبوون و ونبوونی مێژوویەک، کە بە هەق مێژووی ئێمەیە، خودی زەمەنیش لە ناو لاپەڕەکاندا ونە، زەمەنێک لە دەرەوە بوونی نییە، ئەویش پەیوەستە بە "مەنفی"بوونی نالی لە ناو شوێن و زەماندا، هەر بۆیە ئێمەش لە نێو لاپەڕەکان و مۆزەخانەکاندا ون دەبین، هەتا خودی هەقایەتخوان وەک نالی بێ سەروسەودا و گەڕیدەیە.

PDF 4 KURD

ونبوونمـــان لە نـــاو ڕێـــکەوت و ڕۆژ و ســـاڵەکاندا دەمانگەیەنێـــت بە نـــامەی عەشـــق و ســـەرگەردانی و بگـــرە نـــامەی نەفرەتـــی، هەر هەموو ئەمانەش لەسەر ونبوونی نالی خۆی وەستاوە.

گەرچـــی مەراقمـــــان وا گەورە دەکــــات کە بـــزانین چـــی دەقەومێـــت، بەڵام بـــۆ هەمیشـــە لە نێـــوان ئـــێمە و دەقەکانـــدا مەودایەک هەیە کە لە یەکـــدیمان دوور دەخـــاتەوە، لە هەمـــان کاتـــدا بـــۆ ئەو تـــاکە پەیـامە دەگەڕێـین کە نووســـەر تـــا کۆتـایی لێمـــــان دەشـــــارێتەوە، بەڵام لە هەر هەموویانـــــدا پەیـــامێکی تاقـانە گەر بە مـن بگـات؛ مانـدووبوون و وێڵبـوونی نووســـەر و بگـــرە ژمـــارەیەکی زۆر و بـــێ شـــوماری گەنجـــانی نەوەکەی خـــۆیەتی. هەر بـــۆیە لای توانـــا؛ لە هەمـــوو چیرۆکەکانیـــدا ڕانـــاوی (مـــن) بەشـــی شـــێری هەیە کە دەگـــاتە ئاســـتی دانپێـــدانان کە پتـــر و پتـــر خـــۆ هەڵکـــۆڵینە تـــا گەیشـــتن بەو (غوربەت)ـــەی کە ڕیتمـــی ســـەرەکی چیرۆکەکـــان دەهاژوێـــت. خـــودی ئەو وێڵبـــوون و غـــوربەتە هەتـــا لە ناونیشـــانی زۆربەی چیرۆکەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

هـیچ گومـانی تێـدا نییە نووســـەر هەقـی خـۆیەتی کە کەڵـک لە ئەزمـــــوونی خـــــۆی وەربگرێـــــت، ڕوانینەکـــــانی لەتەک پاڵەوانەکانیـدا، گەر توانـــا خـــۆی بێـــت یـــا کەســـێکی دیـــکە، یەکـــدی بگـــرنەوە؛ وەک تـــوخم، تەمەن، پەروەردە و ئاســـتی

www.fb.com/PDFkurd

ڕۆشنبیری، تا دەگات بە بیروباوەڕەکانی و خوێندنەوەکانی، هەڵبەت وەک نووسەرێک هەقی خۆیەتی لە قۆناغی ئەزموونگەرییدا بێت. هەر ئەوەش پتر ئازادی دەکات چ فۆرم و چ ناوەڕۆکێک هەڵبژێرێت. هەر بۆیە بە مانا تەقلیدییەکەی ڕێز لە سەرەتا و گرێچن و کۆتایی ناگرێت، هەتا بۆ بوونی ململانێ و ناکۆکی لە ناوئاخنی ڕۆحی پاڵەوانەدایە؛ نەک لە بەرانبەر سروشت یان مرۆڤەکانی دیکەدا، گەرچی ململانێکە هەر دەوروبەر و ژینگە و مرۆکانی دیکە بۆیان دروست کردووە.

دەکرێت توانا وەک چیرۆکنووسێکی ئەزموونکار تەماشا بکرێت، ئەوەش نەنگی نییە، چونکە جار هەیە بۆ نووسەرێک کە دەیەها ساڵ دەنووسێت، کەچی لەو دۆخی ئەزموونگەرییەدا گەمەکانی داهێنانی خۆی بەڕێوە دەبات. بۆ زۆربەی چیرۆکەکان ڕووداوێکی سێنترال بوونی نییە، کە خزمەت بە تانوپۆ و گرێچنی چیرۆکەکانی بکات، پتر ڕاوکردنی دۆخێکی ناجێگیر و مەراقی پاڵەوانەکانە، کە شتی زۆر سادە و ڕۆژانەی لێ ئاڵۆز دەبێت و بێ ئەوەی خولیای ئەوەی هەبێت لە ناو تەنگژە دەروونی و ئاڵۆزییەکانی پاڵەوانەکان بەدوای چارەسەردا بگەڕێت. چونکە نووسەر نەک وەک گەمەی کۆتایی کراوەی چیرۆکی نوێ ئەو کارە

دەکات، بەڵکو بڕوای وایە کە شتێک نییە ناوی چارەسەر و ڕزگاربوونی پاڵەوانەکان بێت بۆ دەرچوون لەو قەیرانە ڕۆحییانەی تێی کەوتوون. هەتا گەورەترین تراژیدیای براکوژی لە چیرۆکی (کچەی زستان)دا لە وەهمی حەزێکی زۆر هەرزەکارانەوە ڕوو دەدات، کە پتر لە وەهم و درۆ دەچێت، هەر بۆ خۆی دەقەکە ڕەهەندێکی تراژیکۆمیدی وەرگرتووە، بەڵام بە درێژایی چیرۆکەکە کە پاڵەوان وا لەو دونیا و دەگێڕێتەوە، لە دانپێدانانێکی هەرزەیەک زیاتر نییە، کە بۆ خۆی گومانێکە لە گەورەترین تراژیدیای ناو ژیانی سیاسیی ئێمە.

لە ئێستادا کورتە چیرۆک یەک فۆرمی نییە، دەکرێت سکێچێکی تۆکمە و دامەزراو و فۆرمێک بێت. توانا پتر ڕووی لە سکێچە کە پتر لە ڕەشنووسی یەکەمی دەقەکە دەچێت و کە ڕۆحێکی کێوییانە و بەلەسە دەبەخشێت. لە دووسەد ساڵی ڕابوردوودا فۆرمی چیرۆک دەیەها ڕوخساری هەبوە، بۆ ئێمەش لە نیوەی سەدەی ڕابوردوودا هەمان فۆرم و ناوەڕۆک و زمانی جیاوازمان ئەزموون کرد. توانا و نەوەکەی بۆ خۆیان عەودالی ئەو سەرکێشی و گەمەیەن، بە ڕۆح و ڕیتمی جیاوازەوە. لە هەموو چیرۆکەکانیدا تەواو دەست دەگرێتەوە هەتا بۆ دامەزراندنی ئەو تانوپۆ و

گـرێچنەی کە هەڵیـدەبژێرێت، کەمتـرین خەسـارەت دەدات.
بەڵام چـڕی و چوارچێـوەی بەرتەسـکی چیرۆکەکـان بـوارێکی کەمتـری داوە بە دینـامیکی کـارەکتەر و پاڵەوانەکـان؛ بەوەی کە (فـلات) بـن نەک کـارەکتەری بـازنەیی، بە واتـا تـاک ڕەهەندیی بن.
ئەمەیـش کەمتـر بـوار دەدات گـۆڕانێکی گەورە لە کـردار و ڕۆحـی پاڵەوانەکـانی بگۆڕێـت، واتـا لەوەدا جیـاوازن کە بـێ ئـۆقرەن، تەنهـا وێسـتاو و جێگیـرن وەک بـاری ڕۆحـی و دەروونـی، کە ئەوەش بـۆ هەمیشـە بـۆ چیـرۆک دەسـت نـادات، ئەگەرچـی پتـر لە ڕۆمانـدا چاوەڕێی گۆڕانکـاری و دینـامیکیەت دەسازێت.

زۆربەی پاڵەوانەکـان دەجـوڵین، بەڵام کردارێـک نیـیە بـیکەن، گەر لە چیرۆکـــدا هەر پاڵەوانێـــک و کردارێـــک بەیەکەوە بەسـتراون، قەیرانـی ئەو پـاڵەوانە بـێ ئـۆقرانە ئەوەیە کە لە دوای کـردار و ڕووداوێـکەوە هـاتوون، یـان بەر لە کـردار و ڕووداوەکـان هـاتوون، واتـا لە مۆلەقـدان. هەڵواسـراون، نـاجێگیرن، نە کاتەکـان و نە شـوێنەکان بـۆ ئەو کـارەکتەرانە ئەوەنـدە بەرجەسـتە نـین تـا تێیـدا بسـرەوِن، توانـا زۆریـش هەوڵ نـادات شـتەکان و کەسـەکان و شـوێنەکان ببینـین، بەڵکو گەرەکیەتی هەستی پێبکەین.

PDF 4 KURD

توانا ئەمین.. لەپڕ بیری دەکەوێتەوە کە چیرۆکنووسە!

ئیسماعیل حەمەئەمین

ئەزمـــوونی توانــا ئەمــین ئەزمـــوونێکی تــایبەتە، ئەزمـــوونێکە دەبێــت لەگەڵیــدا بژیــت. دەتــوانم بڵــێم شــێوازی ژیــانێکە و لە کڵێشـــەی گێـــڕانەوەدا لە خـــۆی دەدوێـــت، ئەزمـــوونێکە زۆر ســوبێکتیڤانەیە، خــودگەرایی و تــاکڕەوە، ڕەشــبینێکی هــارە لە بەرامــبەر جــوانی و ناشــرینییەکانی ئەم دونیــایەدا. مــن خــۆم کــاتی خــۆی تێکســتەکانیم لە ڕێگــەی ئینتەرنێــتەوە خوێنــدەوە، بــێ ئەوەی بیناســم، کە چیرۆکــی (گــوڵی مــریەم)م خوێنــدەوە، هەر هەمــان شــەو بە یەک نەفەس تــا بەرەبەیــان لەســەر ئەو چیرۆکەم نووسی.

ئەوەی ســـەرنجی ڕاکێشـــام، ئەو ڕۆحـــی گێـــڕانەوە پـــڕ لە نیگەرانییەیــە، کــە ســنووری گێــڕانەوە دەبڕێــت بــۆ شــتێکی دیــکە، کە دەتــوانم بڵــێم: دوورییەکــی چــڕی نەبینــراوی وەڕسییە لە جیهان، لە دونیای هەبوو..

بـۆ ئەوەی خـۆی بناسـم، ڕەدووی چیرۆکەکـانی کەوتـووم، سەرنجڕاکێشـەر بـوون لای مـن... ئەوەی لە دونیـای توانـادا سەرنجڕاکێشـەرە، ئەو قوڵبـوونەوەیە لە نـاو نـاخی کـاراکتەردا، لە نـاو نـاخی پـاڵەوانی چیرۆکـدا، بە ناخـدا سـەفەر دەکـات. لێـرەدا (شـەپۆلی هـۆش)ی (جـێمس جـۆیس)م بیـر دێـتەوە، (بلـوم)ی پـاڵەوانی چیرۆکـی یۆلیسـیس، ئێرلەنـدییەکان و وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا.

سـەیر لەوەدایە چیرۆکـی کەسـەکان لە لای توانـا لە چیرۆکـی جیهـان، لە چیرۆکـی دونیـای دەرەوە جـودا نـابێتەوە. دەرەوە و نـاوەوە بە شـێوەک لە نێـو یەکتـردا تـێکەڵ بـوون، کە زەمەنـی شـوێن و زەمەنـی خـود، سـنوورەکانی ئۆبێکـت و سـوبێکت تـێکەڵ بە یەکتـر دەبـن. لە چیرۆکـی (گـوڵی مـریەم)دا هەسـت بەو گەمەیە دەکەیـن لە نێـوان سـوبێکت و ئۆبیکتـدا، لە نێـوان خـود و شـوێندا، لە نێـوان شـوێن و ڕۆحـی پـاڵەوانەکەدا تـێکەڵ بەیەک دەبـن. ئەمە جـگە لەوەی ئەو تـوخم و ڕووداوانەی ئەو کاریـان لەسـەر دەکـات، چەنـدە لە دونیـای واقیعـدا بوونیـان هەیە، ئەوەنـدە واقیعێکـی سـایکۆلۆژین، ئەوەنـدە پابەنـدن بە ئـازاری کەسـەکانەوە، لە تێکسـتی (سـەگێک بێتـاقەتە.. زۆر)، تەنیـایی سـەگ و

خاوەنەکـــەی و پـــاڵەوانی چیـــرۆکەکە تێکەڵـــی یەک فەزای سێکسواڵیی نادیار دەبن.

لێـرەوە سـەگ لەم وڵاتە چەنـدە تەنهـایە، ئەوەنـدەش لە کـاتی پەڕینـدا جـووتە، دەنـا لەسـەر لێـواری ڕێگەکانـدا سـەگ دەبینـین وەک ئـــاژەڵێکی هەمیشـــە بەژێـــر ئۆتـــۆمبێلەوە بـــوو، بەمەش ڕەمزیەتـــی سـەگ لە سـۆفیا وەک لە چیرۆکەکەیـدا هـاتووە، بە پـێچەوانەی ئەو وێـنە تەنهـایە، کە لەسـەر لاڕێگەکـان بەژێـرەوە بـووە. لێـرەوە سـەگێکی تـر لە بەردەم پاڵەوانـدا خـۆی ئامـادە دەکـات، کـە لە بەردەم هەڕەشـەی مرۆڤـدا تەنهـا نییە، بەڵکـو، پاکوخـــاوێنە. لەم خـــاڵەوە لە نـــاخی پاڵەوانـــدا ئەو تـــاڵییە ســـەختە هەســـت پێـــدەکەین، ئەو وەســـتان و سەرســـامییە کـــوردییەی کاتێـــک لە ئـــاوێنەی دونیـــای دەرەوەی خۆمانـــدا، وێنە پڕ غوربەتی و کاراکتەرە شێواوەکانی خۆمان دەبینین.

لەم تێکســـتەدا، کـــاراکتەری ســـەگ و پـــاڵەوانی چیـــرۆکەکە تـێکەڵ دەبـن، مـن وام هەسـت کـرد کە پـاڵەوانە کـوردییەکە وەک ئەو ســـەگە کـــوردییە وەهـــایە و تراژیـــدیا و دڵڕەقـــی کـــۆمەڵگەی کـــوردی بیـــر دەکەوێـــتەوە، کاتێـــک بەرامـــبەر ســـەگێکی دیـــکە دەبێـــتەوە لە ســـۆفیا یـــان لە ئەڵمانیـــا. ئەم تەکنـیکە چەنـدە لە (شـەپۆلی هۆشـەوە) نـزیکە، ئەوەنـدەش ڕیـزپەڕی دەکـات بە تێکەڵکردنـی کـارەکتەر، بە گفتوگـۆی نێـو

ڕۆحی پاڵەوانەکان، جارجارەش توانا خۆی ناگرێت و لە سەرێکی دیکەی تێکستەوە چەند دێڕێک دەڵێت و دەبێت هەمیشە وەک گێڕەوەیەک ڕستەیەک بڵێت، ڕستەیەک دەیەوێت تەنها گوزارشت بێت لەسوبێکتی خۆی، خۆی و کەسی تر نا.

جوانترین خاڵ لە چیرۆکی توانادا ئەوەیە؛ تەکنیکێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەزموونی چیرۆکی ئێمە زۆر کەم ئەم جۆرە تەکنیکە بە خۆیەوە دەبینێت، چیرۆک هەیە کە دەیخوێنمەوە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی پەخشانە، ڕووداو تێدا لاوازە و لەسەر ئاستی نەبووندایە، خوێنەر ناتوانێت لەگەڵ ڕووداو و کەسەکاندا گفتوگۆی خۆی هەبێت. ئەم دیاردەیە من بێزار دەکات. ئەم جۆرە چیرۆکە جۆرێک لە تەمومژی پێوە دیارە، بۆ ئەوە نییە خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ڕەمزیەت و گرێکانی بدۆزێتەوە، دوای پێچاوپێچی ڕووداوەکان بکەوێت، نەخێر، بەڵکو لە لاوازیەوەیە لە دروستکردنی ڕووداو و کەس و شوێن و مەنەلۆژ.

بەڵام توانا بە ئاڕاستەیەکی تر کار دەکات، بە ئاڕاستەی ئەوەی چیرۆکەکانی جۆرێک لە ڕوونیی زمانەوانییان تێدایە، بە مانای وشە ڕوونن، دەربڕینەکانی کورت و چڕ و تیژن.

هەموو ڕستەیەک خاوەنی بیرۆکەیەکی تایبەتە... دەتوانین بڵێین لە چیرۆکی توانادا زۆر جار لە بڕگەیەکدا پێنج بیرۆکەت دەداتێ، کە ئەمەش یەکێکە لەو تەکنیکە سەرکەوتوانەی کە توانا توانیویێتی بەکاری بهێنێ.

لە چیرۆکیکیدا کە من لە گۆڤاری کۆنسێپتدا خوێندمەوە بە ناونیشانی (من لە بلووردا یان نارەوەنێک لەسەر ڕووی ئاو)، خەمێکی زۆر گەورەی ئونیڤێرسالی هەیە، خەمێک لەمەڕ هێرشی تەکنیک بۆ سەر پرسیاری (بوون)، بەوەی هێلکەکانمان، سپێرمەکانمان بەرە کوێ دەڕۆن؟! ئەمە پرسیارێکی وجودییانەیە، پرسیارێکی مۆڕاڵییانەیە، تا ئێستا ئەم گفتوگۆیە کراوەیە بەوەی؛ دەبێت چ مۆڕاڵێک ڕێگە بدات دەستکاریی جینات و شریتی سیفاتی مرۆڤ بکات پێش دروستبوونی؟ ئیدی هەڵبژاردنی سروشتی چ مانایەکی دەبێت؟ خەمێکی جوانە لەم چیرۆکەدا. پرسیارێکی ئونیڤێرسالییانەیە، بەوەی ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆین، منداڵەکانی ناو شووشە چۆن دروست دەبن... منداڵی ناو شووشە چییە؟ منداڵی ڕاستەقینە چییە؟ گەورەبوون لە کوێدایە، پیربوون لەکوێدایە و گەنجبوونەوە لە کوێدایە؟

گەر بگەڕێمەوە سەر خود (سوبێکت)، خودی چیرۆکنووس خۆی، دەتوانم بڵێم کە خودێکی هەمیشە پرسیارکارە لە

وجـــود وەکـــو هەمـــوو چیرۆکنووســـێک، بەڵام لای توانـــا حـــوزنێکی قـــووڵ هەیە، بریـنـــدارییەکی قـــووڵ هەیە، کە تـــۆ لە هەمـــوو چیرۆکەکانیـــدا وەکـــو دەنگێکـــی تـــایبەت، هاوتەریـــب لەگەڵ گێڕانەوەکانیـــدا هەســـتی پێـــدەکەیت... ئەم غەمبـــارییە، ئەم برینداریییە بووە بە خودێکی گێڕەوەی زۆر جوان.

مـــن هەمیشـــە گوتـــوومە کە توانـــای (توانـــا ئەمـــین) لەوەدایە توانیـــوێتی ئەو هەمـــوو غـــوربەتە، ئەو هەمـــوو بریـنـــداربوونەی نـــاو دونیـــا، ئەو هەمـــوو ئـــازارەی خـــۆی بکـــات بە گێـــڕانەوە. بێگومـــان ئەمەش جیـــاوازیی چیرۆکنووســـە لە یەکێکـــی دیـــکە. خـــۆ ئەگەر ئـــازار نەکرێـــت بە تێکســـت، ئەگەر نەکرێـــت بە کـــاری ئاوەهـــا؛ لەو بـــڕوایەدام جـــگە لە لاڵانەوە و پـــاڕانەوەیەک، جـــگە لە گەڕان بەدوای بەسەرچوودا، نابێت بەهیچی تر.

توانـــا یەکـــێکە لەو نووســـەرانەی مـــن دەڵـــێم توانـــایەکی ســـەیری ڕۆماننووســـــینی هەیە، بەڵام ڕەخـــــنەی مـــــن زۆر جـــــار لەو ئەوەیە، دوای شـــیعرییەتی خـــۆی دەکەوێـــت، دوای شـــیعرییەتی دونیـــــا دەکەوێـــــت. زۆرجـــــار لەســـــەر فـــــاتورەی ڕووداو، ســـوبێکتیڤیەتی، خـــودگەرایەتی، وەهـــای کـــردووە، کە تەنهـــا دوای دونیـــای خـــۆی بکەوێـــت، بە جۆرێـــک، لەپڕێکـــدا ئەدەبـــی بیر دەکەوێتەوە!

بەوەی، کە پێویستە هەموو ئەمانە بکەم بە ئەدەب و ئیتر چیرۆکێک دێتە دونیایەوە. بە مانایەکی تر لەپڕ بیری دەکەوێتەوە کە چیرۆکنووسە. لە چیرۆکی توانادا هەمیشە خاڵی وجودییانە، پرسیاری زۆر گەورەی ئینسانی خۆی تێدا حەشار داوە، هەر لەبەر ئەمەشە ژیانی تایبەتی خۆی و برینەکانی لەگەڵ تێکستەکانیدا ئاوێتەبوونێکی زۆر جوانی هارمۆنین. کە هەموو ئەمانە لە زمانێکی بالای چیرۆکئامیزانە و گێڕانەوەئامێزانەدا خۆیان بەرجەستە کردوە، بەبێ ئەوەی خۆی لە درێژکردنەوەی ڕستەکاندا نوقم بکات... من لەو بڕوایەدام؛ خوێنەری توانا دەبێ خوێنەرێکی تایبەت بێت، ناتوانێت مێگەلی بێت و دوای ئەدەبێک بکەوێت کە هەموان بە دەستەجەمعی پێی سەرسامن. خوێنەری ئەم کوڕە؛ خوێنەرێکە دوای جەماوەر ناکەوێت، دوای چێژی گشتی ناکەوێت، بە مانایەکی تر خوێنەرێکە زۆر ئیندڤیدوال و تەنیا و خودی. خوێنەرێکە خودێکی ڕاماوە لە دونیا، سەرسامە بە دونیا، بە ئازارچەشتنی خۆی... توانا هەمیشە لە بیرکردنەوە ڕادەکات... هەمیشە بەرەو ئەوە دەمانبات، کە لە دونیا ڕابمێنین، لە ئازار تێ بگەین، بۆیە لەو ساتانەدا کە چیرۆکی ئەو دەخوێنینەوە، هەست دەکەین شتەکان لە شوێنی خۆیاندا نین.

PDF 4 KURD

توانا ئەمین..

نەوەی دووهەمی دوای ڕاپەڕین، شەڕێک لەگەڵ تارماییدا!

کاروان عومەر کاکەسوور

(*هەر نووسەرێک دونیای تایبەتیی خۆی هەیە*) کەم کەس هەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەمەی نەگوتبێت... بەڵام ئەو دونیایە لە کەیەکەوە دەستی پێکردوە و تاکەی درێژەی دەبێت؟ ئەمانە هەمان ئەو پرسیارانەن، کە هەمیشە لەبارەی دروستبوون و بەردەوامبوونی گەردوونەوە کراون و دەکرێن... بەڵام نووسین دروستکردنی دونیا نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی ئەم دونیایە. ئەمە باوەڕێکە پێم وایە لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنانەی ئەدەبی نووسەرانی نەوەی دووەمی دوای ڕاپەڕینەوە پێی دەگەین، کە (توانا ئەمین) یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی.

ئـەم چیرۆکنووسـە ئەوەنـدەی مەبەسـتیەتی دونیـای خـۆی وێـران بکـات، ئەوەنـدە لـە هـەوڵی دروسـتکردنی دونیـادا نییـە. ئەمـەش پەیوەنـدی بـەو فاکتـە سۆسـیۆلۆژییەوە هەیـە، کـە ئـەم نەوەیـە ئەزموونـەکانی خـۆی لـە نـاودا دامەزرانـدووە. دەبێ هـەر لـە سەرەتایشـەوە بڵێـین مەبەسـتمان لـە (نـەوە)، کـۆی ئـەو ناوانـە نیـین، کـە لـە سـەردەمێکی دیـاریکراو و لـە نـاو رووبـەرێکی جـۆگرافیی دیـاریکراودا ئامـادەن، بـەڵکو ئـەو تێڕوانینە زیاتر چۆنایەتی دەگرێتەوە، نەوەک چەندایەتی.

لـە کۆنتێکسـتی پێوەنـدیی (مـن) بـە (ئـەوی دیکـە)ـەوە، دیـالۆگ ڕووی لـە ڕەگـەزێکی دیـارکراو و جۆگرافیایـەکی دەستنیشـانکراو نییـە، بـەڵکو ئاڕاسـتەیەکە بـەرەو ڕەگـەزی گریمـانی و جۆگرافیـای وەهمـی. ئەمـە بەگشـتی یەکێکـە لـە تایبەتمەندییـەکانی ئـەدەبی نـەوەی دووەمـی دوای ڕاپـەڕین، بۆیـە نـەوەکانی پێشـوو، بـە هـۆی نـەبوونی، یـان لاوازیـی ڕەخنـەوە، کـەمتر توانیویانـە لـە زمـانی ئـەم نەوەیـە تێبگـەن، بـەوەی ماتریـالی گێڕانـەوە پێکهاتەیـەکی جیـاوازی لەگـەڵ ماتریـالی گێڕانـەوەی نـەوەکانی پێشـوودا هەیـە. ئـەوە جیـاوازیی پرۆبلیمـاتیکی پێوەنـدیی نێـوان واقیـع و هۆشـە لەسـەر هـەردوو ئاستی هەستی و ئەقڵییەوە.

تێڕوانینی ئەم نەوەیە بۆ واقیع و وێنەکانی، تێڕوانینێکی جیاوازە و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆژییانەوە بە دەست هاتوە، کە لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانەوە، لەناکاو و خێرا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەرکەوتن و درێژەیان هەیە. ناکرێت نەڵێین سەردەمی ئەم نەوەیە، سەردەمی کۆتایی خەونی ئایدیۆلۆژیایە لە ناو کولتووری ئێمەدا. ئەم نەوەیە لە ناو عەدەمێکدا پێگەیشتووە و بیری کردۆتەوە، بۆیە بە مانا ستانداردەکەی پێشوو نە پەیامی هەبووە و نە ویستوویەتی پەیام بە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە بگەیەنێت، بەڵکو ئاراستەکانی گەیاندنیش لای ئەم نەوەیە بەرەو عەدەمە. ئەم نەوەیە نەک مەبەستی نییە نووسین بکاتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە بەهاکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە هەوڵی تێکشکاندنی هەموو ئەو بەهایانەدایە، یان بە مانا (ڤیبەر)ییەکەی خەمی گەورەی ئەم نەوەیە ڕزگاربوونە لە بەهاکان.

ئەم نەوەیە پێش ئەوەی لە ناو ئەو واقیعە نوێیەدا نیشتەجێ بێت و ئەزموونی بکات، لێی یاخی بووە. ئەگەر ئەم ئاڕاستەیە هەتا ئێستا بە ڕوونی دەرنەکەوتبێت، ئەوا پێشبینی ئەوە دەکەین لە ئاییندەدا چاکتر نیشانەکانی ببینین.

PDF 4 KURD

ئەگەر لە دیدی (ئیمیل دۆرکهایم)ـەوە بڕوانین، کە پێی وایە زۆربەی مەیل (Tendency) و بۆچوونەکانمان دروستکراوی خۆمان نین، بەڵکو لە دەرەوەی خۆمانەوە بۆمان دێن.

ئەوا دەبینین ئەو واقیعە نوێیە چ لەسەر ئاستی کات و چ لەسەر ئاستی شوێندا کۆمەڵێک مەیل و بۆچوونی نوێی بەسەر ئەم نەوەیەدا سەپاندووە. ئەو واقیعەی (توانا ئەمین)یش وەکو هەندێک لە نووسەرانی دیکەی نەوەکەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لە ڕێگەی زمانەوە سیماکانی نیشان دەدات، واقیعێکی گریمانییە، بەڵام وێنە ئۆرگیناڵەکانی لە ناو ئەو واقیعە نوێیەدا هەن، کە وەکو زووتر گوتم بەهۆی نەبوونی، یان لاوازیی ڕەخنەوە، ئەو وێنانە تا ڕادەیەکی زۆر لای نەوەکانی پێشوو شاراوەن، یاخود تەمومژاویین، چونکە پرۆسێسی فانتازیا گومکردن و سڕینەوەی ئێجگارەکیی وێنەکانی واقیع نییە، بەڵکو گۆڕینیانە لە ڕووی قەبارە و شێوە و جۆردا.

تێگەیشتن لە زمان و وێنە بەرهەمهێنراوەکانی ئەم نەوەیە بەندە بە تێگەیشتن لە کۆنتێکستی ئەو زمان و وێنانە لەم هەلومەرجە مێژووییە و لە ناو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەدا، کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بەوەی کۆنتێکستی کولتوور کاریگەریی گەورەی لە پێکهێنانی

کۆدەکانـدا هەیـە و کردنـەوەی ئـەو کۆدانـەش دیسان بەنـدە بـە تێگەیشتن لەو کۆنتێکستە.

بـە مانایـەکی دیکـە، ئەگـەر تایبەتمەنـدیی نـەوەکانی پێشـوو بـە حـوکمی لــەیــەکچوونی کۆنتێکســتی مێژوویــی و جــوگرافی و سۆسـیۆلۆژیی نێوانیـان، کـەم و زۆر لـە یـەکتر دەچـوون، ئـەوا تایبەتمەنـدیی ئـەم نەوەیـە خـاوەنی جیاوازییـەکانی خۆیـەتی.

ئەگـــەر نووســـین پرۆسێســـی نووســـینەوەی یـــادەوەری بێـــت بـەپێی یاسـاکانی نـاوەوەی خـود خـۆی، ئـەوا یـادەوەریی ئـەم نەوەیــە دەکەوێتــە دەرەوەی کــات و شــوێنەوە، بۆیــە داهێنــانی زمانێـــک، کـــە بتوانێـــت گوزارشـــت لـــەم عەدەمـــە بکـــات، زەحمـەتترە لـە هـەموو ئـەو زمانانـەی پێشـوو، کـە کـەم و زۆر دەیـانتوانی بــە پاڵپشــتی ئایــدیۆلۆژیا گوازرشــت لــە واقیعــی خۆیان بکەن.

ڕواری (العفویـــة_Spontaneous)، وەکـــو شـــێوەیەک لـــە شـێوەکانی بەرەنگاربوونـەوەی دەسـەڵاتی کرۆنۆلۆژیـای مێـژوو، یەکێکـە لـە سـیفەتەکـانی بەرهـەمی ئـەم نەوەیـە بەگشـتی و لای (توانـــا ئـــەمین) بەتایبـــەتی، کە خـــۆی بـــە شـــێوازێکی دیـــاریکراوی دەربـــڕین و چەنـــد وێنەیـــەکی چەســـپاوەوە نابەستێتەوە.

ئەگەر هەتا ئێستا ئەم نەوەیە نەیتوانیبێت تێکستی گەورە بەرهەم بهێنێت، ئەوا هۆکارەکەی نەبوونی توانا نییە لای ئەم نەوەیە، بەڵکو ئەو واقیعە توانایەکی گەورەتری لە واقیعەکانی پێش خۆی پێویستە، بۆ گواستنەوەی سیماکانی لە ئاستی جێگیرییەوە بۆ ئاستی جوڵە.

بە مانایەکی دیکە، بۆ گواستنەوەی دەرکەوتەکانی لەسەر ئاستی کات و شوێنی فیزیکییەوە بۆ کات و شوێنی میتافیزیکی. دیارە هەموو هونەرێک بەرهەمی ئەزموونە پێرسۆنالییەکانی نووسەرە لە ناو کات و شوێندا، کە تەوزیفکردنی ئەو ئەزموونە بەندە بە توانای خەیاڵ و دەسەڵاتی زمانەوە.

کێشەی گەورە لە ناو ئەم واقیعە نوێیەدا پێوەندیی نێوان بینین و وێنەیە. لە ناو هەموو واقیعەکانی پێشوودا وێنەکان کەم و زۆر جێگیر و بەشێک بوون لە مرۆڤ خۆی، بەڵام لەم سەردەمە ئێلیکترۆنیکەدا وێنەکان خێرا و بگۆڕن، بە تەواوی لە دەرەوەی مرۆڤدان. ڕووکەشن و دوورن لە قووڵی، چونکە پابەندی پرۆسێسی سوودن و کار لەسەر تەممەڵکردنی خەیاڵ و ئەقڵ دەکەن. پێشتر لە گفتوگۆیەکدا گوتوومە، کە لەم سەردەمە ئێلیکترۆنیکەدا وێنەکان ڕۆڵی دووفاقیانە دەبینن، لە لایەک کار لەسەر ڕوونکردنەوەی

واقیع دەکەن، بەوەی زۆر بە ئاسانی و میکانیکییانە ئەو زۆنە نەزانراوانە چ لە ناو خەیاڵ و چ لە ناو واقیعدا کەشف دەکەن، کە دەبوایە نووسەر لە ڕێگەی زمان و خەیاڵی خۆیەوە پێیان بگات و لە لایەکی دیکە نووسەر دەخەنە بەردەم پەلاو (تحدی_Challenge)ی گەورەترەوە.

بەوەی دەبێت تێکڕای ئەو وێنانە تێپەڕێنێت و وێنەی گەورەتر بەرهەم بهێنێت. هەموو ئەمانە کار لەسەر خێرایی کات دەکەن، کە من پێشتریش گوتوومە خێرایی ئەم سەردەمە چەندین جار لە خێرایی سەردەمەکانی پێشوو زیاترە.

دیارە ئەو خێراییەش لەژێر کاریگەریی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدایە. وەکو (نۆئام چۆمسکی) باوەڕی وایە، (کات)یش بەشێکە لەو واقیعەی کە زمان دەیگوازێتەوە. لێرەوەیە شەڕی ئەم نەوەیە، شەڕێکە لەگەڵ تارماییدا.

PDF 4 KURD

چیرۆکەکان

بەرهەمی پەیجی کتێبی PDF

www.fb.com/PDFkurd

ڕاپۆرتێک لە کوشتاندینا

لەو نامە ساختەیەدا کە ژیانی ڕاستەقینەی نالی دەگێڕێتەوە؛ بەو جۆرەی کە لە (ئیستانبوڵ) عاشقی کەنیزەیەک دەبێ کە عوسمانییەکان لە شەڕی ڕۆمدا گرتوویانە و ئێستا وەک ئیشکەرێک لە قەڵای سێ چێشتلێنەران؛ تاقی حەوت، کار دەکات... لە هاموشۆی نێوان نالی و شاعیرانی فارسدا بۆ دیوان، لە بەرەوژوورکەکەی (لالەلی) چاویان بەیەک دەکەوێت و نالی دڵنیا دەبێت کە ئەمە حەبیبەی ڕاستەقینەی خۆیەتی و بە خێراییش ئەوە بەسەریا دێت؛ کە ئینسان هەمیشە یەکەم و دووەمی شتەکانی لێ تێک دەچێت... لەو دەستنووسە تورکییەدا کە بە خەتی شکستەی فارسی نووسراوە و ئێستا وا لە (مۆزەی ئەسفەهان) و من بەسەریدا دانەویومەتەوە و لە هێڵی چەماوە و کەوانەیی و لاریی نێوان پیتە کاڵەوەبووەکانیدا ڕاماوم و بە ئەستەم خەریکم شەرحەکەی لە حاشییەدا دەخوێنمەوە...

باس لەو عەشقە سەخت و توندەی نالی دەکات بۆ کەنیزەکە و هاتووە کە شەوێکی درەنگ نالی و کچەی ڕۆمی دەستی یەک دەگرن و بۆ هەتاهەتایە کۆشکی سوڵتان جێ دەهێڵن و لە دەریای (مەرمەڕە)وە بۆ جێیەکی نادیار ون دەبن.

ئەگەر (قیرغیزییەکان) ئەمشەو لە مۆسکۆ ئەو چالاکییە تیرۆریستییەیاننەکردبایە، من جارێکی تر لەم سەردابە شێدار و ترسناکەدا دەرگای ئەم باوەڵەم نەدەکردەوە. من لە دڵەوە لەگەڵ خەڵکی ڕووسیا هاوغەمم. ئەوەی کە ڕووداوەکان دەتوانن ڕووداوی تر بەدوای خۆیاندا بێنن. بۆ من شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام ئەوەی کە ڕووداوێک توانای ونکردنی ڕووداوێکی تری هەیە، ئەوە یەک لەو وانە نوێیانە بوو کە لە ئەنجامی تێڕامان لە کوشتن و وێرانکردنەوە پێی گەیشتم.

کابرایەکی قاجاری شاعیری دیوانی سوڵتان نووسیویە:

"ئەمێستا من لە کونجی حەپسخانەوە ئەم پەیغامە سەجل دەکەم و سبحەی سوبح لەگەڵ نوێژی فەجرا بە قەتلی من و دفنم لە جەزیرەی (ئۆسکەدار) لیل ئەبەد ئەم فەهێت و عەیبە میسلی لەکەیەک، لە خۆیان مەسح دەکەن و من لە نائیبی نالییەوە فەوت دەکەم".

هەرچـــی ســـەبارەت بە نـــالیی یەکەم و ڕاستەقینەشـــە، (خــزڕڵڵای شــوعاعی قاجــاری) نووســیویەتی "نــالی لە هــیچ مەکــانێ چــاونەکراوە و تــا یــومی قیــامە مەنفیــیە دەســت بە یەدی مەعشوقەیەوە".

لە مۆزەخــانەی (ســوور) لە (مۆســکۆ) شــەقامی (لێۆفســکی) باڵەخـــانەی ٢١٦ نھـــۆمی ژێـــرزەمین، کچێکـــی کـــاڵ لەوانەی برژانـــگ و پێســـت و کەزێیـــان بە دەرەجەیەکە، دڵـــی بونیـــام سســـت دەکـــا، لە پشـــت مێزێکـــی ئاســـنینی کـــۆنەوە، بە زەردەخەنەی کارمەنـــدێکەوە کە پیشـــەییانە دەیەوێـــت دڵـــی میوانەکـــانی ڕابگرێـــت، پێشـــوازیی لێکـــردم. بە ڕووســـییەکی شـکاوی تـێکەڵ لە ئینگلیـزی، خـۆم ناسـاند و وتـم بەڵگەنـامە هەواڵگرییەکـــانی کۆتـــایی ســـەدەی نـــۆزدەم ســـەبارەت بە دەوڵەتـــی عوســـمانی لە ویلایەتـــی ئیســـتانبوڵ دەوێـــت، بـــۆ ســـاتێک بـــرۆی هێنـــایەیەک. دیـــار بـــوو عەیـــامێکی درێـــژ بـــوو کەس لە بەشـــێکی ئـــاوا پرســـیاری نەکردبـــوو، دوایـــی وەک ئەوەی شـــتێکی بیـــر کەوتبێـــتەوە، برۆکـــانی هاویشـــتە ئاســـمان و سەرێکی بادا و گوتی:

"چاکی ماڵکۆ (کەمێک بوەستە)".

"دا ئز چاکم (بەڵێ وەستاوم)"".

ئەو لە نـــاو ڕەفە دێـــرین و درێژەکانـــدا و مـــن لە بیـــری ئەم دەستنووســـەدا ون بـــووم، کە ئێســـتا وا لە بـــاخەڵی چەپمـــدا و نەمـدەزانی تـا ئەمـڕۆ، ئـاوا سـیحریانە و مینـا سـێبەرێک ژیـانی من بەدوای خۆیدا کێش دەکات.

باشچاوشـــێکی مەلـــول و ژولیـــدە لە حەپســـخانەی تـــایبەتی سـولْتانەوە کە دەکەوێـتە پشـت یەکێـک لە ئەمبـارە گەورەکـانی گەنـــمەوە لە خـــواروی (بـــاغچەلی)یەوە کە ئەوســـا پێیـــان دەگـوت (بیئۆغلـۆ)، سـەعات سـێ و چـواردە دەقـیقە بە کـاتی عەرەبـی نـامەکە لە نـالی وەردەگرێـت و بـێ بەرامـبەر وەک هەر سەرکێشـــییەک کە بەســـەر هەریەکەمانـــدا دێـــت و لەوە دەچـێ نرخەکەشـی بە ژیـانی خۆمـان تەواو ببـێ، نـامەکە دەگەیـەنێتە سـەر سـنووری خـاکی عارەبـان. باشـچاوش بە دنیـابینیی خـۆی و لەپێنـاو گەیانـدنی نـامەکە بە جێـی مەبەسـت، ڕاسـتەوخۆ بـۆ ئێرانـــی نـــانێرێ، بەڵکـــو بە تەکنیکێکـــی ســـەربازی کە ئەفســـەرێکی ســـاڵخوردە دایڕشـــتبێ، بڕیـــار دەدات ڕێگەیەکـــی دوور و تـــوولانی (بەڵام سـەلامەت)ی پـێ ببڕێـت... بەم جـۆرە لە دووی ڕەبیعـی یەکەمـی ١٢٩٣ی کۆچیـدا و پـاش سـێ مانـگ و یـانزە ڕۆژ لە مرانـدنی نـالی دووهەم، بە ڕێگـەی (شـام)دا نامەکە دەگەیەنێتە سەرسنووری (میسر).

بەیـــازی زەردی کـــۆنە دەفـــتـەر لازم بە هەژدە شـــەوی تــر ئینتیـــزار دەکـات تــا دەگـــاتە دەســت (پەروێـــزی ئەکـــبەری)، عالی جەنابی نوێنەرایەتیی شای قاجار لە میسر.

کە لیســتی نــاوی بەڵگەنامەکــانی بــۆ هێنــام، بە هەردوو زمــانی ڕووســـی و ئینگلیـــزی لە خشـــتەیەکی سێســـتوونیدا نـــاوی ڕاپـــۆرت و ڕاپۆرتنووســـەکەی و مێـــژووی ناردنەکانیـــانی تێـــدا تۆمـــار کرابـــوو. بەوەدا مـــن نـــاوی ڕاپۆرتنووســـەکەم نەدەزانـــی و لەو مێژووەشـــــدا کە بەرامـــــبەرە بە ١٧٨٦ی زاینــــــی، چــــوون ئیمپراتــــــۆریەتی عوســـــمانی وەک قەڵتاغێـــــک لەســــــەر تەختەڕەقێـــک گیـــانی دەدا، قەڵـــــەمڕەوەکەی تـــژی ببـــوو لە جاســـوس و خەبەرلەر و ئەو بیانییـــانەی هەواڵگرییـــانە کاریـــان بـــۆ بەرژەوەنـــدیی وڵاتەکـــانی دراوســـێ دەکـــرد. ئەمە دیســـان دۆزیـــنەوەی نـــامەی مەبەســـتی لەو مێـــژووەدا بـــۆ مـــن دژوارتـــر دەکـــرد، ناچـــار بە نـــاوی ڕاپۆرتەکانـــدا ڕۆیشـــتم تـــا گەیشـــتمە ســـەر ئەم ناونیشـــانە: (ڕاپـــۆرت_دەقـــی نـــامەی نـــالی، شـــاعیری فـــارس. لە کوشـــتاندینا ٣_٤_١٧٨٦) زانـــیم ئەوە ئەو شـــتەیە کە مـــن بەدوایـــدا دەگەڕێـــم، وتـــم ئەم نـــامەیەم دەوێ... ئەو ســـەیری دەکـــردم و مـــن هێکڕاهێکـــڕا دەمگـــوت ئەم نـــامەیەم دەوێ... ئەم نامەیە...

PDF 4 KURD

ئاغـــای (ئەکـــبەری) شـــابەندەری ئێـــران، نـــامەکە وەک گەوهەرێـــک دەبینێـــت و مەراقـــی ئەوەی نە خـــۆی تـــورکی دەزانێـــت و نە کەســـە نزیکەکانیشـــی و لە ترســـی ئەوەی نەبـادا نهێنیـــیەکە درزە بکـــات و بگـــاتەوە بە تورکـــان، لە کەس ڕانابینێـت بـۆ وەرگێڕانـی نـامەکە بانگهێشـتی بکـات... هەر زوو بە قاسـیدێکدا ڕەوانەی شـای دەکـات لە (تەبرێـز). دوای سـێ شـەو لە دەرچـوونی نـامەکە لە میسـر، شـابەندەری ئێـران لەوپەڕی سـەلامەتیدا و لە کەیفوسـەفای سـەر (نیـل)دا بە دیـار ئەو خـانمە ئەسمەرانەی هـیچ شتێک لە دنیـا نـازانن جگـە لە سـمتبادان و وا ئەو هـونەرە گەورەیەشـیان نیشـانی پەروێـز دەدەن، شەوێک دڵی بەهێزی دەوەستێت و دەمرێت.

ئەو ڕۆژانەی ئەمـــانە ڕوو دەدەن، تـــورکی باشـــچاوش لەو کـارەی زۆر پەشـیمان دەبێـت و هەسـتی خیـانەت لە دیـن و ئەرک و هاودینەکـانی ڕای دەکێشـێتە سـوچی گۆشـەگیری و جـگە لە گریـان و سـوجدەبردن، سـوکنایی بە هـیچ نـایەت... تـا سـەعات چـوار و سـێ و یەک دەقـیقەی عەسـرێک لە مزگەوتـی (قەدی بایەزیـد) پیاوچـاکێکی ڕێبـوار پێشـنیازی بـۆ دەکات کە:

www.fb.com/PDFkurd

"بونیامی زەعیف بۆ تەسکینیی ڕۆحی عاسی، هیچ لەوە بۆی دەرمانتر نییە قسەی دڵی خۆی بکات و دان بە گوناهیدا بنێ".

پاش قەیرێ، بێسرەوتی ئێمە لەسەر دەستی ئەم خواناسە دان بە تاوانەکەیدا دەنێت و هەمان شەوی ئەو عەسرە ئەم چاوشە کەسیرەیە لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە ماڵەکەی خۆیدا بە چەقۆ دەکوژرێت.
شەوهایەکی زۆر من شەرابم خواردەوە و لە پیتی پێچەوانە و سەرهەڵگەڕاوی ئەم نامەیە ڕامام... ڕۆژگارێکی درێژیش لە بەرامبەر فەرهەنگە قەبەکانی زمانی ڕووسیدا دانیشتم و هەوڵی وەرگێڕانی ئەم نامەیەم دا، کە دەتوانێت بەشێکی گەورەی نهێنیی هەڵهاتنەکانی (نالی)مان بۆ ئاشکرا بکات... ئەوەی لەو وەرگێڕانە حەرفییانەدا پێی گەیشتم، ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نەبوو جگە لەوەی دواجار حاڵی بووم کە ئەم نامەیە لە نالییەوە بۆ ژنێک نووسراوە.
ئێستا کە دووسەد و سیوچوار ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوانەدا تێدەپەڕێت و من لە نێوان ڕووس و ئێران و تورانا بەدوای بەشی جێماوی ئەم چیرۆکەدا دەگەڕێم، هیچ سەرەداوێکم لەسەر ناوی ئەو پیاوچاکە دەست ناکەوێت... ئەوەندەی

PDF 4 KURD

دەیزانم، بەپێی فەرمانێکی ڕەسمیی سوڵتان، دەفتەرداری دەروازەکانی (قوستەنتینە) و سەرجەمی تەکیە و خانەقاکانی، دەبێت ناوی هەموو میوانێکی بیانی لای خۆیان تۆمار بکەن، بەڵام ئەو ڕۆژانەی ئەم یەکتربینینەی باشچاوش و خواناسە نەناسراوەکەی تێدا ڕوو دەدات، سوڵتان لە حەج دەبێت و بەم جۆرەش هیچ میوانێکی تایبەت ڕوو لە دیوان ناکات... دوای سۆراغێکی زۆر لە دەفتەری هۆتێل (قاغێ) لە دامێنی (ئەیاسۆفیا)، بینیم لە تەنیشت ناوێکەوە کە کوژاوەتەوە و ناخوێنرێتەوە، بەبێ گرنگیپێدان و تەنها وەک تێبینییەک نووسراوە "ئەم ئەغیارە موساییە".

چەند ڕۆژێک دواتر سوڵتان ڕێوڕەسمی حەج لە نیگەرانییەکی زۆر و خێراییەکی چاوەڕواننەکراودا تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە ئیستانبوڵ. لەو ماوەیەدا کوژرانی پاسەوانێکی حەپسخانە نهێنییەکانی سوڵتان، وا دەکات دەوڵەت بکەوێتە خۆی و لە هەموو سنووری قەڵەمڕەوی لەگەڵ خاکی فارس و ڕووس و ڕۆمدا بکات بە خەبەرلەر و سیخوڕ و چاو و گوێ..

(ناسرەدین سالاردەولە) لە کتێبە مێژووییەکەیدا؛ (هەڵهاتن لە گورگەزێ) بە درێژی وەسفی ئەو شەڕە خوێناوییە

دەکات، کە لە کوتایی سەفەرەکەیاندا، ئێوارەیەکی پایز لە نێوان پەیک و دەستەی پارێزگارییەکەی لەگەڵ چەند فەسیلێک لە چەکدارانی پیادەی عوسمانی لە بۆسەیەکدا لە خوارووی (دیوانییە) ڕوو دەدات و تێیدا هەشتا کەس لە پیادەکانی عوسمان دەکوژرێن و چوار تفەنگبەدەستیش لە خێڵی قاسید "ڕۆحی بەرزیان بە ئێوە عەتا دەفەرموون".

وەک سالاردەولە لە وەسفە شیعرییەکەیدا نووسیویەتی: "ئەو غروبە هەوری چڵکنی پایز... نمنم لە جێی باران خوێن دەبارێنێت".

سەفەری دووری من و وێڵیم بە شارانەوە وای کرد بیرۆکەی گەڕانەوە و ساغکردنەوەی ئەم نامەیە بێنمەوە بۆ وڵات و ئەم گرێ قورسەی سەر دڵم لە لای جەنابی پرۆفیسۆر بکەمەوە. ئەو شەوەی بە تەلەفۆن قسەمان کرد و دوای خۆناساندنێکی کورتی من و ڕوونکردنەوەیەکی سەرپێیی مەبەستەکەم، لەودیو هێڵی تەلەفۆنەوە لە ناو غەڵبەغەڵبی میوانەکانیدا بە زارێکی شیرینەوە گوتی "سبەینێ لە هۆڵی کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی یەک دەبینین و نامەکە وەردەگێڕین". سەعات هەشتی بەیانیی ڕۆژی دواتر تاقە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی شار بە خەتێکی درشت ئەمەی لە مانشێتیدا نووسیبوو: "ئەمشەو لە کارەساتێکی ئۆتومبێلدا

پرۆفیسۆر (عەبدولڕەحمانی حاجی مارف) گیانی سپارد.
ئیتر من زانیم ئەم نامەیەی لای من، شتێک لە تەلیسم و شتێک لە نەفرەتی لە خۆیدا هەڵگرتوە... هەر ئەم ترسەش وای کرد سێساڵی تر نامەکە لە باوەڵێکی کۆندا بپارێزم و نەچمەوە سەری.

(میرزا جەلالی مەمالیک) میرزای (حیسامەدینلمولکی کوڕی فاتح عەلی شای قاجار) لە یاداشتەکانیدا دەڵێت عەسرێکی درەنگ پەیک گەیشتووەتە تەبرێز و لە خانی بەردەم کۆشکدا و بەرلەوەی بە خزمەتی شا شەرەفیاب بگات، لە پەلەپەلێکدا لە ئەسپەکەی کەوتووەتە خوارەوە و بەرلەوەی فریای خەڵات و بەراتی شا بکەوێت، مردوە. میرزا مەمالیک نووسیویەتی "لە دیوان شا بە دەستی موبارەکی خۆی مۆری سەر زەرفەکەی شکاند و فەرمووی جەلال بخوێنە. پەیغامەکەم لە دەستی موبارەکی وەرگرت و ڕوانیم وەک پیرێکی ساڵخوردە نامەکە گیان دەدا، بەنی ئادەم وەهای ئیحساس دەکرد ئەگەر ئێستا فریای خۆندنەوەی نەکەوێ حیبری تاڵ و تاری چوون ڕۆحێکی پەژموورده، لە بەیازەکە هیجر دەکا و دەچێت بۆ ئاسمان".

میرزا جەلال دوای وەسفێکی زیادە و پێوەنراوی ساتی وەرگرتنی نامەکە کە هەژدە لاپەڕەی یاداشتەکانی پێ ڕەش

PDF 4 KURD

کردۆتەوە، دەڵێت ئەم بەیتە شیعرە سەردێڕی نامەکە بوە:
"نفس ساعت گیپی ایشرسە گر یاد ایلە تاعتدر؟ بر انک قورمەسی پیریولونە احیا ساعتدر". کە لە موزەکەراتی مەمالیکدا گەیشتمە ئێرە، ئێستێکم کرد و چوومەوە سەر دیوانی نالی چاپی ۱۹۲۳ی (عەلی موقەبیل)، هەموو دیوانەکەم شەنوکەو کرد، ئەم بەیتەم تیا نەدی.
دواتر لە چاپی ۱۹۷۹ی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)دا دیتم خۆیەتی هەمان بەیتە و لە پەراوێزیدا ئاماژەی داوە کە لە نووسخەی دەستنووسی (حاجی ئەحمەدی توریەیی) ناوێکەوە وەری گرتوە... ئەو زەمانە (مەلا شکور)یان وەک تورکیزانێکی بلیمەت تەکلیف کردبوو بۆ لێکدانەوەی بەیتەکە، بەڵام بە داخەوە مەلا شکور بۆ ئەوە ناچێ کە ئەم بەیتە تاقانەیە هی نالی نییە و چوون لە زیندانیشەوە نووسراوە و لە ترسی بەردەستکەوتن و ئاشکرابوونی، نووسەرەکەی هێندە فامیدا بووە، کە بزانێت پیتەکانی بەیتەکە و تەواوی نامەکەش بە پێچەوانەوە و لە چەپەوە بۆ ڕاست بنووسێت و بەم جۆرەیش بۆ پەیپێبردن و تێگەیشتنی جگە لە خوێندنەوەی لە ئاوێنەدا، هەر هەوڵێکی تر بۆ سەرلێدەرکردنی سەرلێتێکچوونە.

هەر ئەم ڕۆژانە چاوە کەمتینەکانی عوسمانی توانای دیتنەوەی ئەغیارە جووەکەیان دەبێت و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆری کە سووکترینیان ئەوە دەبێت بە خەنجەر پوزی قاژ بکەن و پڕی بکەن لە خوێ و توند شەکەتی دەن، سەحەری ڕۆژی دووشەممەی ٢ی٥ی١٧٨٦ دان دەنێت بەوەی سیخوڕی ڕووسە و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە دەقی ئەسڵیی نامەکەی لە باشچاوشێک وەرگرتووە و وەری گێڕاوە و ناردوویەتی بۆ (پیترسپۆرگ)...

(من لێرەدا ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە ئەو نامەیەی بۆ ئێران چووە، جگە لە نووسخەیەکی لەبەر نووسراوەی نامە ڕاستەقینەکە بە دەستکارییەوە هیچی تر نەبووە.) دوای ئەم دانپێدانانە سەعات دە و چلوسێ دەقیقەی بەیانی بە کاتی عەرەبی لە مەیدانی (تۆپخانە) بە بەرچاوی دانیشتوانی ئیستانبوڵەوە سیخوڕەکە بە شمشێر دەکرێت بە دوو لەتەوە.

ئەمشەو کە لە هەواڵەکاندا پەلامارێکی تیرۆریستی کەمینە قیرغیزییەکانم بۆ سەر مۆزەخانەی سوور لە مۆسکۆ دی، تەنیا من زانیم ئێمە کلیلێکمان تێیدا فەوتا، کە دەتوانێت کۆدی ونبونی نالی بکاتەوە.... سووتاندنی مۆزەخانەکە وای کرد جارێکی تر سەری باوڵەکەم بکەمەوە... بۆ

تێگەیشــــتنیش لەو نهێنیـــیە گەورەیە جــگە لە (مامۆســـتا خەزنەدار) کە لە شـــارێکی ١٥٠ کیلـــۆمەتری تەنیشـــت شـارەکەی مـنەوە دەژی، کەسـی دیـکەم پـێ شـک نـایە. ئێسـتا کە مـن ئەو چیـرۆکە بـۆ ئێـوە دەنووسـمەوە، کـاغەزێکی زەرد وا لە بـاخەڵی چەپمـدا و بە ڕێگـەوەم بـۆ ئەو شـارە، ئومێـد دەکەم تـا مـن دەیگەمـێ مامۆسـتا سـەلامەت بـێ... کـێ دەزانێـت چیرۆکێکـی تـر لە نـاو نـامەکەدا چـاوەڕێی ئـێمە ناکات.!

٢٠١٠

کوشـتاندینا: نـاوی دووەمـی شـاری قوسـتەنتینە (ئیسـتانبوڵی ئێسـتایە) بە زمـانی عیبری.

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

کچی ناو تابلۆکە

که له بەیانییەکی ساردی ناو چواردیواردا جێی هێشتم، بێباک پێی وتم: "ئەوا من ڕۆیشتم... تۆش هەوڵ بدە بەرگەی ئەم ئازارە بگریت." هیچی تری نەوت، ئەو قسەیەی تەواو لە ئامۆژگاریی ئەو جەلادە دەچوو، دوای ئەوەی گوللەیەکی ناوەتە کەللەی قوربانییەکەیەوە، دەست بنێتە ژێر سەری و بە سۆزەوە پێی بڵێت: "هاوڕێ، هەوڵ بدە بەرگەی ئەم ئازارە بگریت." ڕۆیشت... خۆی و تیسکۆت و پرگال و ڕاستەکانی ئەو بەیانییە ڕۆیشتن و نەمبینینەوە.

من نازانم ئەو ژنەم چۆن ناسیوە؟ یان بیرم چووەتەوە، یان نامەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە... نازانم؟ وەلێ دڵنیام لەسەر داوای ئەو هەر لە بەیانییەکدا بووینە ژن و مێرد. ماڵەکەمان تەنها یەک قاتی شێوە لاتەریب بوو، دەرگاکەمان لەسەر ڕووی ستوونی بە دوو بەش دەکرایەوە، پێنج ژوورمان هەبوو، پەنجەرەی ژووری چێشتخانە حەوت تەبەق بوو.

هەر جارێک لە چاوەڕوانیی پێگەیشتنی خواردنێک، یان لە هێنانی پەرداخێکدا، یان لە شۆردنی چەقۆیەکدا لەوێ بمایەتەوە، خێرا دەکەوتە دابەشکردنی پەنجەرەکە، جارێک بەسەر یەک و جارێک بەسەر سێ و جارێک بەسەر خۆیدا...

ڕۆژێک لە هێنانی کەوچکێکدا، چەند سەعاتێکی پێچوو. وەختێک هاتەوە، من دەمێک بوو خواردنەکەم تەواو کردبوو... هێندە پەست بوو، کاکیلەکانی دەرتۆقیبوون، ناوچەوانی گرژو چاوەکانی بچووک ببوونەوە، پێی وتم دەبێت پەنجەرەکە بگۆڕم: "ژمارە حەوت لە ژمارەناسیدا، ژمارەیەکی ڕۆمانسییە... من نامەوێت خەیاڵ لەمماڵەدا هەبێت".

چەند جارێکی زۆر کەم نەبێت، من هێندە لەو تابلۆیەم نەڕوانیبوو، کە لە پشت تەلەفزیۆنەکەی ژووری میوانەوە هەڵیواسیبوو؛ پۆرتریتی خەیاڵیی کچێکی سپیکەلە، کە کەمێک چاوی ڕاستی لە چاوی چەپی بچووکتر بوو، لوتێکی قنج و ڕێک و لێوێکی گۆشتنی تەڕ بە چەناگەیەکی نەرمەوە، ئەویش بۆ گەردنێکی بەفراوی شۆڕ ببوەوە، هەموو پۆرتریتەکەش ڕژابووە ناو ئێوارەی دەریایەکەوە، کە لە تەنیشتییەوە کوڕ و کچێک لە بەلەمێکدا دانیشتبوون و لەو وێنەیەیان دەڕوانی.

ئەو خۆشــــیی لەم جــۆرە تابلۆیـــانە نەدەهـــات. هــۆی هەڵواسینەکەشــی دەگەڕانــدەوە بــۆ ئەوەی کە دیــاریی کــوڕێکی هاوپۆلییەتی و پێکەوە بەشی ماتماتیکیان تەواو کردبوو.

مــن لەو ئەو مــاڵە ماتمــاتیکییەدا ســەرم گێــژی دەخــوارد، ســەرچەفی ســەر سیســەمی نووســتنەکەمان پــڕ بــوو لە سێگۆشــەـ، کە دەم دا بە خۆمــدا، یەک یەک گۆشــەکانیان هەڵــدەچەقینە گیــانم. کەم بەیــانی هەبــوو خــوێنی ئەو لــوتە گۆشــانە نەشــۆم، کە سێگۆشــەکانی شــەوێ کردبوویــانە گیــانمەوە. فەرشــێکی ئێرانــی لە هــۆڵەکەدا ڕاخرابــوو، وێــنەی هێڵێکــی ڕاســتی تیــابوو، کە دەتــوت وەســتایەکی قاجــاری بەدیلگیــراو، لە داخــدا ئەو هــێڵە بێئیشــەی وا ڕاســت کێشــابوو.

ئەو بەردەوام دەیــوت: "دەبێــت ئاگامــان لەو ڕاســتەهێڵە بێــت، پێــی پیا نەنێین، نەکا خــوار ببێــت". منــیش قاقــا پێــدەکەنیم و دەمــوت: "مەترســە... کــوا پێــی مــن ڕاســتەهێڵی ئەم مــاڵەی بــۆ خوار دەکرێت؟".

مــن ئێســتاش قێــزم لە ســێکس دێــتەوە، شــەرم دەکەم کە دەڵــێم تەنــانەت جــووڵەی سێکسییشــمان بە ژمــارە و تەکنیکییشــمان بە هێمــا بــوو... لە گەرمەی سێکســەکاندا پێــی دەوتــم: "ئەهــا ژمارەکــان چەنــد لێمــانەوە نــزیکن، بــڕوانە ئێســتا

من و تۆ چەند لە یەکگرتنی دوو ژمارەی ناو کۆمەڵەیەک دەچین".

ڕاستییەکەی من و ئەو لەو حاڵەدا، لە یەکتربڕینی دوو ژمارەی سەر بە دوو کۆمەڵەی زۆر جیاواز دەچووین!

کاشییەکانی حەوشەکەمان، ڕێک بە وەرەقەی خەتبەیانی دەچوو. بەیانییەکیان من لە سەربان بووم، ئەو لە خوارەوە سەرقاڵی شۆردنی حەوشەکە بوو. بینیم لەپڕ ماسیحەکەی دەستی فڕێ دا و سۆندەکەش بەسەریدا، ڕێکەوت بە شێوەی (کۆ) کەوتنە سەر یەکتر، من لە سەرەوە لەو وێنە هیچەم دەڕوانی و ئەو لە خوارەوە شاگەشکە ببوو، دەیوت: "هەموو شتێک لەم ماڵەدا، بیرکارییە و تەنها ڕژێمیش، ڕژێمی پۆتانە".

ئێستا هەست دەکەم وردەوردە خۆشەویستیم دەچێتە سەر تابلۆکە. ئەویش گومان لە هەموو شتێک دەکات... کەمتر لە جاران ڕێگەم دەدات بچمە ژووری میوان... من هێشتا ئەو پرسیارەم لە خۆم نەکردوە: من بۆ ئەوەندە پیاوێکی باغە بووم، کە ئەو بە ویستی خۆی دەیجووڵاندم؟ نازانم!

ماوەیەک کتێبی هاوڕێیەکیم لابوو، باسی لە پەیوەندیی نێوان بیرکاری و فەلسەفە دەکرد، بەزەحمەت چەند لاپەڕەیەکیم خوێندەوە، ڕقم لەو کتێبەش بوو، دوایی

PDF 4 KURD

تێگەیشتم لەوانەیە بیرکردنەوە لە ژیانیش، وەکو بیرکردنەوە لەو ماتماتیکە هیچە وابێت، کە ژنەکەی من عاشقیەتی.

خودایە چ بوونەوەرێکی سەیر بوو ئەو ژنە! یەکبەیەک کاسێتی مۆسیقاکانی شۆپانی شکاندم، پێی وتم: "شەوانە بۆ ئەوەی بچیتە خەوێکی قووڵ و ئارامەوە، پێویستە هاوکێشەیەک شیکار بکەیت". ئەو خۆی هەموو شەوێک وای دەکرد.

من ڕۆژێک لە ڕۆژان نارەزاییم لەو حاڵە دەربڕی، هەرگیز پێم نەوت ڕقم لە بیرکارییە. ئەگەر بە ئەمانەتەوە شتەکان بگێڕمەوە، دەبێت ئەوە بڵێم؛ بە هەموو ئەو سەرئێشانەشەوەکە بۆی دروست کردبووم، هێشتا من ژنەکەی خۆمم خۆش دەویست... لێ ئەو باوەڕی بە خۆشەویستی نەدەهێنا، هەر لە یەکەم ساتی یەکترناسینمانەوە پێی وتم: "ئێمە پێویستمان بە یەکتر هەیە". من لە نێوان عەشق و پێویستیدا پەرت و ون ببووم. دەیوت: "من دراوم و تۆ داواکراو... بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە گەردوونییە تەواو بکەین، ئێمە زۆرمان پێویست بە یەکترە".

ژیانی ئەو جارێکی تر ڕۆژێکی ڕەشی وەک ئەو ڕۆژەی تێنایەتەوە، کە ژنومێردێکی هاوڕێم بۆ نانخواردن بانگهێشت کردبوو... وەختێک پیاوەکە چوە سەر دەستشۆرەکە و

لەبری ئاوێنە، بازنەیەکی خاڵیی بینی، هاواری کرد: "ئەرێ ئەمە ماڵی ئەنیشتاینە یان قوتابخانەکەی فیساگۆرس؟".

ژنەکەم خۆی خواردەوە، دەمزانی هەر کاتێکی تر بێت، ئەمە بە من دەرێژێت، هیچی نەوت... ژنی هاوڕێکەم سکی پڕ بوو، داوایان لە ئێمە کرد ناوێک بۆ ئەو منداڵەیان پێشنیار بکەین، کە چاوەڕێ دەکەن لە سەرەتای ئەم پاییزەدا لەدایک ببێت... من وتم ناوی بنێن (ڕامان)، ڕووی دەمیان کردە ژنەکەم، ئەویش چاوی لەسەر خوێدانە لوولەبیەکەی سەر سفرەکە قەتیس کرد و وتی "ئەگەر کچ بوو..." ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان مێینەیی خۆی لە بیر نەدەچووەوە، بۆیە ئەگەرێکیشی خستە ناو قسەکانی تا پێمان بڵێت جیاواز لەم ئەگەرە، ئەگەرێکی تر هەیە، کە ئەگەری کوڕ یان ئەگەری کۆمەڵەی فایە. من دەمزانی ئێستا ئەم ڕستانە بە ناو زەینیدا دێن و دەچن... سەری هەڵبڕی و وتی: "ئەگەر کچ بوو ناوی بنێن (ئێکس)...".

نەیانهێشت تەواوی بکات، کەوتنە پێکەنین، پیاوەکە بە لاقرتێیەکەوە وتی: "ئەگەر کوڕ بوو ناوی دەنێین (وای)".

ژنەکەم بەمە دەهری بوو، وەخت بوو هەردوو ڕەشێنەی چاوی لە کالانە بترازێت و بێنە دەرێ. زانیم تازە

هاوسەنگیی مێزەکە تێک چوو، ئەوەش من نیم ئەوەندە کارابم، بتوانم ئەو هاوسەنگییە بهێنمەوە.

ئەو هەستا و قیژاندی، مێز و کورسییەکان لەرینەوە، پەردەکانی گوێم تەقلی ئەو لەرینەوەیە ببوون، پێی وتن: "ئێوە بەم داواکراوە سەلمانتان کە بێئەدەبترین میوانن، خێرا لە ناو ئەم کەوانەیە بڕۆنە دەرەوە". ئەو وەختێک کە دوو وشەی کۆتایی دەوت، ئاماژەی بۆ دەرگای حەوشەکە دەکرد.

تابلۆکەم زۆر خۆش دەوێت... ئەویش ئەمەی باش دەزانی. خۆشەویستیم بۆ تابلۆکە وەک ئەو دەیوت: "لەوانەیە هاوسەنگیی ماڵەکە تێک بدات". ڕاستییەکەشی تێکی دا... شەوی ڕووداوەکە، ئەو زۆر ماندوو بوو، تەنانەت بیری چوو ماچی پێش نووستنیشم بکات، لە تەنیشتمەوە خەوی لێکەوت. بە تیلەی چاو سەیرم کرد، لەژێر ڕووناکیی کزی گڵۆپە سەوزەکەدا، بە ژمارە (یەک) دەچوو، درێژ بووبێت... من خەوم لێنەدەکەوت، لەوانەیە عەشقی تابلۆکە نەیهێشتبێت چاوم بچێتە خەو. ئای کە بیرم لەو تابلۆیە دەکردەوە، گوێم لە هەنسکێک بوو کچێک بە عەزرەتەوە هەڵی دەدا. پەتی گرێخواردوی خەیاڵی پچڕاندم، دەنگەکە ڕاستەقینە بوو، لە ژووری میوانەوە دەچوە سەر هۆڵەکە و

لە دەرگــای ئەمــدیویەوە بە دزیــیەوە خــۆی دەکــرد بەژێــر دەرگای ژوورەکەی ئێمەدا.

ورتەم لە خـۆم بـڕی، چـون مامزێـک کە چـاوی بە شـکارەکەی دەکەوێـت و سـرتە لە خـۆی دەبڕێـت، ئـاوا بێـدەنگ بە تاسـانێک تـێکەڵ بە حەپەسـان و حەجمیـنەوە خـۆم ڕاگـرت.

دەنـگەکە زیـاتر و بەکـوڵتر بـوو، بـوو بە گریـان... ئەو ئاگـای لە هـیچ نەبـوو، گریـانەکە خـوڕتر بـوو، لە جـێگەکەم هـاتمە دەرەوە و بەدەم دەنگـــی گریـــانەکەوە ڕۆیشـــتم، خـــۆم لەو زەمهەریرەی ژووری میواندا بۆ نەدەبینرا.

لەو کـاتەوەی دەرگـای ژوورەکەم کردبـوەوە، گریـانەکە بێـدەنگ ببـــوو، وەک ئەوەی مەمکێکـــی پـــڕ لە شـــیرت نـــابێتە زاری سـاوایەک و ئەویـش بـۆ سـاتێک ژێـر بـووبێتەوە. گڵۆپەکـانم هەڵکـرد، چوارچێـوەی تـابلۆکە ئێجگـار تەڕ بـوو؛ دڵۆپدڵـۆپ فرمێسـک بە هێمنـی چوارچێوەکەیـان دەبـڕی و لە سـوچێکەوە دەکەوتـنە خـوارێ. دەنگـی هەناسـەیەکی سـارد ڕای چڵەکانـدم، ئـاورم دایەوە، ئەو بـوو. دەسـتێکی نـابوە سـەر کێلـونی دەرگـــاکە و دەستێکیشـــی بە ســـەریەوە بـــوو، بەو جلـــی خەوانەوە، لە فریشـــتەیەکی بێـــزار دەچـــوو، وتـــی: "زۆر چـــاکە، لە بەیـانییەوە یـان تـۆ یـان ئەم تـابلۆیە، یەکێکتـان لەم مـاڵەدا دەبن".

PDF 4 KURD

ئەو شـــەوە هیچمـــان نەخەوتـــین، مـــن دەگریـــام و ئەویـــش بێـــدەنگ. بەیـــانی زوو هەمـــوو شـــتەکانی نـــابووە ئەو جانتـــا لاکێشەییەی کە ڕۆژی جلهەڵگرتن بۆم کڕیبوو.

ڕاســـتە و سێگۆشـــە و گۆشـــەپێوەکەی گرتبـــوو بە دەســـتییەوە، ڕســـتە نەفـــرەتییەکەی خـــۆی گـــوت، ڕســـتەیەک کە ئەو بـــاش دەیزانـــی، کە بەو دوایەمـــین ڕســـتەیەی، شـــتێکی ئێجگـــار گەورە لای مـــن جـــێ دەهێڵێـــت... ئیـــدی لەگەڵ شـــتەکانیدا ڕۆیشـــت و نەمبینیـــیەوە. گێـــل بـــووم، شـــەوی دواتـــر بە تەنیـــا گـــوێم هەڵخســـتبوو بـــۆ گریـــانی تـــابلۆکە، چ بێـــدەنگییەک ئەو مـــاڵە (ماڵی ژمارەکان)ی خنکاند.

دەزانـــم تـــابلۆکە لە جـــاران غەمگینتـــرە... لە جـــاران زیـــاتر دەگـــری، بەڵام مـــن ئەو دەنـــگە نابیســـتم. تـــابلۆکە لە نـــاو جانتـــاکەی ئەودا، گریـــانی ناگـــاتە مـــن. مـــن لەو شـــەوەوە ژمارەکـــان دەمکـــوژن، نە کەســـێک هەیە کۆیـــان بکـــاتەوە و نە تابلۆیەکیش لەو ماڵەدا هەیە، تا بەسەر یەکتردا بگرین.

٢٠٠٣

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

خۆکوشتن لەسەر باڵی فلامینگۆ

گوێزانێـک وا لە سـەرمدا... هەر ڕاچڵەکـێم، شـوێنێکی خـۆم بڕیـوە... ئەم گـوێزانە خـۆم دروسـتم کـردوە... شـەوێک نەنووسـتوویت و بەیـانی لە مێشـکتدا هەڵتۆقیبێـت... تـا ٢٩ سـاڵی ڕەبەقە مـن خەریکـی دروسـتکردنی ئەم نەشـتەرەم... بیـرم کـردەوە؛ هەنـدێک تەلـی تێڕامـانی زیـادەڕەوم بپچـڕێنم، ئیدی ئەم گوێزانەم لە مێشکی خۆمدا دروست کرد.

کەسـێک بە قادرمەکانـدا سەنگین‌سـەنگین، تەپتەپ دێـتە خـوارێ و مـن هـاوڕێتمی ئەو لە خـوارەوە؛ هێواش‌هێـواش بـۆ سـەرەوە دەفـڕم. دەزانـم دێـن قفـڵەکەم دەکەنەوە، یـان ڕاسـتتر قفڵـم دەکەن، ئـاخر مـن تـا ئێسـتا دەسـتوپێم نەبەسـترابووەوە، تەنیـا قفڵـی ڕوو لە دیـوار بـووم. هەمیشـە کە دێـن، مـن خـۆم بە دۆزیـنەوەی مانـای ئەو میتـافۆرەوە دەخلافێـنم، کە بەڕاست ئەوان لە هاتنیاندا دەمکەنەوە، یان قفڵم دەکەن؟

فەرمانـت پێـدەدەن ڕوویـان تـێ بکەیـت، هەردوو دەسـتت پـێکەوە جـووت دەکەن و تاڵێـک نـایلۆنی ڕەشـی گرنجگرنجـی

PDF 4 KURD

تێهەڵدەکێشن و بە ڕاکێشانێک، دەستت قفڵ دەبێت. وەلێ خەیاڵت ئاسوودە بکە، خۆت کراویتەتەوە. ئەم کەلەپچە ئەمریکییانە، لە کەلەپچە ئاسنەکان سووکترن، بەڵام لەوانیش مەحکەم و پێوەندترن... هەر لەخۆوە بیرت دەکەوێتەوە مرۆڤ چەند لە ئامراز و هۆکاری دەستبەسەرداگرتندا کارامە و کەماڵە. لە ناخی دڵەوە قەشمەریم بە زانست دێت.

دەستم مرەکەباوی دەبێت و بیرم دەکەوێتەوە ئەم چیرۆکە هی نووسینەوە نییە، هەروەک چۆن بەیەک جار خوێندنەوە لێی تێناگەیت، بە دوو جاریش... کە لە سێ جار زیاتریش خوێندتەوە، ئیتر دەچیتە ناوی و ناتوانیت بێیتە دەرەوە. ڕەنگە لە ماڵوحاڵت بکات، سەرقاڵت بکات بە خۆیەوە، ئیشەکەت لە دەست دەربهێنێت، سەرت لێ بشێوێنێ و ژیانت تاڵ بکات. من پێشنیاز دەکەم ئەگەر تا ئێرە هاتوویت، بووەستە و مەیخوێنەرەوە.

ئەم چیرۆکە ژیانی تۆیە، ژیانی ڕاستەقینەی تۆ. ئەوانیش لەگەڵ نووسینەوەیدا نین، ئەوەتا پێت دەڵێن:

"سەرت بکەرەوە بە کۆشی دایکتدا و ئەو حیکایەتە تۆمار مەکە، چما لە ڕووت هەڵدێت ئەو خوێنە ڕژاوانە بنووسیتەوە؟".

PDF 4 KURD

من سەرم بە داروديواردا دەدا... ئا... دەزانيت چۆن هاتمە ئێرە؟ لەسەر سيلەی کۆڵانە تەسکەکەوە دەستم گرت بە ديوارە بەردينەکانەوە و خۆشخۆش هاتم بۆ ناو ئەم چيرۆکە هاتم، من پێشتر هەڵاتبووم... هێشتا لام ڕوون نييە چۆن ئەم ڕۆحە بەدەی ترم دۆزييەوە، نا... هەر گومانيشم هەيە بە ڕاستی دۆزيبێتمەوە. هەندێک کەس لە واقيعدا ون دەبن، دەبێت لە خەياڵدا بۆيان بگەڕێيت، کەچی من لە خەياڵدا ون بووم و وا لەسەر جادە سۆراغی خۆم دەکەم... بۆنی ڕازيانە لە خەياڵم دێت، هەر وا خەريکم لاژەلاژ ڕێ دەکەم، قاچە درێژەکانم لەگەڵم نايەن، ئەوە خۆمم بەزۆر بە شوێن خۆمدا کێشيان دەکەم.

هەموو ڕووداوەکە لەوێوە دەستی پێکرد، کە تۆ وێنەيەکی فۆتۆگرافی ڕەشوسپی نيوپۆسکارتی ئەوت؛ لە کۆنترين مقەبای ماڵەکەدا دۆزييەوە، کە لەژێر شووشەی شکاو و تالی لەحيم و چەند گلۆپێکی سووتاو و نينۆکەری کولدا تۆز لێنيشتوو لەو ناوەدا کەوتبوو. وێنەکە تۆزی ٢٩ ساڵی لەسەر خۆی هەڵگرتبوو، کە ئاوا لێت دەڕوانی، دەتگوت لە ئەرشيفی کۆنەڕەسمچييەکی ئەم شارەوە دەرت هێناوە... ئەو چاوە زەق و لوتە درێژ و سمێڵە پڕەی، چەند لە

ئێستای من دەچێت. غەریب! وای خۆمی پێش ٢٩ ساڵ، چەند لە ئێستام دەچم!

لە ترافیکێکدا هەروا وڕوگێژ لە خۆمەوە وێستاوم؛ گڵۆپ قرمزییە و ترافیک شلۆغە، بۆ چرکەیەک لە جامی پڕ شەپۆلی ئەمبولانسێکدا خۆم دەبینم، ژاکاو و مەلول دەستم بۆ ڕادەوەشێنێت... فریا ناکەویت جوابی بدەیتەوە، گڵۆپ کەسک بووە... ڕادەکەیت... خاو دەبیتەوە... بە هەروەلە دەڕۆیت. لەسەر شۆستەیەک دانیشتووم و بیر دەکەمەوە، بەو چالاییەی ڕۆحمدا بە میسلی پاژنەهەڵکێشێک و بە و خیسییەی زارم، لە سانتییەکی پیس دەچم... بەهای هیچم نییە، میزەڵانێکی بۆشم، نە لە زەوی و نە لە ئاسمان، من لە بۆشاییدا وەستاوم.

سەیرە! لە شارێکدا خۆکوشتن پێویستی بە پارە بێت! من سڵ لەخۆخنکاندن یان خۆهەڵواسین یان خۆکوشتن بە چەقۆ و ئاگر ناکەمەوە؛ هەر لەبەر ئەوە نا کە ترسنۆکم، یان ئەوانەم پێ دێرینەیە و وەک کاراکتەری چیرۆکێکی نوێ، حەز دەکەم بە ڕێگەیەکی تر خۆم لەناو ببەم... نا، بەڵکو حەز دەکەم ئەگەر ئەو ژیانەی دەمەوێت، ناتوانم هەڵیبژێرم، با لانیکەم وەک نووسەرەکەم، مەرگم بە دڵخوازی خۆم بێت.

PDF 4 KURD

مـــن حەزم لە خۆکوشـــتن بە دەمـــانچەیە، ئەهـــا یەک زرمە و تەواو! نیوەشـــەوێکی هـــاوین، نە خـــوڕەی چەم بێـــدەنگ بکەیـــت و نە ڕیتمی دونیا بشێوێنێت...

زرمەیەک تەنیـــا وەنەوزی چەنـــد مەلێکـــی لانەواز و پەڕاگەنـــدەی ســـەر درەختێکـــی کـــالیپتۆس بپچڕێنێـــت، کە خـــوداش نازانێـــت کـــێ ڕوانـــدوویەتی... ئەوەتـــا گـــوێم لە شەقەشـــەقی باڵیـــانە هەڵدەفڕن، ئەرێ تۆ گوێت لێیان نییە؟

سەیرە!

بـــۆ گەیشـــتن بەو خەونەم، نـــاتوانم دەمـــانچەیەک بکـــڕم، دەمـــانچەیەک کە لە لاجـــانگی ڕاســـتمەوە ســـەرم هەڵبگرێـــت و ٢٥ ســـانتیمەتر ئێســـقانی کەللەســـەرم هەڵبتەکێنێـــت... مـــن دەمـــرم، بەڵام دەزانـــم هـــیچ شـــتێک ناوەســـتێت؛ خـــۆم نەبـــم، کەواتە بـــوونی مـــن هـــیچ نەبـــووە، ئەمە داخـــم دەداتـــێ... هەنگاوەکـــــانم زۆر گەورەن، هێنـــــــدە گەورە، خەریکـــــم هەڵدەتلیشـــــێم. دەبێـــــت پەلە نەکەم... ئەم قـــــاچە شلوشـــەوێرانەت دەرەقەت نـــایەن، ئەگینـــا لەوە زیـــاتر فڕێیـــان دەدەیـــت... بەڵام هێشـــتا ئەمە ئەو هەنگـــاوانە نـــین کە مـــن لە زەینمدا دەیانێنم!

نـــایەن... بەدوامـــدا نـــایەن... دەبێـــت تیماریـــان بـــکەم. ئەم برینـــانە لە نـــاوەوە خواردوویـــانم، پێویســـتیان بە ســـاڕێژە...

ئێستا نامەوێ بڕۆم... خۆم ناهێڵم بمرم؛ خۆ هیچم پێ نەکرێت، دەتوانم کەمێک چاودێریی خۆم بکەم... وەک ئەوەی لە ئاو نزیک نەبمەوە، ساڵێک لەبەر چرا دانیشم و فیوزێک چاک نەکەم، یا خۆم نەهاوێمە بەر ماشێنە شێتەکانی ئەم شارە... خۆ من، هەر سواری ماشێن نابم؛ پیادەگەڕێکم وێڵ، بەیانی تا ئێوارێ بەم جادانەوەم... نا مرۆڤ بەو شێوەیەش بێ دەسەڵات نییە؛ بونیام هیچی پێنەکرێت، دەتوانێت کەمێک مردنی خۆی ماتڵ بکات... تۆ دەبێت مۆڵەت لە مردن درێژ بکەیتەوە تا ئەم قاچانەت چاک دەبنەوە، هەرچییەکت کردووە، بگەرە دەرەوە... ئەم قاچانەی تۆ لە لای سستەری ڕووخۆش و دکتۆری بەویقار نەبێت، نوژداریی ناکرێت...

بۆ چاکبوونەوەیان من کاتێکم پێویستە؛ ئاخر لەم مەملەکەتەدا، قاچ لە هەموو شتێک پێویستترە. بۆ ڕۆیشتن نا، بۆ هەڵاتن لێی. کەچی من ئەو قاچانەم بۆ هەڵاتن ناوێت! نا... ڕێکوڕاست دەمەوێت بە خۆمەوە بن، بەم جەستە شێواو و کۆتەرە ئاسایەوەم... ئاهـ... ئەگەر بتزانیبا چەندم ئیش بەو قاچانەمە... ئاهـ!

ماوەیەکە ئەمبولانس زۆر دەبینم، جاران وا نەبوو، یان ئەوەیە من چاو لەسەر شت زۆر ورد دەکەمەوە، یان بە

جادەدا زۆر دەڕۆم، یان نا... هەر بەڕاست من لە شارێکدا دەژیم، ماشێنی تێدا نییە، ئەمبولانس نەبێت... دەڵێیت خەڵکی ئەم شارە یەکپارچە بیمارن... ئەمبولانسێک بە لاتدا فرتە دەکات، بڕوانە بزانە خودا ڕێگەی دانەناوە، بن دەستی من نەبێت.

باوەڕ ناکەیت کەس هێندەی تۆ ئەمبولانس بە لایدا تێپەڕیبێت... جارێکیان کەژاوەیەک ئەمبولانس لە بەردەممەوە ڕێیان بەستبوو، ئەوەی پێشەوەیان تەرمی گۆرانییەکی تاقانەی تیابوو، فیشەکێکیان نابوو بە سەریەوە، فەقیرە دایکی بۆی دەگریا، کارێکی بۆ دەکرد، هەر مەپرسە... ڕۆژێک دانەیەکی دی بە لامدا ڕۆیشت، ئاسکێکی کوژراوی تێدا بوو... شەبەقییەکیان ئەمبولانسێک بە لاتدا لوراندی، بزنەکێوییەکی تێدا بوو، پاوانە لە قاچیدا بوو! من ڕێکەوتی ئەو ئاژەڵە بیمارانە زۆر دەکەم؛ چۆلەکەیەکت لەسەر دەستەبەرەیەکی سپی بینی، سەریان پێچابوو، گوایە منداڵێکی چەتوون سەری شکاندوە... تەریق دەبوومەوە، ئەم شارە چەند حورمەتی باڵندە و ئاژەڵ دەگرێت.

بروسکەیەک لە پشتتەوە دێت، چاوت ڕێشکە و پێشکە دەکات، خەریکە هەناسەت بوەستێت و دڵت لەسەرخۆ

چوە... هێورهێور گوێت لێیە، دەڵێی لە زەمەنێکی ترەوە کەسێک جوێن بە تۆ دەدا... هەر تاوێکە و چوویتەوە ناو خۆت... بیر لە شتی شێتانە دەکەیتەوە؛ شتی سەیر سەیر؛ بیر دەکەیتەوە ئیشی مرۆڤ ئەوە نییە دەستکاری شتەکان نەکات... نا... ئەوە کاری مردووەکانە... مرۆڤ دەبێت دەست لە هەموو شتەکانەوە بدات، شوێنگۆڕکێیان پێ بکات...

من ئێستا کە لەسەر ئەم کۆمپیوتەرە دانیشتووم و ئەم چیرۆکە دەنووسم؛ دەڵێیت هێزێک دەستم دەجووڵێنێت. من ئەم پیتانە نانووسم، هەستێک لەسەر کیبۆردەکە پەنجەکانم دەجووڵێنێت، هەر لە خۆوە دەڵێیت ئەم نووسینە لە ئەسڵدا هەیە و من ئێستا وا لە نێوان دوگمەکانی ئەم کیبۆردەدا وردەوردە دەیدۆزمەوە... ئاخر وەک یارییەکی منداڵانە، کە ئێستا ناوەکەیم بیر چووەتەوە، ئەم شتانە لە شوێنی خۆیاندا نین، دەبێت دەستکارییان بکەیت... بیانخەیتەوە شوێنی خۆیان... نا... شوێنیان بۆ پەیدا بکەیت.

من دەبێت دەست لە هەموو شتێک بدەم... قورسەکان بجووڵێنە و بچووکەکان بە شەق فڕێ بدە، تا لە

جێگەکەیاندا ئەو کەنزە شاراوەیە بدۆزیتەوە... ئەسڵی یارییەکەش کەنزەکە نییە، جووڵاندنەکەیە، بیرت نەچێت.
من هەر وام بیر دەکردەوە، بۆیە دەستم بۆ کوشتنیش برد... هەرچەند لە جاران غەمگینتری کردووم، بەڵام لێی پەشیمان نیم... لێم گەڕێن دەست بۆ هەموو شتێک دەبەم؛ دەبێت شوێنی شتەکان بدۆزینەوە، ئەم ژیانە لە یاریی جوڵاندن و دۆزینەوە بەولاوە، شتێکی تر نییە.
پێویستم بە کەسێکە توند ڕامتەکێنێت و بمداتەوە دەست خۆم، من لە خۆم ون بووم...
تۆ کە شتێکت لێ ون دەبێت، دوای قەیرێ سەراوبنکردن، لە شوێنێک دەیبینییەوە... زۆر جاران ئەو شتانەی لێت ون دەبن، لەو شوێنانەدان کە هەر عەقڵت بۆیان ناچێت، دەڵێیت پەیوەندییەکی نهێنی لە نێوان شوێن و ونبووندا هەیە، کەچی من ئێستا کە ونم، زەبوزیندووش خۆم دەبینم، بەڵام بۆم نادۆزرێتەوە.
خەریکی بە شتی پڕوپووچەوە خۆت مژوڵ دەکەیت؛ کەمکەم تێدەگەم، مەرج نییە بینینەوە، دۆزینەوە بێت، کەچی ئەمە بۆ مەسەلەی کلیلەکە وانەبوو... ئا... ڕاست دەکەیت، ڕووخسەت بدە ئەوەیانت بۆ بگێڕمەوە. من ژنێکم هەیە نیانتر لە سێبەری شۆڕەبیی سەر حەوز، کەچی لەگەڵ

PDF 4 KURD

کلیلدا ناتوانێت بەو شێوەیەی خۆی بێت کە هەیە... ئەویش وەک مێردەکەی، دەڵێی دوو کەسە لە ناو کەسێکدا، ڕەنگە سەبارەت بە کلیل، ئەو کەسەیان بێت کە کەمترین جار دەیبینم... ئەویش خۆی نمایش ناکات، تۆ لە داوەکانی خۆتدا چاوت پێی دەکەوێت.

ئەو ژنەی من لە دونیادا هیچی لێ ون نابێت؛ بیری ناچێت سالی (١٩٨٢) کرێچی کێ بووین... لە پۆلی سێی سەرەتاییدا، پێڵاوی ژمارە چەندی دەکردە پێی... سالی پار هۆدەی نووستنمان چەند تەبەق تەپەدۆر بووە...

وەستای بەلوعە چاککردنەکەی سالی دوای ڕاپەڕینەکە، سەعاتەکەی کۆیرتز بووە... هەموو ئەو وەرەقەی کارەباییانەی لە دوای هاتنمان بۆ شار، بۆمان هاتبووەوە و مانگی چەندمان بۆ هاتبوەوە، هەمووی لەبەر بوو... ڕۆژێک بۆ خۆشی پێت گوت:

"مانگی یانزەی سالی (١٩٩٢)، چەندمان بۆ هاتبوەوە؟"

ئەو وتی:

"مانگی یانزەی سالی (١٩٩٢) وەرەقەی کارەبامان بۆ نەهاتەوە، بەڵام مانگی یانزەی سالی (١٩٩٣) چوار دینار و مانگی یانزەی سالی (١٩٩٤) هەشت دینار و مانگی یانزەی سالی (١٩٩٥) هەژدە دینار و سەد و پەنجا فلس.!"

PDF 4 KURD

ئـاوا بـوو... نـازانم بەو بیرتیـژییەوە، چـۆنچـۆنی کلیلـی ون دەکـرد؟ وای لێهـاتبوو تـۆ بـۆ دەرگاکـانی ژووری میـوان و نووسـتن و نانـدێن، یەکـی دەسـتەیەک کلیلـت دروسـت کردبـوو، دەسـتەیەک کە هەمیشـە دواهەمـین کلیلیـان دەرگاکـانی دەکـردەوە. ئەوە هەورەبـانەکە هـیچ، لە سـاڵی لافـاوە زۆرەکەوە، کلـیلەکەی ون بـووە و نەمـان کـردۆتەوە... ئەو ژنەی تـۆ لایەنـی کەم؛ هەفـتەی دوو کلیـل ون دەکـات... مـن بـێ چەنـدوچوون بەشـێکی مانگـانەکەم لە دروسـتکردنەوەی کلیلدا خەرج دەبێت.

ئێسـتا ئیتـر وەک ئاسـنێکی بەر بـاران ژەنـگ خـواردوومی... بەوێـنەی مەسـینەیەکی کـۆن، بەڵغـم کـردووە... ئەوەنـدەم تـوێخ لێبـۆتەوە، هـا ئێسـتا هـا تـۆزێکی تـر، ئەودیـوم دەردەکەوێـت... بە هەمـوو تەمەنـت هێنـدەی ئەم سـێ مـانگەی دوایـی، نەگۆڕاویـت؛ گـۆڕانێکی خێـرا و ناسروشـتی... خەریـکە دەیکەیـت بە خـوو، لە کۆڕوکۆمەڵـدا بە تەنیـا و لەگەڵ خـۆم؛ ڕیپـۆقی چـاوی خومـار و چڵمـی ئەو کونەلـوتە درێـژانە و چڵکـی گـوێیە ڕەبەکانـت دەخۆیـت... چێـژ لە تـامی تـاڵ و تفت و سـوێریان دەبیـنم... بە پـێچەوانەوە هێڵـنج دەدەیـت لە بەرامـبەر خەڵکـی تـردا؛ قەشـمەریت بە جـوانیی گوڵێـک دێـت... مـن جـاران وا نەبـووم، نـازانم بـۆ چـاوم بە کەس

PDF 4 KURD

هەڵنـــايەت، بە منـــداڵە ســـاواكانيش، ئەوانەی كە هەموويـــان جـوانن، ئـاخر مـرۆڤ لە سـاوايەتيدا نەبێـت، ئيتـر بە درێژايـی تەمەنی جوان نييە.

ئێمە منداڵمان دەبێت و مـن حەزم لێی نييە... دەزانم تـۆ لە خـۆتەوە بيـر لە كوشـتن نـاكەيتەوە! مـن ئيتـر خەڵكم خـۆش ناوێـت، تەنهـا وەک خـۆت لە بيـری ئەوەدايـت ئەم ژيـانە بـۆ مـــرۆڤ شـــايان نيـــيە... هەر لەبەر ئەوەيە ڕقـــم لە هەر لەدايكبـوونێكە... ئەمـرۆ پەسـتيت لەوەی كە خـۆت دەبينيـت خەريكيـت ئەم هـيچوپـووچێتييە درێـژ دەكەيـتەوە و منـداڵێک بۆ ئەم دونيا بێمانايە، زياد دەكەيت...

نـــا... وا مەزانـن مـن ڕقـم لەخەڵـكە و لەخـۆڕا دەيـانكوژم! مـن پيـــاوكوژێكی دڵـــڕەق نـــيم... تـــۆ ئەگەر لەبەر خۆشەويســـتی نەبـــايە، منـــداڵەكەی خۆتـــت دەكوشـــت و كۆتاييـــت بەم مـاجەرايە دەهێنـا... تـۆ ترسـنۆک نيـت... بە حاكمەكەشـم وا وت، بە دكتۆرەكانيش، وتم:

"مـــن ئەگەر ترســـنۆک بوومـــايە، هەمـــوو ئەوانەی ئێـــوە پێـــی دەڵێن تاوان، بە شەو دەمكردن"

تـــۆ هاوڕێكـــانی خـــۆت بە ڕۆژی ڕوونـــاک دەكوشـــت... لە كـــازيوەدا... لە چێشـــتەنگاودا... لە قرچەقرچـــی گەرمـــای بەر گـــمەی كوكوختييەكـــانی هاوينـــدا... لە عەســـرە فێنكەكـــان و

ڕۆژانی زەمهەریر و شەختەدا... لە باراندا... بەشێکی نۆری
کچەکانم لە باراندا کوشتوە... دەزانیت لە باراندا، کوشتن
تامێکی تری هەیە؟!
تۆ چوار ساڵە هەموو شەوێک لەسەریەک خەون بە فڕینەوە
دەبینیت. سەرەتا وەخت بوو شاگەشکە ببم، خۆمم دەبینی
لە لالەزارێکی سەوزدا، لە دامێنی گردێکدا؛ سەر بەرەوخوار
نەرمەڕاکردنێک ڕام دەکرد، باڵەکانم دەکردەوە. دەمدان بە
یەکدا... خێراخێرا ڕامدەوەشاندن... گوێت لە

PDF 4 KURD

خـۆمم دەهـاتە لـوت... ئەوە دوا شـتە کە هەمـوو شـەوێک مـن لە خەوەکەمدا هەستی پێبکەم.

نازانیـت دوای ئەوە چـی ڕوو دەدات، بـێ ئەوەی خەوەکەت لـێ بتـارێ؛ وەک ئەوەی هـیچ نەبووبێـت، بەیـانی بەخەبەر دێـم... ئەم خەونە بـۆ شـەوێک خۆشـە، بەڵام وەختێـک تـۆ (١٤٦٣) شـەو لەسـەر یەک هەمـان خەون ببینیـت، ئیتـر ئەمە لە خەونەوە دەگۆڕێت بۆ مۆتەکە...

شـەوانی سـەرەتا بە لامەوە سـەیر بـوو؛ هەمـوو شـەوێک یەک خەون ببیـنم! لە سەرێکیشـەوە لە دڵەوە حەزم لێـی بـوو، خـۆ ئەگەر کۆتـاییەکەی لابەیـت، ئەو خەونە خەونێکـی نـاخۆش نییە.

دواتـر وردەوردە لەگەڵـی ڕاهـاتی، ئاسـایی دەهـاتە بەرچـاوت، هەمـان لالەزار، هەمـان بەرەوژوورەکە، هەمـان فـڕین، هەمـان سـەمای دەم بـا، هەمـان زرمەی نادیـار، هەمـان کەوتنەخـوارەوە بەسـەردا و دواجـاریش هەمـان بـۆچڕووک...

مـن ئەوەنـدە ئەم خەوەم دیبـوو، ئیتـر وەک ئەکـتەری شـانۆییەکی بێتـام، کە دەزانێـت دەبێـت لە کوێـدا دیـالۆگی خـۆی بڵێـت، دەمزانـی لە کوێـدا دەبێـت بـاڵ بـکەمەوە و لە کوێشدا بکەومە خوارێ.

تـۆ لە خەوەکەتــدا دەتزانـــی وات لێـدێت، کەچـــی هێشـــتا دەستبەرداری ئەو فـڕینە نەدەبوویـت... ئـا، نەمـدەکرد بچـم بە لایەکـی دیـکەدا بفـڕم، یـان بفـڕم و خێـرا بنیشـێمەوە... یـان سـاتێک بەر لە تەقەکە، خـۆت بخەیـتە سـەر لا... یـان هەر نەفرم... کەچی نازانم بۆ وام نەدەکرد!

ئێسـتا لە بەردەرگـایەکی ئاسـنی کەپـس ڕایـان گرتوویـت، دەنگێکـی بێـزار و قـرغن، کە دیـارە دوای شـەوخەوێکی پچرپچـڕ و کابوسـاوی، لە خەویـان کـردووە و ئەمە یەکەم پەیڤی ئەم ڕۆژە نوێیەتی؛ دەڵێت:

"بیهێننە ژوورەوە"

گوێـت لە جیـڕەی وشـکی دەرگـاکەیە؟ چـاوت دادەخەیـت، ناتەوێت ئەودیو ئەو دەرگایە ببینیت...

شـتێک لە تـۆدا وەخـتە بـۆ ئاسـمان بفڕێـت، سـەرت بـۆ سـاپیتەی ژوورەکە بەرز دەکەیـتەوە، هەر بە چـاوی نوقـاوەوە دەڵێی لەگەڵ خوداتە؛ بە سرتەیەک لەبەر خۆتەوە دەڵێیت:

"چەنـدت پـێ خۆشـە، ڕامکێشـە... ڕامکێشـە بـا بپچـڕێم... بە جەهەننەم!".

ئێسـتا لەم ژووری تیشـک و سـۆنارەدا، لەژێـر هەر تاڵێـک ڕووناکیی ئەم ئـامێرە کـۆنەی ئەم فەرمـانگە دێـرینەی چاکسـازیی دەروونیـدا؛ هەرچۆنێـک وێـنەی بگریـت، بە ڕوونـی

PDF 4 KURD

دەیبینیت، گوێزانێک لەسەر لا، ئەو هەموو دەمارەی لەخۆیەوە ئالاندوە... جارجار هەست دەکەم سەر دەکات و گورزەیەکیان لێ دەبڕێت... لە چەقی کەللەمدا لێدەدەن، هەست بە ترپەیان دەکەم... هێواش هێواش سست دەبن... دەمرن... ئەوەتا شلەیەکی سووری تەلخ، تەڵخێکی ڕەشباو دزەی کردووەتە ناو ئەو زرکە بۆشەی سەرت... گەرم و قەترەقەترە وا لە گوێمەوە خوێن دەدەلێنێت.

٢٠٠٨

* فلامینگۆ: ئەم وشەیە نزیکییەکی زۆری هەیە لەگەڵ وشەی (فلامینکۆ- Flamenco) کە هەردووکیان بیانین و لە بنەڕەتدا یەکەمیان ئینگلیزی و دووەمیان ئیسپانییە. فلامینکۆ ناوی جۆرێک سەما و ئاوازی قەرەجانەی ئیسپانییە. بەڵام ئەم وشەیەی ئێمە بەکارمان هێناوە (فلامینگۆ- Flamingo) مەلێکی سپی و پەمەیی (قو)ئاسایە لە خێزانی قازوقولینگ، ملێکی درێژی جوان و دوو باڵی گەورەی هەیە، هەر گەورەیی باڵەکانیەتی کە فڕینی لێ زەحمەت کردوە!

ڕۆکسالانا ئاناستاسیا لیسوفسکا

تەوراتی ئەولیا بە خەتی ڕەیحانی

سفری دروستبوون

ماوەیەک بوو بیرم لە دروستکردنی حیکایەتێک دەکردەوە، کە پاڵەوانەکەی بە دەست بێقەراریی ناو بێخەوییەکی کوشندەوە دەناڵێنێت. کاراکتەرەکەم هەرگیز دروست نەکرد، ئەو چانسەی بێتە ژیانێک لە دەرەوەی ویستی خۆی؛ نازانم بڵێم بە خۆشحاڵییەوە یان بە داخەوە؛ لێسەندەوە. ئایدیاکەم وەک بیرۆکەی دروستکردنی ئەو بوونەوەرە وابوو کە خودایەک، جارێک، تەنیا یەک جار بە زەینیدا دێت بیخولقێنێت و نایکات، ئاوا ڕاگوزەر و خێرا خەیاڵەکەم؛ کە شتێک بوو وەک تەمی ناسکی جێماوی حیکایەتێکی کۆن لە سەرمدا، هات و ڕۆیشت...

دەمویست تەدارەکی کارەکە وا ڕێک بخەم، کە خوێنەرەکەی ببێت بە بەشێک لە حیکایەتەکە، لە من و کەسێکی تر؛ هەر کەسێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان و بەڕێکەوت لە وڵاتێکی دوور و تەریک و لە کتێبخانەیەکی چەپەکدا ئەم چیرۆکە

بخوێنێتەوە و خۆی لێ ببێت بە وێژەرەکەی، بە پاژێک لەو دێڕە خواروخێچانەی لە بەردەستیدایە... چیرۆکی ناو خەیاڵدانی بێباکی من، تەنیا بە نووسین بە پایان نەدەگەیشت و ئەوە تەنیا نووسراوی دنیا بوو، کە ئاتاجی خوێندنەوەی بە کەس نەبوو.

من مژۆڵی ناو گیرۆدەیی لۆچاولۆچی خۆم بووم و خەریک بوو لە دەرگا دارینەی قاوەخانە چکۆلانەکەی شەقامی (سۆدێرباری) دەچوومە دەرەوە، کە کچێکی ئاڵی موو کایی، بە دەنگێکی شەهوانی، کە وات دەزانی لە دڵێکی تەنگەوە دێتە دەرێ، هاواری لێکردم: "Ursäkta!" (بێزەحمەت.!)" بروسکەیەکی گەرم بە سەرمدا هات و سارد سارد لە سەری پەنجەکانمەوە دەرچوو... کچەکە لە بەردەممدایە، کتێبێکی بەرگ چەرمینی کۆنی پێیە و دەڵێت کە لەسەر مێزەکەی من جێماوە! کتێبەکە لەو پەڕاوە کۆنانە بوو، کە هێزێکی موگناتیسیی گەورەیان هەیە و بە جۆرێ سەرنجی وڕ و تاساوی بونیام ڕادەکێشێت، کە ناتوانی حاشا لە خاوەنداریتی بکەیت. من پاش ئەو ڕووداوانە و دوای ساڵەهای ساڵ لە دۆزینەوەی نهێنییەک، هێشتا بۆم ڕوون نییە ئەو ئێوارەیە؛ _کە ئێستا ناوی دەنێم (ئێوارەی فریو)_ کتێبەکە خۆی، یان ئەوەی بە دەست کچێکی کاڵی

PDF 4 KURD

قەشەنگەوە بووە، تەلیسم و کەمەندکێشی ناو ئەم کاغەزە زەردانەی کردووم، کە هێشتا دەرچوون لێیان وەک ئەمەلی ئاوە لە سەرابستان.

یەکەم جار کە شەیتانم لەو کافێیەدا لە (ستۆکهۆڵم) بینی؛ ئەو لە بەدلەیەکی کاڵی کارکردن و من لە قەرقەشەیەکی ڕۆحیی گەورەدا بووم. ئەو ڕۆژانە لەگەڵ ژنی هاوڕێکەمدا لە ئاریشەی لەباربردنی سکەکەیدا تێدامابووین، کە وا بەو پاییزە سارده و وەک کۆرپەیەکی جێ بەخۆنەگرتوو؛ هێکراهێکرا لەقەی لە سکی ڕووتی دایکی دەدا و بە ڕێکەوتێکی ناخۆش لە من پڕ ببوو!

ئاه... ئێمە ئەو ڕۆژانە خەراپ گیرمان خوارد بوو... شەیتان لەو دیدارە کتوپڕ و بێژوانەدا کوڕێکی چاوبادامی گەنج بوو، هەرچەند یادەوەریی خۆم دەگوشی، بۆ ئەوەی بیناسمەوە، سیمایم لەبەرچاو غەریب نەبوو؛ شێوەی لە ئەکتەرێکی فەرەنسی دەچوو کە ئێستا ناوەکەیم بیر چۆتەوە... شتێک لەودا هەبوو کە هەر کەسێکمان بیدیبا، هەستمان دەکرد پێشتر لە کات و جێگەیەکی تردا بە خزمەت ئەم دەموچاوە گەیشتووین.

داهێـزران و نیگەرانییـەک لە چاویـدا بـوو، کە هـی زۆرنووسـتن بـوو، خـۆی وتـی: "مـن یەکەم جـار بە بـاری تەعـالام وت ئەم هەمـــوو نـــازە مەیە بە ئینســـان، ئەم مـــاخۆلانە بچـــووکە ناسـرەوێت، دەسـت بـۆ هەمـوو دونیـا دەبـات؛ ئەوانەی وا هـی خـۆین و ئەوانەی هـی ئێمەیشـن، شـتەکان وا تـێکەڵ دەکـات، مـن و ڕەبولعـالەمینیش سـەرمان لێـی دەرناچێـت". ئەوەی لە شـــەیتاندا دەیترســـاندم؛ ئەو قســـەکردنە جـــوانەی بـــوو بە کـوردیی زاراوەی سـۆرانی. مـن هەمیشـە لەو کەسـانە ترسـاوم، کە بە هەمـــوو زاراوەکـــانی زمانێـــک بە پێرفێکتـــی دەدوێـــن و ئەوەم وەک جۆرێـک لە حەربـایی سـەیر کـردووە. وەک ئەوەی زۆر لە خـــۆی بکـــات بە خـــاووخلیچکییەکەوە کە دەمـــی بـــۆ لەیەک هەڵنەدەپچـڕا، وتـــی: "هاوڕێکانـــت ڕۆژانە لە تخـــوبی منـدا ئیشـەکانی خۆیـان دەکەن... ڕۆژگـاری مـن تەواو بـووە، گوزەشـتم، مامۆسـتا بەسـەرچووم... مـن یەک ئیشـم هەیە؛ ئیتـر دەبێ بنـووم!". ئەوەتـا مـن سـەرم لەم دیـالێکتە تـێکەڵەی سـووڕ مـاوە، بەڵام خـوێنەری خۆشەویسـت دەبێـت پێـت بڵـێم (نووســتن) پڵــۆتی ئەم چیــرۆکە نییە و خەیاڵێشــت ئاســوودە بێ، من و تۆ ئیتر تا کۆتایی شەیتان نابینینەوە.

سفری دەرچوون

((بەناوی خوای گەورە و مەزن

مـن کە بەنـدەیەکی بچـووک و بـێ نـرخ ئەولیـا نـاوم و قەزدی سـەفەر و گەڕانـی دنیـام هەیە، بەیـارمەت خـوا یەکەم ڕۆژی مـانگی جیمـادی یەکەمـی سـاڵی ١٠٦٥ شـاری ئۆسـکۆدارم بەجێهێشـت و بەدوای مەلیـک احـمەد پاشـادا، ڕووم کـردە ئەلایەتی وان. ئەمەش بەسەرهاتی ئەو گەشتەیە:))

٣٥٤ سـاڵ لەمەوبەر، ئەولیـا چەلەبـی لەم بەرگەی (سـیاحەتنامە)کەیدا، کە ئێسـتا وا لە بەردەسـتاندا و وەک دیـارییەک لە دوژمنـی خـوداوە گەیشـتووەتە مـن، لە فەسـڵی (اشـباح فـي مـرآة)دا باسـی حەکیمێکـی سـەیر دەکـات، کە شـەوێکی سـارد و تاریـک لە نـاوچەیەکی کوێسـتانی، لە دامێنـی زنجیـرە چیـایەکی زنـار و گـردەڵە، لە بـاکوری خۆرئـاوای (ورمـێ)، لە ڕەشـەبایەکدا چـاوی پێـی کەوتـوە. حەکـیمەکە لەگەڵ کاروانێکـدا بـووە، کە یـاقووت و یەتیمـی لاچینیـان بە سـەفەرێکی تـولانی و تاقەتپڕوکێنـدا لە (سـەرنەدیبە)وە بـردووە بـۆ (بولغارسـتان). ئەولیـا لە وەسـفی ئەو حەکـیمە غەریـبەدا دەڵـێ: ((لەپێشـچاوم هەم ئاشـنا بـوو، هەم ئەغیـار، مووکـاڵێکی میانەسـاڵی نەحیـف بـوو، هەمـوو عەردی خوای تەقاوتەق دابوو.

بەحـــاڵێ دنیادیـــدە بـــوو؛ بونیـــام ســـەری دەهـــاتە خـــورروو))

ئەوانەی ئەم بەشـــەیان لە سیاحەتنامەســـیدا خوێنـــدووەتەوە و بە خـــزمەت چەلەبـــی خـــۆی گەیشـــتوون، دەڵـــێن؛ کتومـــت ئەوە وەسفی ئەولیایە بۆ خۆی!

ســـەفەرنامەکەی چەلەبـــی کە وا بە دەســـتی مـــنەوەیە و تـــۆیش دەیبینـــی، نـــومرەی قەبـــووڵی لە قەرائەتخـــانەی تۆپقـــاپی لە (ئیســـتانبوڵ) وەرگرتـــووە. بە خەتێکـــی باریـــک، بەڵام درشـــت نووســـــراوە، مـــــن لە فەرهەنـــــگە گەورەکەی خەتـــــدا کە (شەمســـەدینی ســـامی) نووســـیویەتی، دیـــتم ئەمە خەتێکـــی فارســـی_عەرەبـــی قەدیـــمە و لەبەر ئەوەی ئەلیفەکـــانی درێـــژ و کۆتـــایی پیـــتە خوارەکـــانی تەنـــک و تیـــژە، بە نـــاوی ڕووەکێکـــی بۆنخۆشەوە ناو نراوە... لە حاشییەدا چەلەبی نووسیویەتی:

((وەلەو ئەســـراره لاکـــین نەکـــا لە یەومـــی پســـڵانا لەبەردەم خـــوای خـــۆم رووسیاهـــ بـم بایـد حەقیقەتـــی پشـــتی ســـەفەرەکەم کە تەعبیـــرە لە کەشـــفی ئەعشـــابێکی شیفاهـــ بـــۆ لەبارخســـتنی ســـکی (خەدیـــم)ی ژنە بچـــووکی ســـوڵتان (ســـەلیم خـــان) کە بە فیتـــی شـــەیتان لە (مەلیـــک احـــمەد پاشـــا) پـــر بـــوە بـــۆ پەیـــدۆز و خۆنەوارانی دواڕۆژ سەجل بکەم)).

مـن دوای مـاوەیەکی زۆر سـۆراخ کـردن، بە ڕێـکەوت لە گەڕان بەدوای واژەکـانی تـری خیانەتـدا؛ لە فەرهەنگـی (بورهـانی قـاتیع)دا، ئەو سـەرەداوەم کەوتە دەسـت؛ کە ئەم کتێـبە بـۆ بۆنی ڕەیحانەی لێدێت؟

سفری ئەولیا

لێـرەدا و وەکـو خـۆی _تەنها ڕێنووسـەکەی دەگـۆڕم_ یەکێـک لە گفتوگـۆ قووڵەکـانی نـاو کتێـبەکەی بەردەسـتم دەنووسـمەوە، کە حەکـیم و چەلەبـی شـەوێک لە بـارەی ڕۆحەوە لە گونـدی (گـویزەل سـو)ی نزیـک ورمـێ، لە سەرسـنووری مەملەکەتـی فارسـدا کردوویـانە و وا بـزانم ئەولیـا ویسـتویەتی لەسـەر ئیزنـی حەکـیمە نەناسـەکە، گیـایەکی لەبـاربردن بـۆ ژنـی سـوڵتان؛ کە بە خیـانەتێکی قـورس لە نزیکترین هاوڕێی خۆی پڕ بووە، دەست بخات:

((جەنـابی حەکـیم... کە پیـاو نـوتفەیەک دەخـاتە لەشـی ژنـێکەوە وەکـو ئەوە وایە تۆوێـک بخـاتە نـاوعەردەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئـاوی بـدات، تـا ئەم تـۆوە سـەوز ئەبێـت و پەل دەکوتێـت و دێـتە دەرەوە و ئەبێـت بە درەخـت، بەڵام هەروەک چـۆن تۆوەکە درەخت نییە، ئاوهاش نوتفە ئینسان نییە))

((درەختەکە خۆی تۆوەکەیە بەڵام لە حاڵوبارێکی ترا، عەرزت بکەم لە هەوایەکی ترا، ئەوەی ئەسڵە تۆوەکەیە نەک دارەکە، نوتفەش هەم تۆو و هەم گەوهەری ئینسانە لە پاکترین و شیاوترین باردا))

((حەکیمی نەناسی بەختی من... مەسەلەکە بۆ منالّی زۆل فەرقی هەیە، ئەمە بۆ سەرزەمین عبوری غەزەبە.

وا لەدایکبوو بە شەش پەلەوە، وا خوا ویستی ئەو دوو زیناکارە بە جەزای تولفێکی نوقسان بدات، شتێک بێتە دەرەوە وەکو عیبرەت. وا ئینسانێکی جیاوازمان لە ئینجازی ئەم خیانەتە بینی))

((ئەولیا... ئەرخەیانبە، تەبیعەت ئەوەنەی پێی کراوە لە غەدری بەشەردا درێغی نەکردووە، لە جنوبی شەرقیەوە تا شیمالی غەرب، بە فەرقێکی کەمی سورەت و کاوکاوێ قەوقیافەمان، هەمووموان تەشابیهین... تۆ ئەفەرمووی ئینسانی جیاواز! ئینسانی جیاواز کوا؟ کەسێک لە قورتوبە و من لە خۆراسان و بەندەیەکی خوا لە چینوماچین وەکو یەک واین... هەرسێکمان دوو دەست و دوو قاچ و یەک سەرمان هەیە، هەندەسەی ئەعزای بەدەنمان کتومتە... کەی تەفاوتی مابەینی دوو بەشەر وەکو فەرقی نێوان خەرگوش و زەرافەیە؟

لە کـــاری ئیلاهـــی ســـەرم ئەســـوڕمێ، ســـەدەها چەشـــنی پەڕەنـــدەی هەڵداشـــتۆتە ئەو عاســـمانە، کەچـــی ئەم حەشـــاماتە ئەحســـەن تەقـــویمەی خـــۆی کە ئیســـمی لێنـــاوە بەشـــەر، لەســـەر ئەم عەردە خـــڕە، بەیەک نەوع خەلـــق کـــردوە! لاکـــین دەر مەوزوع نـــوتفە گەوهەرە، مەعـــدەنێکە کە ژەنگـــی ژیـــان نەیگرتـــووە، ئەینـــا بـــرای ئەلعـــان و قیـــامەتم، ئینســـانی جیـــاواز کامەیە؟))

((جەنـــــابی حەکـــــیم... ئەگەر ئەو گەوهەرەی جەنابـــــت دەفەرمـــووی، ڕۆژێـــک تەشـــریفی هێنـــایە ئەم دنیـــایەوە و ســـەیرمان کـــرد؛ زاڵـــمە، بینیمـــان خوێنخـــۆرە، تماشـــامان کـــرد؛ گـــورگێکە لە خۆیـــدا و وەعشـــییەکە بـــۆ ئەو ئەهـــلە، ئـــێمە لەم ســـەرەوە بـــۆ ئەو دڕنـــدەیەی موســـتەقبەل پەت نەکەیـــن؟ بـــۆ بییەڵـــین بێـــت؟ ئـــاخر پیـــاو بـــڕی فـــامی هەبـــێ، ئەم ئـــاگرە بـــۆ لەماڵی خۆی بەردا؟))

((ئەولیـــا بەگ... ئەویـــان لە عیلمـــی بچـــووک و نـــاچیزی ئینســـاندا نیـــیە، پیـــاوی ژیـــر ئەگەر و مەگەر نـــاهێنێتە جەڕ و بەحسێکەوە کە خۆی دەستی تیای نییە، لاکین...))

((حەکـیم ئاغـا... هەمـــوو شـــتێ بڵـــێ و بەس مەفەرمـــوو ئەمە لەدەســـت خودایـــایە، ڕجـــا ئەکەم ئینســـان لەم زووڵـــمە کەبیـــرەی کە هەروا خەریکە لە خۆی دەکات، بێ بەری مەکە!))

((ئەفەندی... ئەمە پێی دەڵێن ئیزهاری نەزەر! ئەولیا... تۆ پیاوی خوای، نامومکینە زاتی ئیلاهی لەم جەڕ و بەحسە بکەینە دەرەوە، دروستە پێشتر قەرارەکە لە دەست ئینساندایە، بەڵام کە ئابی حەیات کەفتە ڕەحمی مادەرەوە، ئیشەکە نقڵی بەردەم تەعالا ئەبێ... خوا خۆی زاهیر و باتینە، پێی خۆش نییە ئەم بەندە بچووکە دەستبخاتە ئیشییەوە، وە ئەما بەعد با مناڵەکە تەشریف بفەرموێ؛ چوزانین نابێ بە نوور بۆ ئەهل، وا ناکات بڕێ ئازاری بەنی ئادەم کەمتر بێ، نابێ بە بەرەکەتێ کە پێچێک لەم حەیاتە توندەی ئینسان شل بکاتەوە... چۆن تولفێک دەکوژێت کە عیلمت لە حانیا سفرە، ئەوە بەشەرعی خوا قەتلی نەفسە و بەشەرعی خەڵکیش عەمدە))

((بێ قەزابێ حەکیم... ئەو تۆپەڵە خوێنەی ناو سکی لەیلەدۆنەیەکی بەکەڵی میسلی خەدیم، ئینسان نییە، عەقڵ و شعووری نییە، چۆن فڕێیان و لەکۆڵخۆکردنەوەی دەبێتە قەتڵ؟))

((مادام واتان فەرموو، ئەبێ ڕوخسەت بفەرمووی سوئالێک لە خزمەتاندا عەرز بکەم: کە ئایا بەنی ئادەم، کەسێکە عەقڵ و شعوری هەبێ؟ ئەی ئەوەی نەیبوو، یان ئێمە وامانزانی نیەتی، یان هێشتا پێنەگەشتبوو، لەدەرەوەی

جنسی بەشەرە؟ پیاوی خوا! کەرامەتی ئینسان ئەوکاتە دروست نابێ کە پەلەکانی دروست دەبن... من کە ئەم دەستکردە جوانەی خوا دەبینم چاوم پڕ دەبێ لە ئاو... من ئینسانم خۆشئەوێ و ئیمانم پێیەتی لە عانێکدا نەخەملێووە و لە زەمەنێکا گەشە دەکا و لە کاتێکا تەواو دەبێ)).

((جەنابی حەکیم... بە هەوای ئەم شاخە ساردەی هەردووکمان بە ڕێبواری ڕێمان تێیکەوتووە، منیش ئینسانم خۆشئەوێ، هەربۆیە ئەم سەفەرە تووشەم بۆ خستۆتە بەر خۆم... بەڵام دنیاگەڕی گەورە، نوتفە لەم مەرحەلەیەدا ئینسان نییە))

((ئەولیا... وردە وردە بەرچاوم ڕوون دەبێتەوە کە هەرشتێ ئینسان نەبوو؛ تۆ قەتڵی بە موجاز دەزانی!))

((........، ....، ....

((

((......................، ....؟))

((..............!))

سفری پەش

من کە ناچار بووم هەموو مێژووی عوسمانییەکان، لە بیرۆکە سەرەتاییەکەی خواجە ئەحمەدی یەسەویەوە و بە عوسمانی کوڕی ئورتۆغڵدا تا عەبدولمەجیدی دووەم بۆ تێگەیشتن و سەرلێدەرکردنی ئەم نهێنییە چەندین جار بخوێنمەوە... هەمیشە و لە چەند شوێنی جیاوازدا دەکەوتم بەسەر ئەو ڕووداوە نادیارەدا کە مێژوونووسان ناویان نابوو: (گرێکوێرەی ئیمپراتۆر).

گرێکە گوزارشت بوو؛ لە ڕقلێهەڵگرتنێکی لەناکاوی سوڵتان سەلیمخانی کوڕی سوڵتان سولەیمانی قانوونی، لە نزیکترین برادەری خۆی بە ناوی مەلیک ئەحمەد پاشا، کە بە ڕێکەوتێکی باوەڕنەکردە لە شمشێری سووری جەلادی دیوانی (هۆمایۆن) لە ئیستانبوڵ فریادی دەبێت و سەڵتەنەت لە سەدری ئەعزەمی دەخات و دووری دەخاتەوە بۆ ویلایەتی (وان).

لە گەڕانمدا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات جارێک وەک کۆچبەرێکی تاراو و جارێک وەک چیرۆکنووسێک، توانیم بگەمە شوناسی ڕاستەقینەی خەدیمی سوڵتان؛ لە مۆزەی مێژوویی (سۆفیا)دا و لە دۆکومێنتێکی زەرد و پواودا کە باڵوێزی ڕووس لە (کوشتاندینا)وە ناردوویەتی، نووسراوە؛

((خەدیـــم لە ڕاســـتیدا کیـــژی کەشیشـــێکی ئارتودۆکســـی ئـــۆکراینیە و نـــاوی ڕۆکســـالانا ئاناستاســـیا لیسوفســـکایە و لە شـــەڕی خاچپەرســـتەکاندا وەک غەنـــیمە لە گونـــدێکی بچـــووکی سەرســـــنووری مۆڵـــــداقیا دەگیرێـــــت و لەبەر جـــوانی و چاوکەژاڵییەکەی هەر زوو دەگاتە حەرمسەرای سوڵتان)).

بەوەشـــــدا مـــــاهی دەوران؛ (گوڵبەهارخـــــان)ی ژنە گەورەی ســـوڵتان ئیرەیـــی پێـــدەبا و لە غەمـــی قورســـیی پـــایەکەی خـــۆی و مەترســـیی داگیرنەکردنـــی مێـــردەکەی، دەکەوێـــتە شـــەڕێکەوە لەگەڵیـــدا، کە بەســـەرکەوتنی کـــچە کریســـتیانەکە و شـــکانی خـــۆی و دوورخســـتنەوەی بـــۆ شـــاری (پورســـا) لەســـەر دەریـــای ڕەش، کۆتایی پێدێت.

سفری خیانەت

شـــەوێک لە گفتوگـــۆیەکی دوو قۆڵیـــدا لەگەڵ گەڕیـــدە و تـــاقە مێژوونووســـی ئیمپراتـــۆر، لە باخەکـــانی میـــر عەبدالْخانـــدا لە بەدلـــیس، مەلیـــک دەفەرمووێـــت: ((خیـــانەت بـــۆنی هەیە و بـــۆنەکەی شـــتێکی فێـــنکە وەک بـــۆنی ڕەیحـــانە)). ئەولیـــا زۆری دەبـــا، تـــا شـــتێکی زیـــاتر لە نهێنییەکەی ئەو و ڕۆکســـالانا چنـــگ بخات...

PDF 4 KURD

ئەحمەد پاشا لەژێر کاریگەریی قورسی شەرابی شیری مایندا و لە وەڵامی پرسیارێکی نۆرزانانەی چەلەبیدا کە ئایا: ((خیانەت، بە خسوس بۆ عالی مەقامان شتێکی دروستە یان نا؟)) مەلیک هەناسەیەک هەڵدەکێشێت، کە ئاهی ڕۆژگارانی نووی لێ دێتە دەرێ و وا جواب دەداتەوە کە خیانەت: ((قەرارێکی ڕاستە، ئەمما لە وەقتێکی غەڵەتدا)).

سفری ڕۆح

ئەو کتێبەی شەیتان لەسەر مێزی کافێیەک لە شەقامی سۆدێرباری لە ستۆکهۆڵم بۆ منی جێ هێشتبوو، جۆرێکە لە جادوو، جادوویەکی ڕەش... هەموو جارێک لاپەڕەکانی دەگۆڕێن، بەوەدا ژمارەیان لەسەر نییە، دۆزینەوەی چیرۆکێک تێیدا زۆر دژوارە... چەلەبی لەم کتێبەی شەیتاندا سەعات و بەرواری ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی تەمومژاوی و قژقژ نووسیوەتەوە، بە شێوەیەکی ئاڵۆز شەوڕۆژی دابەش کردوە بەسەر ١٠٠ سەعاتدا و هەر سەعاتێکی بە ١٤ دەقیقە و نزیکەی ٤٠ چرکە مەزەندە کردوە. لەم کتێبەدا پاراگرافەکان جێگە دەگۆڕن و جاری وا هەیە لە ناوەڕاستی بەسەرهاتی گەشتێکدا دەوەستێ و بەدوایدا چەند لاپەڕەیەکی سپی دێت، وەک ئەوەی نووسەرەکەی بخوازێت

PDF 4 KURD

چیرۆکەکە بە کەسێکی تر تەواو بکات! نازانم بۆ پاش ئەو دیدارە کورت و لەپڕە؛ وا هەست دەکەم شەیتان بیەوێت بە ستراتیژی خۆیدا بچێتەوە و ئەم جارە وەک دوژمن نا، بەڕاستی وەکو دۆستێک هاوڕێیەتیی ئینسان بکات!

ئەولیا لە زاری شەیتانەوە نووسیویەتی: ((ئایا خالیق ڕێگە دەدات بەم کاریسەیە و لە زدی خۆی لوعبەکە نیهایەت بێ و ئیتر هەمووان تەجرەبەی نەوعێکی تر لە حەیات بکەن... حەیاتێکی موتەهەر کە نە ئەوی تێدابێت و نە من؟)).

تیۆری ژیانی خاوێن؛ ژیانێک بێ خودا و بێ شەیتان بەشێک بوو لەو کونپشکییەی من لە بیرۆکەی هەمیشەیی پشتی کتێبەکەدا هەنووکە دەیخوێنمەوە.

سفری خۆشاردنەوە

من ئێستا وا خەریکە ئەم لاپەڕە پەرش و پەڕاگەندانەی لە بەردەستمدان، بە وەستاییەکی چیرۆکنووسانەوە پێکەوە بنووسێنم و لە تەکنیکێکی کۆلاجیدا فێڵێک لە ئێوە بکەم و بێ ئەوەی هەستی پێبکەن، خۆم و ژنی هاوڕێکەم؛ یانی تازە دۆستی من، بە سکێکی نۆمانگییەوە لەم دونیا ڕەقەی ڕیاڵەوە بۆ بەهەشتی کاغەز هەڵبێین، سەرزەمینێک کە چاوی کز و کەمتینی ئێوە ناتوانێ بمانبینێ.

بە ئەمانەتیشەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم دەستنووسە مولکی من و شەیتانە پێکەوە، ئەوا بە ئاگاداری خۆیان و لەسەر ئیزنی ئێوە، من جارێکی تر ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە و ڕەنگە ناوی بنێم؛ تەوراتی ئەولیا بە خەتی ڕەیحانی... کتێبێک؛ کە ئێوارەیەک بە ڕێکەوت لە کافێیەکی چکۆلانەی شەقامی سۆدێرباریدا لە ستۆکهۆڵم، نیشانی شەیتانی بدەمەوە، شەیتان؛ ئەو گەنجە چاوبادامییەی لە ئەکتەرێکی فەرەنسی دەچێت و ئێستا ناوەکەیم بیرچۆتەوە.

٢٠١٢

PDF 4 KURD

هێڵی ئاسنی پۆڵاند

٢:١٢ AM

بـــەفر دەبـــارێ... بـــە قادرمەکـــانی گەیتـــی ژمـــارە ســـێدا ســـەردەکەوم و بیـــری تـــۆ دەکەم. کرێـــوە دەکـــات و هەمـــوو شـــتێک ســـپی دەکـــاتەوە، ســـەرنجم لەســـەر ســـکەی قـــاوەیی شـــەمەندەفەرەکە جـــێ دەمێنێـــت، کە وەک پەیژەیـــەکی ئاســـنی ژەنگـــاوی لەژێـــر توێخێـــک ســـەهۆڵدا ڕاکشـــاوە و لێڵتـــر دەنوینێـــت... ئەمشـــەو لە هەمـــوو ئەو شـــەوانە ســـاردترە کە ســـەرما بێڕەحمـانە تـا ئێسقان بە تـۆدا چۆتە خوارێ. خـۆم بـۆ کۆناکرێتـــەوە، وابـــزانم خەیـــاڵ لە ســـەرمدا دەیبەســـتێت... سەرخوشـێک شـتێکم پێدەڵێت، هـیچ تێنـاگەم، خـۆم وا نیشـان دەدەم کە نامەوێـــت گـــوێم لێـــی بێـــت، درۆ دەکەم، لە زمـانەکەی نـاگەم... دێـتەوە بەردەمـم، چاوەکـانی وەک بزمـار دەچەقێنێـتە نـاو چـاوانمەوە. نیگـام لەسـەر قەتـیس دەکـات، مـن زۆر لەوە دەترسـم لە کـاتی قسـەکردندا بەرانـبەرەکەم چـاو ببـڕێتە چـاوم... ئەمە شـتێکی جاڕزکـەرە، وەک ئەوە وایە

کەسێک بە ڕووتی سەیرت بکات. ئەو شتەی؛ تۆ لە کەسی قبووڵ ناکەیت! ئاخر هەموومان حەرەمێکمان هەیە، مرۆڤ بە درێژایی مێژوو ویستویەتی و دەیەوێت ئەو حەرەمە بپارێزیت.

ئەمشەو لە سەرمای ئەم بەفرەدا تیاماوم؛ بەفرەکە قورسە، دەڵێی هەر بۆ من دەبارێت، ئاسۆیی و ستوونی لەم وێستگە ڕووتەڵەیەدا بە سەرمدا دێتە خوارێ... هەست دەکەم بەفر لە زەوییەکەشەوە هەڵدەستێ و هورووژم بۆ من دێنێ، ئەڵێی ڕێکەوتنێک لە نێوان ئەم کلووانەدا هەیە بۆ ئەوەی ئەمشەو من بکەن بە پارچەیەک بەفر... شێرەبەفرینەیەکی سپی... لە حەسرەتی ئەوەدام ئیتر ئەوەندە ڕووت نەبمەوە، ئەوەندە هەڵنەماڵرێم... ئەها چاوم پڕبووە لە ئاو!

وێستگەکە چۆڵە، ژنێکی میانەساڵ چەند مەترێک لەولای منەوە وەستاوە... سەرخۆشەکە دەوروخولی هەردووکمان دەدا، بە تیلەی چاو لێی دەڕوانم؛ ژنەکە وا لە سێرەمدا، سەرخۆشەکە لێی نزیک بووەتەوە، ئەو تەنها بە وشەیەکی کورت پەرتەوازەی دەکات... ئاه گەر بمزانیایە چی پێ وتووە؟! من تەنیا ئەو چەند پیتەم بەسە بۆ ئەوەی دونیا بوەستێنم و هەموو کەسێک لە ئاست خۆمدا، بخەمەوە شوێنی خۆی.

PDF 4 KURD

شـەمەندەفەر وەک مـارێکی سـڕ، لۆژەلـۆژ بە ناڵەیـەک تـێکەڵ لە ئـێش و زیکـەی گوێکەرکـەری ئیسـتۆپی پێچکـەی پـۆڵای سـەر ڕێـگەی ئاسـن؛ شـەش مەتـر دوورتـر لە بەردەممـدا دەوەسـتێت. بەخێرایـی بۆیـاخی کاڵـەوبووی سـەر پلێتەکـە دەخوێنمـەوە: (ژمـارە ٤٠٨ هێڵـی ئاسـنی نێودەوڵـەتیی پۆڵاند).

خانمەکـە لـە دەرگاکـەوە نزیکتـرە، ئـەوەتا پـێش مـن دەڕوات و سـەری مـن و پێچکـە بچووکـەکانی جانتاکـەی بەیەکـەوە دەخولێنـەوە؛ کـە بـە سێ پلـە لـە زەوییەکـەوە دەفرێـت و لـە کۆنـەشـەمەندەفەردا بـزر دەبێـت. کە لەڕاڕەوە تەنگەکـەی نـاوەوەدا بە دوای کابینەکەمـدا دەگەڕێـم، ژمـارەی کوپـاکەمم بـۆ نـادۆزرێتەوە... ژمـارەیەکی ئاسـانە؛ ١٦، بەڵام هەمیشـە لەو جێگایـانەی بونیـام کـاری بە ژمـارەیەک دەبێـت، ئـەو خـۆی لێدەشـارێتەوە! مـن دەیـان جـار لەگەڵیانـدا توشـی ئەم یـارییە بێتامـە بـووم، وەک ئەوەی ژمارەکـان حەزیـان لە گەمە بێـت؛ ئەو شـتەی کە مـن ئێسـتا لە توانامـدا نییـە، لـە ڕاسـتیدا هەر بیرم نایەت من کاتێکم بۆ یاری دانابێت!

ئەم کـوڕە ڕۆژهەڵاتییـە سەرڕەشـەم خـۆش دەوێـت... حـەز دەکـەم مـن دەسـت پـێ بکـەم، نـازانم لـە کوێوە... بـەخێرهاتنی دەکەم.

٢:٣٢ AM

کوپـاکەی خـۆم دەبیـنمەوە... پێشـتر دە جـار بە بەردەمیـدا تێپەڕیـوم، مـن دەڵـێم ژمارەکـان فێـڵ لە بونیـام دەکەن! نـازانم بـۆ نەمبینـی! خـانمی هاوچـاوەڕوانی وێسـتگەکە؛ لەوێ بـارگەی خسـتووە، کە مـن دەرگـا شووشـەکەی کوپـاکە دەتـرازێنم، ئەو خۆی بە جێخەوەکەیەوە سەرقاڵ کردووە.

چەنـد خولەکێکـە لە کوپـاکەدا گیرسـاومەتەوە دەمەوێـت جـێگە خەوەکەم خـۆش بـکەم، کاتێـک سەرڕەشـی وێسـتگەکە دەرگـاکە دەترازێنێـت و لـە کوپاکـەی منـدا وەک دیارییـەکی خـودایی سـەوزدەبێ. کـە قـاچی مەحکـەم و سـەنگین دادەنێت، بە لاچاوێـک سـەیری دەکەم، زۆر نهێنیئـامێز دیـار نیـیە، بەڵام وەک ئەوەی بیەوێـت شـتێک بشـارێتەوە، سـەری زۆر دەجوڵێنێ، وابزانم جێ بە خۆی ناگرێ.

بـێ گرنگیـدان، وەک ئـەوەی مـن پشـیلەیەکی پیسـی کـۆڵان یـان سـەگێکی خـوێڕی بـم و بەهەڵـە بـووبێتمە مـایەی هەراسـانکردنی ئەم ئەشـرافزادەیە، بـە لاچاوێـک نیگایـەک

PDF 4 KURD

دەکات. لە نیگای دڕی ئەودا؛ من بووم بە شتێک، شتێک کە ناتوانم ئێستا بیگێڕمەوە، بەڵام دەزانم کە دەتوانم لە کاتێکی تردا بە درێژیی پێت بڵێم ئەو جۆرە لێ ڕوانینانە کوناودەرانە چین.

ئەو تەماشایانەی کە شتێک لە سۆز یان بەزەیی یان مەکریان تێدایە... لە بەرانبەریدا دادەنیشم و جانتاکەم دەخەمە کۆشم. شەمەندەفەر لە بەدبەختی من؛ درەنگتر لە کاتی خۆی؛ دەبزوێت. من ئەمە ناو دەنێم: (کاتی زیادە)، کاتێک کە تێیدا خودا یاری لەگەڵ بەندەکانیدا دەکات... شەرم دەکەم، لە خۆوە و لە دڵەوە دەبم بە قەترەیەک ئاو... خۆم وا نیشان دەدەم کە زۆر ئاساییم، بەر لە خۆم؛ هاوکوپاکەم دەزانێت کە درۆ دەکەم.

٢:٣٧

لەوە دەچێت ئەم کوڕە، ڕۆژهەڵاتییەکی قاچاخ بێت! ساتێک دواتر کارمەندێکی ڕووسی پیر جامخانەی کوپاکە دەترازێنێت، چێکی بلیت و پاسپۆرتەکان دەکات، کە بەڵگەنامەکانی ئەو دەخوێنێتەوە، لێی دەپرسێت:

"Ist das ihre erste Reise? (یەکەم جارتە سەفەر بکەیت؟)"

"Sprechen Sie Deutsch! (دەتوانی بە ئەڵمانی قسە بکەی؟)"

PDF 4 KURD

"Hvad med dansk sprog? (دانمارکیش نازانی؟)"

کــوڕەکە زۆر ڕۆحشــیرینە، بەڵام لەوە دەچێــت بترســێ، خــۆی بە پێڵاوەکــانییەوە خڵەفانــدووە، کارمەنــدەکە ســەیری مــن دەکــات و بــرۆی وەک دوو کەوانــەی نــاو قوبەیــەکی شــینی ئێرانــی بــە ئاســمانەوە هەڵدەواسێت. ئەم کــوڕە ڕۆژهەڵاتییە سەرڕەشــەم وەک دیۆنیسوســێک دێــتە بەرچــاو، هەســت دەکەم دەتوانێــت شــەوێکی گەرم، شــەوێکی دۆزەخــیم بــداتێ؛ ئەم ڕۆژهەڵاتییەی ئەوەتــا بەشــانی پتــەو و پــانی و بەبــاڵای بــەرز و ڕێــک و هــەنگاوی ســەنگینەوە هاتۆتــە کوپاکــەم. ئەمە پیــاوێکە دەتوانێــت تــا شــەرای مەرگ ژن ئاســوودە بکــات... هەســت دەکەم ئەگەر چاوەکــانم لێــک نــێم، وەک پڵنگێکــی برینــدار ئەم پیــاوە هــورووژم بێنێــت... جلەکــانم لەبەر دادڕێــت... پــارچە جلە تەنکەکانی ژێرەوەم دەبینم بەدەمیەوە توێ توێ دەبن.

بەڵگەنامەکانمــان لە لایەن ژنــە کارمەنــدێکی پیــری ڕووســیەوە پشــکنران، ســەیری بلیــتەکەی منــی کــرد و پرســیارێکی کــرد، کە مــن بەخۆخڵەفانــدن بە قەیتــانی پێڵاوەکــانمەوە وەڵامەکەیــم کوشــت. کارمەنــدەکە دوو ســێ قســەی تــریش دەکــات، نــازانم دەڵــێ چــی! حەزم دەکــرد بەردەوام پەرســڤی ئەو پرســیارانەی بە دڵم نین، ئاوها بە قەیتانی پێڵاوەکەمەوە ....

٢:٤٨ AM

هەموو شتێک باشە... ژنەی هاوکوپام شتێک دەڵێت، تۆنی دەنگی وەک ستەیمێنتی پرسیارێک دێتە گوێ:

"Willkomen (بەخێر بێیت)"

خۆم وا نیشان دەدەم؛ کە دارستانی ڕەشی دەرەوە خەیاڵی دوور بردووم و ئاگام لەوە نییە لە ناو ئەم کوپا دارینە بچووکەدا چی دەگوزەرێت. ئەو وەک شەڕانگێزێک جامی بەشی سەرەوەی کوپاکە دەترازێنێت، هەوای سارد بە هوروژم خۆی دەکات بە ژووردا... هێشتا پێم نەگەیشتوە کە ئێسقانەکانم دەزریکێنێن، لەپڕ دەکەومە گومانەوە لە جەستەم! ئاه لەوەی ٣٩ ساڵە درۆم لەگەڵدا دەکات... من خودی ئازار ناژیم، من تا هەنووکە ترسی ئازار ژیاوم!

موعتادەکە دەکشێتەوە، شەمەندەفەر ڕێک لە بەردەم مندا دەگیرسێتەوە... جانتاکەم ڕادەکێشم و بە سێ پلیکانە سەر دەکەوم.

PDF 4 KURD

ئەم ژنە بەبایە شتێکە لە تەرپۆشەکان، لەو ژنانەی هەرچەند دەکۆشن بیشارنەوە، کەچی هێڵی ڕەشی ژێرچاویان گورج تەمەنی زۆریان دەدرکێنێت.

تەرایییەکی سەیر لەم ئافرەتانەدا هەیە. هەروەک چۆن شەنگی نییە، ئەمە جوانییش نییە، نا ئەمە مێینەیەتییە، شلەیەکە کە لە دڵیاندا خەست بووەتەوە و لەژێر مەمکی چەپیاندا وەستاوە، هەمان ئەو بۆنەی پیاو دووردوور فریو دەدات... ئەو بەبایە ئەمشەو شتێکم لە دەست دەقەومێنێت.

خۆم وا نیشان دەدەم نووستووم، جارجار بە ئاستەم پێڵوی چەپم دەترازێنم، کابینەکە تار و نارِوونە؛ ئەو کوڕە لەژێر گڵۆپی کزی کوپاکەدا دەبینم؛ وەک پەیکەرێک چاوی بڕیوەتە من. لە دڵەوە حەز دەکەم بزانم ئەم سەرڕەشە خوێنشیرینە بیر لە چی دەکاتەوە؟! خۆی لێ کردووم بە نووستوو، مەمکە تورتەکانی لە ملوانی درێژیەوە خەریکن تەشریف دێننە دەرێ. وەک ئەوەی شتێکی تیا پەنهان کردبن؛ ڕانە تورتەکانی توند جووت کردووە. چاوە بچووکەکانی بە عیشووە لێک ناوە، سەرنجی لەسەر کۆدەکەمەوە پێڵوی سەرەوەی دەترووکێت...

دەزانم نەنووسـتووە، ئەم ژنە بـۆ وا دەكـات؟ ئەگەر ئێسـتە لێی بنیشـێم... لەوانەیە بقیژێنێـت... لەوانەیە كارمەنـدە پیـرە رووسـە بێـتەوە. لەوانەیـە میـوانە كۆنەكـانی شـەمەندەفەركە؛ ئەوانەی لە وارشـۆوە هـاتوون، بـرژێن بەسـەرماندا... لەوانەیە وێسـتگەی دواتـر دامگـرن و بمـدەنە دەسـت پـۆلیس... ئەو كاتە........

موعتادێك داوای یەك ئیرۆ لە من دەكات:

"lass mich in Ruh!" (وازم لێبێنە!)"

هەوا سـاردە، مـن هێكرِاهێكـرِا جـگەرە دەكێشـم، خەیـاڵم لە شـوێنێكی دیـكەیە... دووكەڵەكە بە ئاسـمانەوە دەیبەسـتێت. ئێـوارە رِادیـۆ گوتبـووی ٢٥ سـاڵە (كـۆلن) هێنـدەی ئەمشـەو پـلەی گەرمـای دانەبەزیـوە. سـەرماكەی سـاردترە لەوەی بنووسـرێتەوە، لـێ شـتێكی نـاخۆش نییە... هەستی پێـدەكەم لە ژێـر كـابۆ كـاڵەوبووەكەمەوە خـۆی دەكـات بە ژووردا و بە ئێسـقانمدا هەڵدەشـاخێ... وابـزانم كەس لێـرە نیـیە، یەك دەقـیقە بـا سـەیرێك بـكەم... كـورِێكی سـەررِەش... لەوە دەچێـت دوودڵ بێـت، خێراخێـرا سـەر دەجوڵێنێـت و ئـاورِ دەداتەوە، جـێ بـە خـۆی نـاگرێ، لەوانـەیە پەناهەندەیـەكی نایاسـایی بـێ، بـۆم گرنـگ نیـیە. مـن سـەفەری هـامبۆرگ

دەکەم، سبەینێ لە بارەی نامەی دکتۆراکەمەوە گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆرەکەم دەکەم کە دواجار دوای ئەو هەموو دوودڵییە، خۆم یەکلایی کردەوە و ناونیشانی: (Der Masochismus im Bezug auf die sexuelle Beziehung_ مازۆخییەت لە پەیوەندییە زایەندییەکاندا)م بۆ نامەکەم هەڵبژارد.

لە وێستگە ساردەکەدا سەیری ئەو سکرینە دەکەم کە بە گڵۆپێکی نیۆنی سوور نووسیویەتی: ١٢ خولەکی تر شەمەندەفەرەکە دەگات. سەرخۆشەکە دەوروخولی کورە سەرڕەشەکەی داوە، من ئەوانم خۆشدەوێت، ئەلکهولییەکان نا، پەناهەندەکان... ناتوانم ناوێکی تریان لێبنێم، ئەگەرچی من ڕاسیست نیم، پێچەوانەی هەندێک لە ئەڵمانەکان؛ من سەرڕەشەکانم خۆش دەوێت، ڕۆژهەڵاتییەکان دەتوانن ئینسان ئاسوودە بکەن، بەتایبەت بۆ ژنێک کە تەمەنی لە چل هەڵکشابێت. موعتادەکە هەروا میوانەکەی جاڕز کردووە، لە دڵەوە بۆی دادەمێنم، من خەریکم بەم شتانەوە چاوەڕوانیی شەمەندەفەر دەکێشم و سیگارەکەم لەژێر پێمدا بە چزێکی کورت کە هەر نەگەیوەتە گوێم، لە ناو بەفرەکدا خامۆش کردووە.

٢:١٢ AM

کـورێکی سـەرڕەش لـە شـانمەوە دەڕوات، سـەری داخسـتوە، لەوانەیـە خـەیاڵی ڕۆیشـتبێت... لەوانەیـە بیـر لـە کەسـێکی نزیـک بکاتـەوە لـە مەملەکـەتێکی دوور.جـگەرەیەک گـڕ دەدەم و بە قادرمەکـانی گـەیتی سـێدا سـەر دەکـەوم. تەماشـا دەکـەم؛ ئەوە بەفر دەبارێت.

٢٠١١

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

دڵم نایەت ئەگینا دەمردم

بەفـرەکە لەژێـر پێمـدا خـرمەی دێـت و مـن وڕ و هێـواش هەناسـەم تونـدە. دەرگـای ئـوتێلەکە دەدەمە بەر نـوکەپێ و کەس لـێم ناکـاتەوە! ئەم شـارە بـۆنی سـەگی تۆپیـوی لێـدێت... مـن وام، کە زۆر بێتـاقەت دەبـم، جـوێن بە شـار دەدەم. ئەو چاوەکـانی مانـدوون، دەسـتی درێژتـر دێـتە پێشـچاوم، سـەرێکی سیسـەمەکەی لەگەڵ هەڵگرتـووم و دەمانەوێـت بینووسـێنین بە دیـوارەکەوە، ئـاخر مـن لای دیـوارەوە نەبێـت خەوم لێناکەوێـت. خـۆم بە دیـوارە ساردەکەوە نووسـاندووە و هەسـت دەکەم دڵـم هێواشهێـواش سست دەبێت. سـەگێک دەقروسـکێنێت، مـن شـەق لە دەرگـاکە دەدەم و کەس نایکـاتەوە... نـازانم لە تەنیاییـدایە یـان لە سەرمادایە باوەشم کردووە بە خۆمدا.

هەمـوو ئەو شـتانەی بەسـەرمدا دێـن، بە لامەوە دووبـارەن، دەڵێیـت پێشـتر لە هەمـان جـێ، هەمـان شـتم بینیـوە.

PDF 4 KURD

ماوەیەکە وام لێهاتووە. دایکم چەناگەی گرژ دەکات و دەڵێت: "واهیمەیە."

تۆ هێشتا بەلاتەوە زووە بۆ نووسینەوەی ئەو ڕۆژگارانەی لە ئوتێلە فەقیرەکانی شاردا ڕۆژت دەکردەوە. ئەو ڕووی لەودیوە و لە تەنیشتمەوە ڕاکشاوە، هەناسەیەکی درێژ و سارد هەڵدەمژێت و هێشتا نەیداوەتەوە، کە من دەزانم هەموو ئەوانەی خۆشمان دەوێن، ئەوانە نین کە لە تەنیشتمانەوە نووستوون. دایکم دەڵێت: "واهیمەیە کوڕە ئازیزەکەم، لە سەری خۆتی دەربکە".

بە جووتێک پێڵاوی خەنەییەوە، تازە بەفری سەر شەقامە باریکەکە قاژ دەکەم، کەس بەوێدا ناڕوات یان دەڕوات و من کەس نابینم، کەس... ئەویش نابینم کەوا لەسەر سەرچەفە گۆشتییەکەی سەر سیسەمەکە، بەتەکمەوە ڕاکشاوە. تۆ ئەو دەبینیت. پێویست ناکات لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی وادا، شتێک بڵێین کە لە ڕاستییەوە دوورە. من حیکایەتخوانی ڕاستەقینەی ئەم چیرۆکە، دەزانم کە تۆ ئەو شەوە ژنەکەی خۆت دەبینی، بەڵام هەستت پێ نەدەکرد، دەشزانم عەرشێکی پان و گەورە لە نێوان بینین و هەستپێکردندا هەیە.

تۆ لەم شەوە ساردەدا، کەس نابینیت، بەڵام هەست بە عەشاماتێکی گەورەی ئەو شەقامە دەکەین کە وەختە ببین بەژێر پێیانەوە. مرۆڤەکانی ئەوێ سەیرن، بەتەمەنەکانیان کورت و قەمبوور و منداڵەکانیان درێژ و لۆقنن.

چاوت بچووک دەکەیتەوە و وردتر دیقەتی ئەو ساوایە دەدەیت، کە هەتا ناوکی بە باوەشی دایکی و ناوک بەرەوخوار و لۆقە درێژەکانی وا بە دەستی باوکییەوە. دەستبەجێ خەیاڵت بۆ ئەو تیۆرە دەچێت؛ کە دەڵێت جەستە بەپێی سروشتی ژیان، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. تۆ لات وایە ئەو قاچە درێژانەی مرۆڤی ئایندە، هی ڕاکردنن، ڕاکردن لەو دڕکەڕێیەی ناویان ناوە ژیان... هەتا خێراتر بڕۆیت، زۆرتر دەکەویتە چەقی ئاپۆڕاکەوە، سڵ لە خۆت و لەو ژن و پیاوانە دەکەیتەوە کە لە پێشتەوە کۆڵە کۆڵ ڕێ دەکەن. دەوەستیت... مات و سەرسام ماویت... نازانیت بۆ خەوت لێناکەوێت!

ئەو بە تەنیشتتەوە درێژ بوە و گینگڵ دەدات، پێڵوەکانی بە داخراویش دەترووکێن. ڕەنگە نەخەوتبێت. تۆ دەیبینیت هەموو هەستەکانی خۆی لە چاوەکانیدا کۆکردۆتەوە، وەکو ئەوەی بیەوێت بە چاو بژنەفێت. هەموو شت کشوماتە...

ئەو دەنگەدەنگە چییە لە ناو منەوە دێت؟ کاس بووم...

هێواش!

وەکو هەموو ئەو ژنانەی دەیانناسم، ئەمیشم بۆ ڕامناکرێت، یان خۆم نەمویستووە ڕامی بکەم. من هەر کچێکم بوێت لەم دونیایەدا، بە نیگایەک، پێکەنینێک، پیاسەیەک، دۆندرمەخواردنێک، هەر زۆر سرک بێت، بە دانیشتێک ئەوەی بمەوێت، لێی دەکەم.

کەچی هەر لە سەرەتاوە ئەم هاوکێشەیەم لەگەڵ (ژن)دا بۆ پێچەوانە بوە، تەنیا بە چەند ساتێکی کەمی تەلەفۆنێک، هەرچییەکیان بوێت پێم دەکەن. لە دڵەوە ڕقم لە ژنە و لە دڵیشەوە خۆشم دەوێن.

درێژایی شەقامەکەت کەرتکردووە و وڕ و هێواش بە ملپێچێکی کاکاوییەوە هەڵدەکشێیت، کەس بە دەرەوە نییە سەگ نەبێت... چ بۆگەنێکی لێدێت ئەم شارە. من سەرم لە بۆنی ئەم ژنە ئاوساوە. قسەیەک دەکەم، ئەو پێکەنینێکی گێلانە پێدەکەنێت و دەڵێت: "ئەوە پلایمۆزی سێیە، بۆنێکی نەرم و ژنانەیە". من پێی دەڵێم شتێک لە ناو تۆدا، لە شوێنێکتدا تۆپیوە، بیدۆزەرەوە و فڕێی بدە.

سیسەمەکە جێ دەهێڵم، پەردەکە لادەدەم و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکەم، نازانم چی دەبینم،

وەلــێ دەزانــم بیــر لەوە دەکەمەوە، کە نەدەبــا ئەوەنــدە ســەر بــخەمە ســەر ئەم ژنە. مــن وام؛ چــاو لەســەر شــت زۆر ورد دەکەمەوە. حەقــی خــۆمە، مــن بە بــۆنی نــاخۆش تێــک دەچــم. ئەو ڕۆژە لە پاســێکدا بە ژنێکــی تەنیشــتمەوەم گــوت: "تکــایە خــانم... کە لە ســووری مانگانەدایــت، مەیە دەرەوە، مــن بەم بۆنە هار دەبم!".

ئەوەم گــوت و بەبــێ ئەوەی گەیشــتبێتمە شــوێنی خــۆم، لە شــــەقامێک دابەزیــــم. شــــەقامەکەت تەواو کــــردووە بە دەســــتەچەپدا، کەوانــــی دەســــوڕێیتەوە بــــۆ لای بــــازاڕی ستیانفرۆشەکان.

بــــا یــــاری بە پەردە گۆشــــتییەکەی ژوورەکە دەکــــات، وەک ئەوەی بیەوێــت کەشــێکی ترســناک دروســت بکــات. ســاتێک وێــنەی پیــاوێکی لەســەر دەردەکەوێــت، کە ســەری خــۆی گرتــووە بەبندەســتیەوە و دەیەوێــت بــڕوات، وەلــێ نە پانتــایی پەردەکە ڕێــی دەکــات و نە هەنگاوەکــانی خۆیشــی زاتــی جووڵانیــــان هەیە. پەردەکە دەمێکــــیش لە کەوالیســــی شــانۆییەکی کلاســیکیی دەچێــت، کە بە ویســتی دەرهێــنەر بە ئاسۆیی لەمســەر بۆ ئەوســەر ســەما دەکات... ڕقــم لە پەردەی ژوورەکەیە، بە ژنەکەمــم وتــووە مــن وەکــو پەلکەزێــڕینەیەک لە ڕەنگــی کــاڵ دروســت بــووم و بە ڕەنگــی تــۆخیش تێــک دەچــم.

PDF 4 KURD

چەند جارم وت خانم با ئەو جلانەی ژێرەوەت، گۆشتییەکی تۆخ نەبن... وای وەختە بمرم.

زۆر جار بیری دەچووەوە کە من مێردیم، دەگوت کە نەدەبا بیگوتبان. چاوی لەسەر قەتیس دەکردم، دەزانم دەیڕوانی، دەشزانم کە نەیدەبینم. لێوی دەلەرزی و پچڕپچڕ قسەی دەکرد، وەکو ئەوەی دەستێکی غەریبە و شارەزا بەر مەمکی چەپی بکەوێت، لەپڕ بێدەنگ دەبوو.

ئێستاکێ مرۆڤ وای مەزەندە دەکرد دەستە نەناسەکە چووبێتە گیرفانێکی ونەوە، بۆیە وا ئەو کەوتووەتە قسە و هەناسەبڕکێوە.

کە بەهۆش خۆی دەهاتەوە و منی دەبینی، هەموو ئەو کەشە نوێیەی بچووک دەکردەوە، هێندەی هەڵماتێکی شیری کە خاڵێکی شین لە چەقەکەیدا، مەنگ وەستابێت، دەیخستە ژێر یەکێک لە پێڵووی چاوەکانیەوە. هەر بەسەر خۆشی نەدەهێنا کە شتێکی کردبێت. من هەر جارێک چاوم کردبێت، ئەو بریسکە ناچیز و سیحرییەم لەژێر پێڵوەکانیدا دیوەتەوە و بیرم کەوتووەتەوە؛ کە ئەم ژنە چەند لە ژوورەکەی مندا ون و چەند لە خەیاڵمدا ئامادەیە.

بازاڕ چۆڵ و هۆڵ و دووکانەکان داخراون، کەچی من ئەو هەموو ڕەنگەی ستیانەکان یارییەکی بێتام بە چاوم دەکەن،

شینی کاڵ، پەمەیی، ڕەش، پڵنگی. دوکاندارە ژنانییەکە خەریکی ڕێکخستنی یەک دوو ستیانی تازەیە، زۆرزانانە دەیەوێت بە هۆی شێوازی ڕێکخستنەکەیەوە، بە مشتەرییەکان بڵێیت: "بڕوانن، بزانن ئەم پەرجووە چۆن مەمکی پڕ و خڕ و کەوانی، لە مەمکی درێژ و باریک و لات جیا دەکاتەوە".

شۆڕشگێڕانە هوتاف دەکێشێت:

"وەرنەوە... دەتوانین دونیا لەسەر دەستی ئێوە و مەمکی ناو ستیانە ناسکەکانی من بگۆڕین". گوزەرە چۆڵەکەی ستیانفرۆشەکان جێ دەهێڵێت.

هەناسەم توندە، ژوورەکە بەشی هەنسکی بووکەشووشەیەک هەوای تێدا نەماوە، ئەم ژوورە سەرەتا وانەبوو... ئەو وەک هەر شتێکی بێگیان، وەکو پەیکەرێک، نا، وەکو خۆی ڕاکشاوە. هەناسەکانی هێندە قووڵ هەڵدەمژێت، وەختێک دەیداتەوە، مرۆڤ وا دەزانێت بەو هەناسەیە پەپوولە پاییزەیەک دەنێرێت بەدوای خەونێکی دوور لە مەملەکەتێکی وندا.

ئەوەتا لە کوتە کاغەزێکی بچووکدا، لەسەر مێزتەوالێتەکە بۆم نووسیوە: "دڵەکەم، ئەگەر خۆشت دەوێم، چاوەڕێم مەکە، من لە هەر سەفەرێکمدا چاوەڕێ کرابێتم،

نەهـــاتوومەتەوە". دەرگـــاکەم لە دوای خـــۆمەوە داخســـت و بەو شـــەوە بەفـــراوییە، هـــاتمە دەرەوە. دەشـــزانم ئەو خـــانمە بێگـــوێیە، هێنـــدە چـاوەڕێم دەکـات کە ئیتـر نـایەمەوە... دڵـم نایەت، ئەگینا... هیچ لێی گەڕێ!

لە بـــاڕێکی چەپەکـــدا دانیشـــتووم و بە مەیفرۆشـــێکی منـــداڵکار دەڵێم: "بیرەیەکی ساردم بەرێ، دڵم زۆر پڕە."

٢٠٠٤

ژولیا و دەستنووسەکەی مەولانا خالید

هەمیشە سواربوونی پاس بۆ من چێژێکی تایبەتی هەیە. لە پاسدا زۆر نزیکیت لەوانی تر، نزیکێکی دوور. من ئاواتمە ڕۆژێکی باران لە پاسێکدا دابنیشم و لە پەنجەرە لێڵ و ڕێرێکەیەوە تەماشای وێنەی دەرەوە بکەم. هیچ کاتێک بۆ من وێنەی دونیا لەنێو پاس و لە دەرەوەی پاس؛ یەک وێنە نەبوون. ئێستاش کە لەو قاوەخانە ئیتاڵییەوە بە ڕاکردن بەژێر بارانەکەدا خۆم گەیاندە ئەم پاسە؛ هەر بیرم لەمە دەکردەوە.

لێرە سێ ڕۆژە لەسەر یەک باران دەبارێ و هەڵی نەپرینگاندۆتەوە. پاش برێ دوودڵی، لە کورسییەکی بەشی دواوە دادەنیشم و سەرم دەنێم بە پەنجەرەی پاسەکەوە کە بە هالاوی گەرمی هەناسەی سەرنشینەکان هەڵمی کردوە. ئەوەتا وێنەی دەرەوە، وەک ئەوەی لە خەونێکی دووردابم؛ وەک گەردانەی تەمێکی فێنک دەبینم. تەنها یەک دوو شوێنی بەتاڵ ماون و وا پاسەکە بە هێواشی دەکەوێتە ڕێ.

لە ڕادیـۆکەیەوە مۆسـیقایەکی جـازی شەسـتەکان پەخشـدەبێ، مـن لە جـێگەکەی خـۆمەوە دەنگـی کـزی بە ئاسـتەم دەژنەفـم. لەوانەیە هەوای بـارانەکە سەرمەسـتی کـردبێتم؛ ئەوەتـا بیـر لە نـامەی نـاو ئەو قورئـانە کـۆنە دەکەمەوە، کە ڕەنـگە سـەرتاپای ژیـانم بگۆڕێـت. نـامەیەک کە ٢٠٠ سـاڵ لەمەوپـێش پیـاوێکی پیـر، شـێخێکی تەریـقەت بـۆ خەلیفەیەکـی خۆشەویسـتی خـۆی لە خاکی میزۆپۆتامیای ناردوە.

دەستپێکی نامەکە

بیئیسمهی سوبحانە

برادەری عەزیز، شێخ عەبدوڵای هەڕات

لە ئوومرتـــان ســـوئاڵ دەکەم و لە خـــوای تەعـــالا ســـاغی و ســـڵامەتیتانم تەڵەبە. ڕیســـالەکەتان گەیشـــت پـێم، لە جەوابـی ســـوئالەکانتا لە ئیبتیـــداوە مەقســـەدی خـــۆم لە خزمەتتانـــدا عەرز دەکەم. ئەم دەردەی کە دەفەرمـــــــــووی بەئیســـــــمی (عیشـــق) توشـی ســۆفییەکتان بـوە، بـێ دەوا نیـیە، لاکـین لەوەدا کە جەنابتـــان بە حـــیلەی شـــەیتانی لەعینـــی دەزانـــن، لە ئەساســـــەوە بە ســـــەهودا ڕۆشـــتوونە و لە گەورەیـــی خـــالیقی خۆتان بێ خەبەرن.

PDF 4 KURD

بەندەی خادیم وا شک دەبەم؛ کە خوای جەلەجەلالەهو، هەر وەک چۆن خاوەن ڕەحمە، بە عەینی میسل؛ ساحێب مەکریشە. حاشا وەلیلا کە ئەمە ئەوهامی عەبدێکی ڕوسیاهی میسلی من نییە و در مەوزوع زاتی جەلالەتیان لە کیتابی خۆیا؛ ئیشارەی بەم سیفەتەی خۆی کردووە.

www.fb.com/PDFkurd

ڕووداوێکی ڕاستەقینە و سەرنجێکی پێویست:

من لە ژیانمدا هەمیشە وا بیرم کردۆتەوە، کە شتەکانی نێو ئەم دونیایە و لەنێویشیاندا ئێمە ڕێکەوتێکی کوێر نین. لە کۆتایی ساڵی پێشوودا، من نووسەری ئەم دێڕانە، بە دۆزینەوەی نامەیەکی دێرین، لە کێشەیەکی سۆزداریی لەگەڵ کچێکی هاوپۆلی خۆم بەناوی (ژولیا)، کە هێجگار قورس لەسەرم تەواو بوو، ڕزگاربووم. بەوەدا کە ژیانی تایبەتیی خۆم و کەسێکی ترە، نامەوێ لێرەدا هیچی زیاتر لەو بارەیەوە بڵێم، تەنها ئەوەندە نەبێ، کە من دوای ئەو ڕووداوە، شێلگیرتر لە جاران لە مرۆڤ نائومێد بووم و قووڵتریش بیرم لە خۆشەویستی کردەوە.

بەڕێزان... ئێستا و دوای خوێندنەوەی ئەم نووسراوە؛ هەر کەس و لایەنێک لە ئەکادیمیای کوردی، لە بنکەی ژین،

PDF 4 KURD

لەئەرشـیفی نەتەوەیـی، لە هەر جێگـایەکی تـری خەمخـۆری مێـژوو و شـوێنەواری میلەتەکەمـان لە خـۆی ڕادەبینێت بـۆ لـێ تـوێژینەوە و سـاخکردنەوەی؛ نوسـخەی ئۆرگینـاڵی ئەم دەستنووسـەی مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی —کە وا لەم نووسـراوەدا دەقەکەی هـاتوە_ بـا بفەرموێـت لە ڕێگـای نـوێنەرایەتیی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە شانشـینی سـوید؛ داوایەک پێشـکەش بکـات، تـا بەنـدە بە هاوکـاریی زانکـۆی ئۆپسـالا و لەژێـر ڕۆشـنایی بەنـدی ٣ لە مـادەی ١٨٧ی یاسـای نێـودەوڵەتی پاراسـتنی فەرهەنگیـی _کە مـافی گەڕانەوەی شـوێنەوارەکان بە میلەتـانی خاوەنیـان ڕەوا دەبینێـت_ بتـوانین دەقـی ئەم دەستنووسـەی مەولانـا بگێڕینەوە بۆ کوردستان.

دونیا لە داخیلی بەشەردایە

لە واقیعـا جیهـان لە خـاریجی بەشـەر نیـیە، عـالەم وا لە داخیلـی بونیـام خۆیـدا... کرۆکـی ئینسـان بێشـەیە... بەحرەیکـی عەمـیقە، بـێ قەزابـی... کە یـومێ وا فیکـر دەکـات سـاعیدە... لە حەقەتـدا سـوعاد نیـیە... هەر دوو موسـتەڵەح دوو شـەیئی مـائیلن لە بەدەنـی بەشـەر خۆیـدا... ئەوەی ئەم

عەبدە دڵخۆش وەیا بێ تاقەت دەکا؛ سیمیایە، ئێکسیرێکە لە زاتی نەفسیا. ڕۆژێ کە حیس دەکا باشە، باش نییە، ئێکسیری عالییە وە دەر موزاد کە حاڵی بەدە، شلەیەکی تر لە جیسمیا قەلیلە. لای پیاوی عاقڵ سابیتە؛ کە دونیا لە خاریجی بەشەردا نییە و لە داخیلی دایە، ئەوجا لەو بارە؛ خانەی بەقای عەشق دەبێ هەر داخیل بێ.

یەکەمجار کە دەستنووسەکەم بینی

ڕۆژی یەکی نۆڤێمبەر، کە ڕێکەوتی ڕۆژی لە دایکبوونیشمە، بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەیەک بۆ وانەی ئارکیۆلۆژیا لە (بەشی کولتوور و مێژوو لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان_ Historia och Kultur avdelning inom humaniora-College) لە زانکۆی ئۆپسالا_ Uppsala universitet چووم بۆ (مۆزەخانە و نمایشگای هەمیشەیی کتێب و دەستنووسە کۆنەکان) لە ناوچەی (سوندی باری) لە باکوری ڕۆژئاوای شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید.

PDF 4 KURD

بەشەر عەجەلەیەتی

بـرام، شـێخ عەبـدوڵای هەرات... سـۆفییەکە نـاحەقی دەکـا کە پەلەیەتـی، بونیـام دەبـێ کـامیلەن یەقینـی بە ئیمـانی خـۆی بـێ؛ ئەوجـا لە ڕووی هەڵبـی تەڵەبـی شـت لە خـودا بکـا. ئەم ئینســـانە کە تەڵەبـــێ لە خـــودا ئەکـــا، وا ئەزانـــێ تەعـــالا دەســـتبەرداری ئەم فەلەکە کـــۆنە دەبـــێ و گـــورج دێ بەدەم ئەمەوە!

ئەوە غەدرە لە تەعریفـــی تەعالایـــا، جەلەجەلالەهـــو ئەبەدەن عەبـدی خـۆی بـێ جەواب ناکـا، لاکـین بونیـام بە فیتـرەت عەجـولە، ئینسـان دایـم پەلەیەتـی، چـونکی لە فیکـری چـووە؛ کە زەمەنی ئادەم و زەمەنی ڕەبولعالەمین یەکێک نین.

خـوا هەمیشـە جـوابی خـۆی بـۆ بەنـدە هەیە، ئەممـا بە زەمەنـی خـۆی نەک بە زەمەنـی بەشـەر. مـاجەرای ئەم حەیـاتە قەسـیرە تەسـبیتی کـردووە؛ کە سـاعات لای تەعـالا خـاوە... ئەممـا لە فیکـرت بـێ؛ خـوا کەس بـێ جەواب ناکـات، ئەوجـا ئەوەی کە جەوابـی ئـاخیری خـوا بە نەفعـی بەنـدە دەبـێ یان نـا، ئەوە لە عیلمی ناقیس و ناچیزی ئینساندا نییە.

PDF 4 KURD

ڕێکەوتێکی سەیر

بەوەدا کە شتەکانی ئەم مۆزەیە دانسقە و تایبەتین؛ بردنە ژوورەوەی ژانتا و کتێب و موبایل و هەرشتێکی تری لەو چەشنە قەدەغەیە. کارمەندی پرسگەکە کچێکی پێست ئاڵی، موو کاڵی ئێسک سووک بوو، لەو کچانە بوو کە دڵنیا دەبیت؛ خودا هەر یەکدوو دانەی ئاوها ناسکی وەک نموونەی بەهەشت ناردۆتە سەر زەوی. کە ناسنامەکەی پشکنیم بزەیەکی کرد و نیگایەکی وەهای تێگرتم، کە من هەستم کرد شتێک لەهەناومدا درزی برد. ئەمڕا بە گەرمی پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایکبوونی لێ کردم، ئەوە هەلی دامێ کە پرسیاری شتومەکم لی نەکات و من موبایلە ئایفۆنەکەم کە لە جۆری (S٤)ـە، لەگەڵ خۆمدا ببەمە ژووری دەستنووسە تایبەتەکان.

عەشق مەقسەد نییە

بەندە میسلی یەتیمی تەنیا، خزمەتکاری ئەم ڕێگایەم، خوای تەعالا لەسەری فەرزکردوم بە عیلمی ناچیزی خۆم

PDF 4 KURD

موشارەکەی ئەشکالی حەبیبانی ئەم تەریقەتە بکەم، وەبعد دەبێ پێتان بڵێم کە عەشق موسەلەسێ نییە لە مابەینی ڕانی ئینسانا... نەخەیر... موسەلەسێکە لە لای چەپی سینگی مەعشوقدا! وا خەیاڵ نەکەن عەشق مەسیر بێ... عەشق خۆی تولی ڕێگاکەیە. ئەوسا عەشق تا لە نەفسی بەشەرا پەنهانە، نە کوفرە نە ئیمان، ئیزهاری ئەمە ساحێبی خۆی بە موئمین یا خوا پەنامان بات بە کافر دەکا. ئاخر هەر شەیئێ کە لە دەروونایە لەتیفە، تەعالا پرسوجوی لەسەر شتی لەتیف دانەناوە... وەک تەیرێک وایە لە سەمایا، تۆ تا نەیگریت حیسابی لەسەر نییە، کڕین و فرۆشی پێوە ناکرێ، چوون لە بەیعا تەسلیم شەرتە... شتێک کە لە قەلبدایە تەسلیم نابێ، تۆ چ تەسلیم دەکەی؟! کە وایە عەزێتی سۆفییەکە مەکەن؛ عەشق تا لە دەرونا پەنهانە؛ ئازادە و حوکمی لەسەر نییە.

www.fb.com/PDFkurd

نەخشەڕێگای هاتنی دەستنووس و قورئانەکە

سێ ساڵ بەر لە ئێستا ڕۆژنامەنووسی سویدی (نیکۆلاس سڤێنسۆن_Svensson Nicolas) بۆ ڕومالّکردنی هەواڵەکانی جەنگ؛ وەک پەیامنێری کەناڵی چواری سویدی

دەچێتە سوریا. دوای ئازادکردنی شاری حەلەب لەلایەن چەکدارە ئازادیخوازە کوردەکانەوە، سڤێنسۆن بۆ نیشاندانی ڕاستەوخۆی ڕاپۆرتێک بۆ کەناڵی ناوبراو دەچێتە سەر داروپەردوی مزگەوتی بە تێنتی خاپورکراوی (ئەمەوی).

پاش تەواوبوونی ڕاپۆرتەکە و لە گەڕانێکی کورتی نیکۆلاس بە حەساری وێرانکراوی مزگەوتەکەدا؛ قورئانێکی کۆن لە پارچەیەک قوماشی سەوزی تەپوتۆزاویی دڕاودا دەدۆزێتەوە، وەک هەر ڕووپامایییەک کە لە دۆخێکی ئاوهادا مرۆڤ دەگرێت؛ دەنگێکی نادیار لە ناخی نیکۆلاسەوە لەبری تکا؛ فەرمان بەو کورە چاوکاڵە سویدییە دەکات؛ ئەو شتەی دۆزیویەتییەوە بیپارێزێت.

پاش ئاڵۆزتربوونی دۆخی ناوخۆی سوریا بۆ ئاستێکی ترسناک و خوێناویتر، کەناڵی ٤ی سویدی داوا لە پەیامنێر و کامێرامانەکەی دەکات بەزوویی خاکی سوریا جێبهێڵن. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا و لەڕێگەی فڕۆکەخانەی بەیروتەوە دوو ڕۆژنامەنووسە سویدییەکە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان و نیکۆلاس لەگەڵ خۆیدا قورئانەکە دەباتەوە بۆ ستۆکهۆڵم. قورئانێک؛ کە لەناویدا ئەم پارچە دەستنووسە هەیە.

لەو ناساندنە سەرپێی و زانیارییە کورتەی بە هەردوو زمانی سویدی و ئینگلیزی لە تەنیشت قورئانەکەوە؛ بۆ میوانەکانی

PDF 4 KURD

ئەم مۆزەخـــانەیە نووســـراوە، هـــاتوە: کە دوای ســـاغکردنەوە، زانکـــۆی ســـتۆکهۆڵم ئەم کتێـــبە وەک دەستنووســـێکی دێرینـــی قورئـــان دەناســـێنێت و پێشکەشـــی دەکـــات بە (مۆزەخـــانە و نمایشگای هەمیشەیی کتێب و دەستنووسە کۆنەکان).

نیاز لە عەشقدا

بونیـــام لە عەشـــقدا بـــێ نیـــازە، نیازێـــک ئەگەر هەبـــێ هەر ئەوەیە؛ کە مەعشـــوق لە وجـــودا بـــێ، ئیتـــر خەیـــاڵی وەسـڵ نییە، وەسڵ ختـــورەی شـــەیتانە و هیجـران وەزیـــفەی عاشـــقە... مەعشـــوق لە عەشـــقا لازمە بـــۆ ئەوەنـــا پێـــی بـــگەی، بـــۆ ئەوەی پێـــی نەگەی... مەعشـــوق وەقتـــێ واریـــدە کە مـــونکیری وجـــودی خـــۆی بێـــت، کە بڵـــێ: مـــن نـــیم... کە بڵـــێ: ئەو فەقیـــرە بـــۆ کـــێ وای لـــێ هـــاتووە؟! کە خـــۆی نەبـــان کـــات... ســـۆفی ئەم مەجـــازەی دەوێ تـــا وەک ڕەهنمـــا و ڕابەرێ پیایـــا بگـــات بە حەقـــیقەت... بـــۆیە لازمە ڕوخســـاری جەمـــاڵی ژنـــێ، بونیـــام بگەیێنێت بە سورەتی پاکی خوا.

مـــن لە مـــوعەلیمی خـــۆم، لە قوتـــب زەمـــان، لە حەزرەتـــی شـــا عەبـــدوڵای دیهـلـەوی بیســـتوومە کە فەرمـــوویە: عەشـــق مەزهەری فویـــوزاتی ئیلاهـــی و مەنـــاری ئەنـــواری خـــوایە، جـــازیبەی ڕۆحـــی ئەم شـــتە؛ وا لە مەقامێکـــا کە چـــون میغنـــاتیس ئاســـن جەزب دەکا، ئەویش قەلبی ئینسان بۆی خۆی کێش دەکا.

برای ئەمڕۆ و قیامەتم شێخ عەبدوڵا..

عەشق قوەی بلاحدودی بەشەرە لە داخلی خۆیا، کە سەرگردان دەبێ، کە خوای خۆی ناناسێ؛ ئەکەوێتە سەهووەوە، ئەچێ دەیدا بە ژنێ... بە پیاوێک... لاکین ئەوەی لەو عیلاقە غەڵەتەیا حەقە؛ ئەوەیە کە ئەسڵ عاشقە، ئەسڵ مەعشوق نییە و مەعشوق فەرقە... من عیلمم بەوە هەیە کە؛ مەردومی بەدبەخت ئەسیری حوب و جەماله لە خۆیا، بەڵام ئەوەی کە جەماله کەماڵ نییە، کەچی ئەوەی کەماڵە جەمالیشە.

ناساندنی قورئانەکە

ئەم قورئانە پێوانەکەی (٤٠×٢٤سم) و ئەستوورییەکەی (٩سم)ـە، هەر لاپەڕەیەکی (١١) دێڕی گەورەی بە خەتی (کوفی ئەندەلوسی) و بە مەرەکەبی ڕەش تێدا نووسراوە، سەرجەمی قورئانەکە (٧٢٦) لاپەڕەیە، بەرگی پێشەوەی لە پێستی ئاسکە و بەرگی دواوە و (١٠) لاپەڕەی کۆتایی _کە ڕەنگە لە ئەنجامی بەرکەوتنی زەبرەیکەوە بووبێت_ لێ دڕاو و خراپ بووە. بەپێی نووسینێک بە زمانی عەرەبی، کەسێک بە ناوی (خالد) لەسەر دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوە؛ بە

PDF 4 KURD

مەرەکەبێکـــی هینـــدیی ســـوور، ئەم تەنهـــا دێـــڕە و ئەم ڕێـکەوتەی یاداشـت کـردووە: (ليلـة التاسـع مـن شـهـر جمـادي الأولی ١٢٣٣هـ سليمانية).

هەمووشتێ یەکە

هەمووشـــتێ یەکە، دوو هەر یەکە، ســـێ ســـێ دانە یەکیـــیە، ســـەدیش نەوەد و نـۆ جـار یەک و یەکێکـی تـرە... ڕەقەمـی دی لە عالەمـــدا نیـــیە، کەسـرەت وەهـــمە، جەهـــان هەمـــووی یەکە... عاشـــق ئەو مەزڵـــومەیە کە بەم وەحـــدەتول وجـــودە کـــافرە، کە لای وایە؛ مەعشـــوق مـــادام لە جیســـمێکی تـــردایە، مـــادام ســـاحێب بەدەنە، ئیتـــر یەکێکـی تـرە... بەڵام جیسـمی زەعیـف کوا لە قوەی یەک دێ؟ یەک شتێکە بەش نابێ!

هانا بردن بۆ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

دێـــمەوە مـــاڵەوە، بە تێلەفـــۆن پەیوەنـــدی بە کتێبخـــانەی نێـــونەتەوەیی ســـویدەوە دەکەم، هـــێڵەکەم دەگـــوازنەوە بـــۆ بەشـــی کـــوردی. کارمەنـــدێک دێـــتە ســـەر خەت و بە فارســـی قسـە دەکات، دەڵـێ کە دەتـوانێ لە هەرسـێ بەشـی فارسـی و

کوردی و عەرەبی خزمەتم بکات. ئەمڕا من بڕێ گەرمتر لە ڕۆتینی شت ویستن؛ بە فارسی قسە دەکەم و داوا دەکەم کە بزانێت ئایا کتێبێکمان هەیە بە ناوی (یادی مەردان)؟ ژمارەی بەرگ و ناوی دانەرەکەی پێ دەڵێم، داوام لێ دەکات بڕێ چاوەڕێ بکەم، دیارە کۆمپیوتەرەکەی بەردەمی دەپشکنێ...

من لەسەر خەت ماومەتەوە و خشە خشێکی خۆش لەم تێلەفۆنە نۆرماڵانەدا هەن؛ خەریکن خەیاڵم لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ شەوێکی ناوەڕاستی پایزی ساڵی ١٢٣٦ هـ، ئەو شەوەی مەولانا خالید بۆ دواجار سلێمانی بەرەو شام بەجێ دێڵێت. ئەو شەوەش شنەیەکی فێنکی سەرەتای مانگی خەزەڵوەر؛ هەمان ئەم خشە خۆشە دەکات، کاتێ بەسەر گەڵای شاتووە گەورەکەی بەردەم مزگەوتی خانەقادا دەخزێ. دەنگی کارەمەندەکە لەو خەیاڵەم هەڵەگۆزێ و مژدەم دەداتێ کە کتێبەکەیان هەیە.

دوو ڕۆژ دواتر لە پۆستێکی پێچراوەدا کتێبەکەم پێدەگات، لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (یادی مەردان، بەرگی یەکەم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دایناوە، چاپی ١٩٧٨). بەخێرایی کتێبەکە دەکەمەوە؛ لە لاپەڕە ٣٣دا مەلا عەبدولکەریم لە زمانی میسیۆ (کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ)ەوە،

PDF 4 KURD

نووسـیویەتی: "لە سـبەینێی ڕۆژی ١٧ مـوحەڕەمی ١٢٣٦هـ کە بەرانـبەرە بە ٢٠ی ئۆکتـۆبەری ١٨٢٠ز مەولانـا بـۆ دواجـار سلێمانی بەرەو شام جێ دێڵێ".

www.fb.com/PDFkurd

مەعشوق عاشقی خۆی دەفەوتێنێ

ئەعرازەکـانی وازیحـن؛ ئینسـان کە عاشـق دەبـێ زاری وشـک و ڕەنگـی سـپی هەڵـدەگەڕێ، دەی وایە؛ لەون لایەقـی حـاڵە، وە دەر نیهـایەت؛ مەعشـوق عاشـقی خـۆی دەفەوتێنـێ. ئەوەی کە مەنسـور گـوتی انـا الحـق، ڕاسـتی کـرد... ئەمە کـوفر نیـیە، حاشـا مەنسـور خـۆی لـێ نەبـوو بـوو بە خـودا، ئەو پیـاوی خـودایە هەر نەمـابوو، ئەوەی لەو بەدەنەدا قسـەی دەکـرد خـودا خـۆی بـوو، بـۆیە انـا الحـقی ئەو حەق بـوو، حەقـێ کە لازمـی سـەرداری کـرد... هەنـوز مەعشـوقی ڕاسـتەقینە هەر ئەوەیە؛ کە عاشـقەکەی خـۆی لازم بە سـەردار دەکـا، تـۆ ئەمە بە سـۆفییەکانی خانەقـا مەڵـێ، ئەممـا ئەمە بەتـولی تەئـریخ نەتیجەی حوبی حەق بووە!

وێنەگرتن بە دزییەوە

تەماشای چواردەورم دەکەم؛ جگە لەیەک دوو گەشتیاری ئیسپانی بەتەمەن، کەسی تر لە دەوروبەری من نییە. ئەگەرچی سوور دەزانم هۆڵی مۆزەخانەکە لەژێر چاودێریی توندی کامێرادایە، بەڵام ئازایەتییەک کە بەخۆم نامۆیە؛ وام لێ دەکات موبایلەکەم لە گیرفانم دەربهێنم و خێرا یەک دوو وێنەی نامەکە و قورئانەکەیش بگرم... موبایلەکە بەدەستمەوەیە؛ لەجیاتی بەشی کامێرا بکەمەوە بە هەڵەیەک کە هەمیشە مرۆڤ لەپەلەپەلی ئاوهادا دەیکات؛ دەستم بەر بەشی ئەلبوومی وێنەکان دەکەوێت و بەشەکە بە وێنەیەکی خۆم و ژولیا دەکرێتەوە، وێنەیەک؛ کە ژولیا لە ئامێزمدا چاوەکانی داخستوون و من لێوم بە نیشانەی ماچکردن ناوە بە نێوچەوانی سپی و بەفرینییەوە. خێرا ئەو بەشە ڕەت دەکەمەوە و لە چاوتروکاندنێکدا زنجیرەیەک وێنەی یەک لەدوای یەکی نامە و قورئانەکە دەگرم، کە لەژێر پارچەیەک شووشەی هێجگار ڕووندا لە گۆشەی ڕاستی هۆڵی ئەم مۆزەخانەیەدا دانراون.

ئیشارەی چاو

جەوابــی بــێ کەلام حەوجەی بە ســوئالی بــێ کەلام هەیە... ئەمە نیقاشــێکە بە نیگاهــ دەکــرێ... عاشــقکان هەروا قســان دەکەن... قســە زەرەری دڵە... کەلام لە مســتوای قەلبــدا نــزم و نەویە... ئەهلــی دڵ بــێ کەلام دۆســت و خــواهن... نەســیحەتی ســۆفیەکەو بــکە: هەر ئەوەی تــۆ لە عاشــق هەڵــدێی؛ ئیــزن بــدە مەعشــوق لە تــۆ هەڵبــێ... بــاڵ وازکــا، هەوایەک بخوات...

ئــاخر تەعمــی تــاڵ لە زاری کەســێکدا وجــودی هەیە، کە قەبــلەن شــەکەری خــواردبێ، وەگەرنــا تــاڵ و شــیرین بــێ یەک نــین. بونیــام شــتەکان بە عەکســی خۆیــدا دەناســێتەوە، وەلەو مەعشــوق عەکســی عاشــق نیــیە، مەعشــوق هەر عاشــق خــۆیەتی، بەڵام لە شــکڵێکی تــردا... ســووتان و بــرژان ســیفاتی عەشــقن ئەممــا زاتــی عەشــق ئەمە نیــیە... ئەو ئەگەر لەمە حــاڵی ببــێ، لەوەش دەگــات کە ســیفات زیــادە لە زات و عەینی زات نییە!

نامەی ناو قورئانەکە

لەنێو ئەم قورئانەدا نامەیەکی دەستنووس بە خەتی شکستەی فارسی هەیە، کە بە هۆیەکی نادیار نەبۆتە جێی سەرنجی زانکۆی ستۆکهۆڵم لە توێژینەوەکەیان لەسەر ئەم قورئانە. لەو لێکۆڵینەوانەدا کە بە تیشکی ئێکس بۆ پارچە کاغەزەکە و قورئانەکە کراون؛ دەریانخستووە کە مرەکەبی سەر نامەکە لەچاو مرەکەبی قورئانەکەدا زۆر نوێیە، بەمەش وایان داناوە، کە تەنیا پارچەکاغەزێکی باری سەرنجی خوێنەرێک بێت و بە ڕێکەوتێکی فەرامۆشکراو لەنێو ئەم قورئانەدا جێمابێت. ئەوەی مۆزەخانەکەش کردویەتی؛ تەنیا نمایشکردنی نامەکەیە لەتەنیشت قورئانەکەدا لەگەڵ ئەو زانیاریانەی سەرەوە.

بەڵام ئەوەی ئێستا لەبەر دەستی ئێوەدایە، دەقی ئەو پارچە کاغەزەیە کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی سێ شەو بەر لە مردنی بە نەخۆشی تاعوون؛ لە حەلەبەوە بۆ شێخ عەبدوڵای هەراتی دەنووسێت کە جێگری خۆی بووە لە خانەقای سلێمانی. وا دەردەکەوێت ئەم نامەیە لە وەڵامی نامەیەکی شێخی هەراتدا بێت کە تێیدا لەبارەی عەشقەوە پرسیاری لە مەولانا کردووە، هەرچۆنێک بێت نامەکەی شێخ عەبدوڵای هەرات لەبەردەستدا نییە و ئەوەی سەبارەت بە

نامەی یەکەمی شێخی هەڕات هەیە؛ سەلمێنراو نییە و تەنیا بۆچوونە.

دەبێ بڵێم من نووسەری ئەم دێڕانە، لەبەر وێنەی ناو موبایلەکەمدا؛ نامەکەم بەشێوەی ئەمانەتێکی مێژوویی گەورە؛ کتومت وەک خۆی نووسیوەتەوە و بۆ تێگەیشتن و کارئاسانیی خوێنەر؛ تەنها نووسینەکەم هێناوەتە سەر ڕێنووسی نوێ.

من ئەمە دەڵێم و تۆش هەر ئەمە بڵێ

ئەسڵ ئەمەیە... منیش هەر ئەمە دەڵێم و تۆش هەر ئەمە بڵێ... قسەی ئێمە لە حەقەوە دێت، ڕۆح بە حەق ئاشنایە، بۆیە غەریب نییە؛ دوای قیرائەتی ئەم ڕیسالەیە ئارامی و سەعادەت باڵ بەسەر ڕۆحتا بکێشێت... دۆستەکان لە نەزەرا چەند بەعیدیش بن، لە باتیندا جەیران و نزیکن... عەشق غەرەزێکە ئەم نزیکییە دەکوژێ، دەبێتە حیجاب لە نێوان خۆت و خوای خۆتدا... من زیاتر لەسەری ناڕۆم، ئارایشی کەلام، مەقسەدی کەلام لە خۆیا ون دەکا.

PDF 4 KURD

خـــادم دیـــــن الله و الــــرســــول

خالد نقشبندی

شەوی دوو شەممە، ٩ی زی القعدە ١٢٤٢ هـ

حەلەب، مزگەوتی ئەمەوی

ژولیا لە قاوەخانەکەیە

نـــامەکە دادەدەخەم و دەچـــم لە قاوەخـــانە ئیتـــاڵییەکەی ئەوبەرەوە قـــاوەیەکی خەســت بەبــێ شـیر دەخـۆمەوە، کە ژولیـا دەبیـــنم لە ســـوچێکی تـــری قاوەخـــانەکەدا بەخۆیـــدا ڕۆچـــوە. ئەوەتـــا ئەویـــش ســـەری بەســـەر وێـــنەی نـــامەیەکی دێـــرین و زەرددا شـــۆڕکردۆتەوە و ڕەنـــگە بیـــر لەوە بکـــاتەوە؛ کە گەوهەری نـــاو ئەم نـــامە کۆنینـــانە هێنـــدە تاقـــانەن؛ دەبـــێ بە ئاوی زێڕ سەرلەنوێ بیاننووسینەوە...

مـن هەڵدەسـتم، پـارەی قـاوەکە دەخەمە ژێـر کـوپە خـاڵییەکەم و لە وێسـتگەی بەردەم قاوەخـانەکەدا، بەژێـر بـارانێکی خۆشـدا کە تـــازە دایکـــردووە؛ خـــۆم دەگەیەنـــمە پاســـی ژمـــارە ٤٢. پاسـێک کە مـن دەتـوانم سـەر بنـێم بە پەنـجەرەکەیەوە و لەو دیـــوییەوە دەزولەی خونـــاو ببیـــنم؛ کە بە هێواشـــی... زۆر هێواش بۆ خوارەوە دەخزێن.

٢٠١٥

PDF 4 KURD

مردووان

نـازانم چـیم بەسـەر هـاتووە! خـۆم دەبیـنم لە نێـوان دایکـم و هـاورێ شـاعیرەکەمدا وا بە درێژایـی شـەقامێکی جەنجـاڵ ڕێ دەکەیـن، کەس سـەیری ئەو بەرمـیلە زبـڵانە ناکـات کە سـەرڕێژ بـوون و لێیـان دەڕژێـت .کەس سـەیری خۆشـی ناکـات، کە بەتـاڵ و پـووچ دێـن و دەچـن.. ئەرێ ئەوە چییە؟ ئەو خەڵـکە بـۆ وەکـو کۆرسـی ئۆرکێسـترایەکی ڕۆژهەڵاتـی، بەیەکەوە زاریان داچڕیوە و سەیری من دەکەن؟

"هۆشـت بە خـۆت نیـیە حەیـاتم، سـێ ڕۆژە زادی ئیلاهـی نەچۆتە دەمتەوە."

لە گێـڕانەوەی دایکـمەوە دەزانـم ئاسـایی نـیم، شـتێکم بەسـەر هـاتوە، ئەگەر نـا، ئەو خەڵـکە بـۆ چاویـان لە ئاسـتمدا ناتروکێنن؟ بۆ سەیری شتێک، شوێنک، کەسێکی تر ناکەن؟

"سـەیری کەسـیان مەکە بـاوکە گیـان، ئەگەر کەسـێک تەلەفۆنی کـرد، بڵـێ مـن کـوڕی جەبـاری حەرەسـم و بـاوکم تـا ئەو مزگەوتە چوە، هاکا هاتەوە."

باوکم ڕۆیشت و من ئەو دۆسیە گەورانەم لە دۆلابە شڕۆڵەکەدا دەرهێنا، کە ناو و وێنەی سەدان مردووی ئەو مردووخانەیەی تێدا تۆمار کرابوو؛ ئەو شێتەی تایەی گەورەی لۆری سەری پان کردبووەوە، ئەو میراوەی لە چاڵێکدا ئاسنی تەنکەرێکی ئاو دەچەقێتە شانی و لە ناو ئاودا سێ ڕۆژ لەسەر یەک دەخنکێت و دەمرێت و دەخنکێت و دەمرێت. وێنەی ئەو پیاوە کاملەی لە داخی کوڕەکانی، شەوێک سەعات هەشت قلیشێک دەکەوێتە ناوچەوانی و دەتەقێت و دەمرێت.

وێنەی ئەو شۆفێری تاکسییەی دوای کوشتنی کچە سیانزە ساڵانەکەی لەسەر نامەیەکی دڵداری، وشە سادەکانی ناو نامەکە وەکو نەخشی سەر بەردێکی دێرین، دەچنە دەموچاوییەوە، بە جۆرێک مرۆڤ لە سەیرکردنیدا دەبینێت، وشەکانی (چاوەکەم) چوونەتە جێگەی هەردوو چاوی و (ماچت دەکەم) کە لە کۆتایی هەموو نامەیەکی ئاوا سادەی لاکۆڵانیدا دەنووسرا، ڕێک دەچێتە سەر لێوی باوکەکە و ئەویش دووبارە لەپێناوی گێڕانەوەی حەیادا، خۆی دەکوژێت.. وێنەکان لە ژمارە نەدەهاتن، هەموویان خاوەن چیرۆک و فیلمی خۆیان بوون. کۆیان دەکەمەوە و لە دۆسیە زەرد و کۆنەکانیان دەنێمەوە.

PDF 4 KURD

ئـــێمە هەرســـــێکمانین، بەرەو ســــــەرەوە هەڵدەکشـــێین و منــــداڵێکی پـــاکەتفرۆش پاشـــەوپاش و ڕووو لە ئـــێمە بەرمـــان کەوتـــووە و بە مـــن پێـــدەکەنێت. دانە وردەکـــانی دەبیـــنم کە تـــازە تـــوێژێکی زەردی جگەرەیـــان لە خۆیـــان گرتـــووە، هـــاوڕێ شـــاعیرەکەم دەیەوێـــت منـــداڵەکە دوور بخـــاتەوە و منـــیش هەستی پێنەکەم.

"لە دونیـــادا لەوە دەترســـا منـــداڵ دوای بـــکەون و بەردی تێبگـــرن.. بە منـــی دەوت ئەگەر شـــێت بـــووم، لە ژوورەوە بـــم بەســـتنەوە، ئـــاخر بەو ڕەشـــییە نیـــیە، مـــن پێســـتم زۆر ناســـکە، یەک بەردم تێبگـــرن، هەمـــوو جەســـتەم شـــەقار شـــەقار دەبێـــت، دەتەقێت."

دایکم دەڵێت:

"حـــاڵخراپ خـــۆم.. بەســـاقەویم ئێســـتاکانێ شـــعور و شـــتی نەماوە."

لەبەردەم دەرگـــــــایەکی بچووکـــــــدا، کە پێپلیکـــــــانەیەک لەودیـــوییەوە دەســـت پێـــدەکات و مەگەر خـــوا بزانێـــت لە کوێـــدا کۆتـــایی دێـــت، دەموەســـتێنن. دایکـــم دوودڵە، هـــاوڕێکەم لە گیرفانیـــدا پارچەکـــاغەزێکی بچـــووک لە شـــێوەی تکتێکـــدا دەردەهێنێـــت و دایکـــم دڵنیـــا دەکـــاتەوە، کە خـــۆی وەرەقەی بـــۆ بڕیوم.

PDF 4 KURD

بە تەنیا سەرناکەوم.. لەبەر ئەوە نا هێزی سەرکەوتنم تیا نییە، لەبەر ئەوەی لە تاریکایی سەر پلیکانەکان تۆقیوم، کە وەک ڕەشایی نیوەشەوێکی زستان بەسەر پلەکاندا خۆی درێژ کردوەتەوە.

بە یارمەتی هەردووکیان، پلە بە پلە سەردەکەوم.. من هەمیشە لە چیرۆکدا بە پلیکانەدا سەردەکەوم، هەرگیز خۆمم نەبینیوە داببەزم. ڕەنگە هی ئەوە بێت ڕووداوەکە لە سەرەوە کۆتایی دێت و پێویست ناکات من زەحمەتی هاتنەخوارەوە بکێشم.

لەسەر کورسیی فەرمانبەرەکان دادەنیشم و چاوم لێیە هێشتا فایلی ئەمڕۆ هەڵنەگیراوە، کەچی گەر لە دوورەوە سەیری بکەیت، سەرتوێژێک تەپوتۆزی گرتوە، هەموو شتێک لەو مردووخانەیەدا وابوو، قەدەرێکی کەم پاش هاتنە ئەوێی، تۆزی دەگرت، تۆزێکی زەرد.. کە من ئێستاش ناوی دەنێم تۆزی مردن.. من ئەو شەوە کە لەوێ هاتمەوە، دەتوت لە چاخێکی زۆر کۆنەوە ڕێم هەڵە کردوە و بە لاڕێیەکدا ڕێم کەوتۆتە ئەم سەردەمە.

فایلەکەم کردەوە، تەنیا فۆرم و وێنەی کچێکی تیا بوو، بە خەتێکی گەورەی ناخۆش بەڵام ڕوون، لەسەری نووسیبوو (هانا هاشم کەمال.. خوێندکاری قۆناغی یەکی کۆلێژی

پزیشـــکی، لە گەڕانەوەیـــدا لە ڕێگـــەی بەغــدا، بە کارەســـاتی ئۆتۆمبێـل گیـانی لە دەسـت داوە). لە خــوارەوەی فـۆڕمەکەدا، وەکو پەراوێزێک بە جافێکی سوور نووسرابوو:

(تێبینـــی: ئەمە تەنهـا مـردوە کە تۆمـاری دەکەیـن، لە پـاش تێپەڕینـــی دە ســـەعات بەســـەر مردنیـــدا، هەڵمـــی لـــێ هەڵدەســتێت!!). لە خــوارتر نـاوی فەرمـانبەرەکە و ئیمزایەکـی ئاڵۆزی خۆی کە دەتگوت هێڵکاریی مردنە، جێ هێڵرابوو.

مـاخۆلانم پـێ کەوت، ئەوە مـن نەبـووم تـا هـاتنەوەی بـاوکم بە بێـدەنگی دابنیشـم، ئـاخر بێـدەنگی لەو بینـایەدا زۆرتـر ڕەنگـی مەرگـی دەڕشـت. هەســـتام بەرەو هــۆڵی تەرمەکـان ڕۆیشـــتم، دەزانـم شـەوە و سـەیرکردنی مـردووش بـۆ کەسـێکی زارەتـرەک و تۆقیـــوی وەکـــو مـــن ئەنجـــامێکی باشـــی نابێـــت، بەڵام سـەرەڕۆییەکەم پـاڵم پێـوە دەنێـت بچـم (هانـا) ببیـنم. دەرگـا ئاســـنینەکەی هـــۆڵەکە دەتـــرازێنم و دڵـــم هێنـــدە پەلەپەل لێـدەدات، بە ئاسـانی گـوێم لە دەنگێتـــی.. تەمێکـــی ســـپیی قـــورس، شـــاڵاو بـــۆ دەم و لـــوتم دەهێنێـــت، تـــا ئەو کـــاتە نەمزانیبوو بۆنی مردن، کەسکونترین بۆنی ئەم گەردوونەیە.

بـۆنی شـێ و تەڕی دەکەیـت... زۆرتـر دەچیـتە تـاریکییەکە و ئەگەر گوێـت لە دەنگـی دایکـت نەبـایە، کە بسـمیللای دەکـرد، ئەوە دەتـــوت کە ئەوانـــت لەگەڵ نەمـــاوە، دواپـــلەی پلیکـــانەکە

دەبڕیت، یان ڕاستتر وایە بڵێم دەتبڕێت و خۆت لە هۆڵێکی ساردی تەسکدا دەبینیتەوە. چەند نەخۆشێکی لەڕ و لاواز لەسەر کورسییە چڵکنەکانی بە بێدەنگی دانیشتوون، تەنها یەکێکیان نەبێت بە هەردوو قاچییەوە چووەتە سەر کورسییەک و بە ئاوازێکی خۆشی فارسی، قورئان دەخوێنێت. ئاگاییم ئەوەندەم کۆمەک پێدەکات کە هەستی پێبکەم، جارجار لە نێوان ئایەتێک و ئایەتێکی تردا، شیعرێکی خیام ئەوەندە وەستایانە دادەنێت، کەم کەس دەزانن ئەوە قورئان نییە. دەمەوێت بۆی ڕاست بکەمەوە، وتەکان تا سەر زمانم دێن، بەڵام وەک شتێک زمانم بەسترابێت، ناتوانم بیانڵێم.

دەرگاکەم کردۆتەوە، گوێم لە دەنگی ڕیکۆردەری پاسەوانی کۆگای دەرمانەکەی ئەوبەرە، کە لە ترسی تەنیایی، گوێی لە بێکەڵکترین گۆرانیبێژی میللیی شار گرتوە. وەکو ئەوەی بۆ ژووری نووستنی کەسێک بچم، بە ئەسپایی و ڕێزەوە دەرگاکە دادەخەمەوە و هەنگاو هەڵدەهێنم. بە بەردەم مردووی یەکەمدا ڕەت دەبم و ناوێرم سەیری بکەم. دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەوەندە بەدبەخت بووم، (هانا) دواهەمین تەرم بوو لەو ڕیزبەندییەی بەپێی حروفی ئەبجەدی دایاننابوو.

PDF 4 KURD

واتە دەبوو هەموو مردوەکان تێبپەڕێنم، ئینجا دەگەیشتمە ئاستی ئەو سەرچەفە سپییەی ئەو لەژێریدا بێباک ڕاکشابوو.

"چیت دەوێت.؟"

دەنگێکی قرخن، وەک لە دۆڵێکی دوورەوە بانگم بکات، ڕایچڵەکاندم. بینیم یەکەمین تەرمە کە لە کۆنیدا ئەوەندە زەرد ببوو، دەتوت خوێندکارێکی ناشیی پەیکەرسازی، لە قوڕی دەستکرد بۆ مامۆستای دروست کردوە. لە شوێنی خۆی ڕاست بووەوە، ڕوو لە من چاوەڕێی وەڵام بوو، هیچم بۆ نەوترا.. هیچی چی؟ تۆش بیت هیچت بۆ دەوترێت؟

دەست دەکەیت بە گریان..

ناتوانیت، نە فرمێسکێکت بۆ دەڕژێت و نە نوزەیەکیشت لێوە دێت. دەزانم چاوم پڕ بووە لە ئاو، بە شێوەیەک بە ئەستەم لە لێڵییەکەدا ئەو فەڕاشە ڕدێنسپییەم بۆ دەبینرێت، کە وەکو دەرگاوانی بەهەشت بێت، هەموویان بە تکتەکانی ناودەستیانەوە، چاوەڕوانی ئامازەیەکی ئەون. بە منیشەوە کە هەتا ئەو کاتە لە نێوان دایکم و سکرتێرەکەدا کە قەیرەکچێکی غەمگینە، دانیشتووم و چاوم زەقزەق بۆ بەرامبەر دەڕوانێت و هیچێکی لێنییە خۆمی پێوە بخلافێنم.

من نازانم، بەڵام دایکم دەڵێت شوکر لە هەموویان باشترم، قەیرەکچەکە نائومێدانە چاوێک لە من دەکات و لە دایکم دەپرسێت:

"باجی، ئەم کوڕەی تۆ لە چییەوە وای لێهات؟"

ناهێڵێت دایکم دەم هەڵبێبێتەوە، درێژەی دەداتێ:

"بیرکردنەوە وای لێنەکردبێت، باشە.. ئێمە هەرچی نەخۆشمان هەیە، بیرکردنەوە سەری لێشێواندووە."

هانکەهانک و قرخەقرخی سنگی هاورێکەم، لەو گفتوگۆ بێتامەم دەپچڕێت و دەڕوانم ئەو کوڕە شاعیرە، دەستی گرتووە بەو ناوچەوانە زلەیەوە و فرمێسک وەکو شەستەبارانی پایز لە چاوانییەوە دێتە خوارێ. خەریکە دڵم تەنگ دەبێتەوە، دایکم قۆڵم دەگرێت و بەدەم خوێندنی ئایەتەلوکورسییەوە دەمداتە دەست فەڕاشە پیرەکە و ئەو بە سۆزێکی باوکانەوە، دەست دەخاتە سەر شانم و دەربازی ئەودیو دەرگاکەم دەکات.

من لە ژیاندا لە شەڕی زیندووەکان هەڵدەهاتم، ئێستا ڕیشم بووە بە شەڕی مردووەکانەوە.. زۆرم لە خۆم کرد قسە بکەم، هیچم نەوتبوو کە مردووەکەی تەنیشت ئەویش لەسەر بەستەکاشیی بەندە سپییەکە هەستایەوە و هەمان پرسیاری کردەوە. لە ساتێکی کورتدا کە خۆم و کەسیش نازانێت

چەندی خایاند؛ هانا نەبێت هەموو مردوەکان هەستابوونەوە و لەسەر ئەو زەوییە ساردەی هۆڵە شێدارەکە، ڕوو لە من دەستی یەکترییان گرتبوو، تا بواری دەربازبوونم بۆ نەهێڵنەوە. بە ڕیتمێکی سەربازی، هەموویان بەیەکەوە قاچیان دەجووڵاند، ڕاست چەپ.. ڕاست چەپ...

تا ئەو دەمەش نەمزانی بوو، کە لە مردندا ڕژێمێک هەیە چاودێریی هەڵسوکەوت و ڕێڕۆیشتنی مردوەکان دەکات. ئەوە تەنها سات بوو من لە ژیانمدا ڕقم لە مردن بووبێتەوە، چونکە ناچار بە سیستمێکی دەکردم، کە من بە هەموو تەمەنم لێی ڕام دەکرد.

"دکتۆره ناهێڵێت کەس لەگەڵ نەخۆشەکانیدا بچێتە ژوورەوە."

کچێکی سپیکەڵەی ناسک بە چاویلکەیەکی چێوە زیوەوە لە پشت مێزێکی ساجی تۆخەوە دانیشتبوو و موتاڵای کتێبێکی ئینگلیزیی گەورەی دەکرد. وا ئێستا لە بەرم هەستاوە و فەرمووی دانیشتنم لێدەکات.. تا ئەو کاتە من چاوەکانم پڕ بە هەردوو کالانەکە کرابوونەوەوە و دەڵێیت دەمەوێت هەرچی شتی ئەو ژوورەیە، بە چاو قووتی بدەم.

مردوەکان بە سەروقۆڵی قرتاو و ناوسکی هەڵدڕاوەوە، بە خوێنێکەوە کە قەتماغەی گرتووە و مەییوە، بەرەو ڕووی من

دێـن و تـــا دێــت منــیش پاشـــەوپاش لە تەرمەکەی (هانـا) نزیـــک دەبـــمەوە. وەک هەمیشـــە پەرجـــوویەک ڕوو دەدات، چیرۆکنـــووس دروســـتی نەکردبـــایە، مـــن لەو هـــۆڵەدا لە ترســـدا بە تەنیـا گیـانم دەردەچـوو. چـاو دەنـوقێنم و چـاو دەکەمەوە، وەکـو ئەوەی هـیچ ڕووی نەدابێـت، هەمـوو مردوەکـان لە جـێگە ڕەقەکانی خۆیاندا ڕاکشاون.

ســەرچەفەکان توانــای داپۆشــینی هەمــوو جەســتەیانی نیــیە، نیـــوەڕووت و نیوەپۆشـــتە، بێـــدەنگ و ســـامناک لە جـــێگەی خۆیـــان نووســـتوون. درەنـــگ تێـــدەگەم ئەوانە هەمـــووی خەیـالاتی فراوانـــی مـــن دروســـتی کردبـــوون، ئەگینـــا لەوەتەی دونیا دونیایە، مردوو لە شوێنی خۆی نەجووڵاوە.

جـــارێکی تـــر ئەو کـــچە ســـپیکەلەیە کورســـییەکەم بـــۆ دەجووڵێنێـــت و ئامـــارەت دەکـــات لەســـەری دابنیشـــم، منـــیش وەکـــو گیانـــدارێکی ســـرکی کێـــوی، هەر دەڕوانـــم. دەڵێیـــت مـــن جـــارێکی تـــر و لە زەمەنێکـــی تـــردا ڕێـــم کەوتـــووەتە ئەم ژوورەوە. بە چـــواردەوری خۆمـــدا هەڵـــدەڕوانم، لەپـــڕدا قاقـــا دەتەقـــمەوە.. پێـــدەکەنم.. ئەوەنـــدە پێـــدەکەنم، چـــاوم لێـــیە ئەویـــش لە ســـەیرکردنی مـــنەوە بەبـــێ هـــۆ کەوتـــۆتە پێکەنـــین.. دەخەنـــین.. ئەوەنـــدە دەخەنـــین تـــا چـــاوی هەردووکمـــان پـــڕ دەبێت لە ئاو.

PDF 4 KURD

بیــرم دەکەوێــتەوە، لە کتێــبە ســایکۆلۆژییەکاندا بەرچــاوم کەوتــووە چــۆن چارەسەرســازی دەروونــی لە ڕێــی خۆبەهــاوڕێکردنی نەخۆشــەکەیەوە، کارەکــانی خــۆی مەیســەر دەکات، پێم وت:

"فەرمــوو دانیشــن.. ببــوورن ژوورەکەم کەمێــک تەنــگە، بــۆ شازادەیەکی ناسکی وەکو ئێوە، دڵنیام هەر هیچ نییە."

زانــیم هەڵەیەکــم کــردوە، نەدەبــوایە بڵــێم تەنــگە. ئــاخر ئەو نەخۆشــانەی تووشــی دڵتەنگــی دەبــن، دەبێــت بیانپارێزیــت لە بەرکەوتنی وشەکانی: تەنگ، تەسک، توند و قەپات..

هەڵەکەم ڕاست کردەوە و وتم:

"کەرەمــبکەن و گەورەمــان بــکەن.. هەرچەنــدە دڵنیــام ژوورەکەم بــۆ شانوشــکۆی ئێــوە زۆر دڵگیــر نیــیە.. دەی بڵــێم چــی، وا ڕێــک کەوت. تــازە لە دەرەوە هــاتوومەتەوە، خۆشــت دەزانیــت لێــرە لە ڕێکخســتنی ژووردا، کەس کــار بە دیــزاینەر ناکــات، بــۆیە مەزاجە خــراپەکەی مــن، هەر ئەوەنــدەی تیــا بووە."

گەیشــتوومەتە ئاســتی تەرمەکەی (هانــا).. دەســت دەبەم سەرچەفە ســپییەکەی لەســەر ڕابمــاڵم، وەکــو لە ڕاپــۆرتی نێــو فــۆڕمەکەدا نووســرابوو، ئــاوا بــوو؛ هێشــتا هەڵمــی لــێ هەڵدەســتا. هەڵمێکــی تەنکــی فێنکــی بۆنخــۆش کە تــژی بــوو لە

PDF 4 KURD

بۆنی جەستەی خۆی، سەرم شۆڕ کردەوە بەسەریدا، چاوم قەتیس کرد، ڕاستەوڕاست ئەو شتەی لە فیلمە ترسناکەکاندا ڕوو دەدات، ڕووی دا. بە خێرایی چاوی کردەوە و بە ئەسپایی وتی:

" یارمەتیم بدە..."

تا ئەو کاتەش لە منی نەدەڕوانی، دەتوت بەو تارماییە دەڵێت کە لە هەڵمی جەستەی بلورینی خۆیەوە دروست بووە و ئێستا ئەویش لە بنمیچی هۆڵەکەدا گیری خواردوە. نەترسام، ئەوە یەکەمین جارم بوو لە ژیانمدا نەترسم، ئاخر من بەر لە تۆزێک، هەموو تخوبەکانی تۆقینم بڕیبوو، تازە ترس لە فەرهەنگی مندا مانایەکی نەدەدا، وتم:

"دەتوانم چیت بۆ بکەم؟"

بەرامبەرم وەستابوو، هێشتا ئاسەواری پێکەنینەکەی لە ڕوودا مابوو، بە مەکرێکەوە کەمێک ناوچەوانی گرژ کرد و وتی:

"دەستتان خۆش، هەر وا دەبێت.. بەڵام لە هەڵبژاردنی ڕەنگی بۆیاخەکەدا، کە کاکاوییەکی تێرە، وا دەردەکەوێت دەروونی جەنابتان کەمتر لە هی ئێمە ئاڵۆز نەبێت. ڕاڕایی

و دوودڵـــی و بڕوابەخــۆنەکردنی تیــا دەخـــوێنمەوە، نـــازانم..
لەوانەشە وا نەبێت."

ئەو دەیویســـت بـــۆ بەغـــدا بگەڕێـــتەوە.. بەردەوام دەیـــوت موحـــازەرەم هەیە. کۆرســـێک دواکەوتـــووم یـــارمەتیم بـــدە بـــا نەکەوم. ئەوەی لە دەســـتم هـــات، کـــردم. لەو هـــۆڵە شـــێدارە ســـامناکە دەربـــازم کـــرد و لە ژووری فەرمانبەرەکانـــدا بەیەکەوە دانیشـــتین. چـــاکەتە تەپوتـــۆزاوییەکەی خـــۆمم دابـــوویێ، ئاگـــام لێبوو هێشتا هەر هەڵدەلەرزی.

زۆر کەم دەدوا، منـــیش هیچـــی وام نەبـــوو لەگەڵیـــدا باســـی بـــکەم... لە ژیانیشـــمدا ســـەختترین گفتوگـــۆم لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بـــوو کە پێشـــتر هـــیچ یادگـــارییەکەم لەگەڵیانـــدا نەبـــووە، بەڵام وام مەزەنـــدە دەکـــرد لە شـــوێنێکی دوور و لە ڕۆژێکـــی دووری تـــردا، ئەم دانیشـــتنەی مـــن و هانـــا دەبێـــتە یادگـــارییەک، کە دەرگـــای قســـەکردنێکی زۆرمـــان لەبـــارەی یەکترییەوە بۆ دەکاتەوە.

وەکـــو پەردەیەکـــی شـــانۆییمان نمـــایش کردبێـــت، بـــۆ ســـاتێک هەردووکمـــان بێـــدەنگ بـــووین، دیـــار بـــوو شـــوێنگۆڕکێمان بە جێگەکـــانی خۆمـــان کردبـــوو، وابـــزانم لەگەڵ پێـــزانینەکەی منـــدا، ئەویـــش هەســـتی بەو منـــداڵکارییەی خـــۆی کـــرد، بـــۆیە کەوتە خۆی و وتی:

"وا بزانم ئێوە میوان بوون.. فەرموون بزانم چیتانە."

دەیزانی کە لەو ماوە کورتەی پێشوودا، زۆر شتی درکاندووە کە نەدەبوا بیدرکاندبان، ئادابی پرسیارکردنەکەی گۆڕابوو، تازە بۆ ئەو درەنگ بوو بتوانێت وەکو دکتۆرەیەکی دەروونی لەگەڵ مندا بئاخافێت. ئەو دەیویست هەرچی زووترە، لە کۆڵ خۆیم بکاتەوە. لەو بیرکردنەوانەدا بووم، کە چاوم چووە سەر ئەو پارچە ساجە ڕەشەی بە شێوەیەکی ئەندازیارییانە ناوی خۆی لەسەر هەڵکەنرابوو:

(د. هناء هشام کامل)، ڕاچڵەکیم. زارم داچڕی و چاوم زەقزەق کردەوە، خۆم دەمزانی هەناسەم تێدا نەماوە.. زۆرجار مرۆڤ هەست دەکات کە مردوە و تەواو بووە، کەچی کە دواتر وا دەرناچێت، ئەوەندە پێی دڵتەنگ دەبێت، کە جیاوازییەکی وای نییە لەگەڵ دڵتەنگبوون بە مردن. من هەر زوو و بەر لەم نەخۆشییەش، وابووم. وتوومە شەڕ لەگەڵ مردندا بەوە ناکرێت کە ئەو وەکو کاسپەر سەد تیری ئێمە بە ناویدا تێبپەڕێت و هیچی لێنەکات، بەڵام تەنیا تیرێکی ئەو، ئێمە لە شوێنی خۆی لار بکاتەوە.

بەڕێم کرد.. تاکسییەکم لەو شەقامە چۆڵەی پێش فەرمانگەکە پەیدا کرد و دەستەوداما‌نی شۆفێرەکە بووم، کە ئەم خوشکەم بۆ بگەیەنێتەوە ماڵەوە. کوڕێکی گەنجی پڕ لە

ژیـان بـوو، به چاویـدا مرۆڤێکـی ئـارام و له پیـاو خـراپ نه‌ده‌چـوو. مـن ئه‌و شـۆفێره‌ش به تاوانبـارێکی تـر ده‌زانـم، ئه‌گه‌ر ئه‌و ئه‌و شـه‌وه (هانـا)ی نه‌گه‌یانـدایه‌ته‌وه مـاڵه‌وه، ئێسـتا دوای ئه‌و هه‌مـوو سـاڵه، مـن تووشـی ئه‌م کاره‌سـاته نه‌ده‌بـووم.. که گه‌ڕامه‌وه مردووخـانه‌که، بـاوکم هـاتبوه‌وه، توڕه دیار بوو، پێی وتم:

"باوکه‌که‌م نه‌ده‌بوو ئێره‌ت به‌جێ بهێشتایه.."

من به‌و ده‌مه‌وه‌رییه‌ی خۆم، وه‌ڵامێکی حازربه‌ده‌ستم دایه‌وه:

"بـاوکه ئێـره مـردووی لێـیه، قـابیله خه‌ڵـک چـی له مـردوو ده‌کات؟!"

ئه‌فسـه‌ری لێکـۆڵینه‌وه‌که‌ش هه‌ر وای وتبـوو، وتبـووی قـابیله خه‌ڵـک مـردووی بـۆ چیـیه؟ به‌ڵام به‌وه‌دا که کچێکـی جحێـڵ و ناسـک بـوو، هه‌موویـان غـایله‌ی خراپیـان ده‌بـرده‌وه سـه‌ر بـاوکم که وه‌کـو تـاکه پاسـه‌وانی ئه‌و شـه‌وه‌ی مردووخـانه‌که، مـابووه‌وه.. مـن هـیچم نه‌درکانـد، وتـم ئاگـام له هـیچ نیـیه.

باوکمیـان به تـاوانی که‌مته‌رخه‌مـی به‌رامـبه‌ر ئه‌رکه‌که‌ی و فڕانـدنی ته‌رمـی کچێـک بـۆ شـوێنێکی نادیـار، به چه‌نـد سـاڵێک حـوکم دا. مـن به ئێستاشـه‌وه ئه‌مه‌م له لای که‌س بـاس نه‌کردوه.

PDF 4 KURD

نەمدەویست هیچیشی بۆ باس بکەم، ئەگەر دکتۆرە هنــاء زۆری لــێنەکردمایە، لەســەر کورســییە چەرمەکە هەســتام و وتم:

"خــانم حەزم نەدەکـرد لێـرە بمبینیـتەوە.. مـن ئەو کـوڕێژکەیەم کە سـاڵی (١٩٨٩) ئێـوەم لە مەیتخـانەی سـلێمانی ڕزگـار کـرد و بەو هۆیەشـەوە بـاوکم چەنـد سـاڵێ زینـدانی و مـن تەمەنێـک ئیشی قورسم بۆ خۆم بڕییەوە..

لەو هەمـوو زەمـان گـۆڕینەدا، بـاوکم ئامـادە نەبـوو لە زینـدان بێـــتە دەرەوە، ئەو ڕۆژانەی ڕاپەڕیـــن ڕوویـــان دا، یـــان زینـــدانەکان دەشـــکێنران، بـــاوکم دەهـــاتەوە مـــاڵەوە و دواتـــر دوای گەڕانەوەی حکـــومەتێکی نـــوێ، بـــاوکم دەچـــووە بەردەم زینـــدانەکە و داوای دەکـــرد زینـــدانیی بـــکەنەوە... جەنـــابی دکتـــۆرە... بـــاوکی ئـــێمە ئەوەنـــدە بیـــری لە دیارنەمـــانی تەرمـــی ئێـــوە کردبـــووەوە، کە لە دواجـــاردا خۆشـــی ئەو بـــڕوایەی لا دروســـت بیـــوو کە هەر خـــۆی تەرمەکەی جووڵانـــدوە و بردوویەتـــی بـــۆ شـــوێنێک، کە ئێســـتا بیـــری نەمـــاوە. دکتـــۆرە گیـــان، بـــاوکم هەتـــا مـــرد، هەســـتی بە مـــۆتەکەی ئەو گونـــاهە گەورەیە دەکـــرد لەســـەر ســـنگی.. ئێســـتاش دوای ئەو هەمـــوو ســـاڵە، خۆشـــحاڵم کە ســـاغ و ســـەلامەت لەم شـــارەدا دەتبینـــم خزمەت دەکەیت."

PDF 4 KURD

من قسەم دەکرد و دکتۆرە هناء دەگریا، بەدەم هەنسک هەڵدانەوە دەیوت:

"چاک لەبیرمە، ئەو مەیتخانەیەی فەرمانبەرەکان ناوی منیان بە هەڵە لەسەر فۆڕمەکە نووسیبوو. (١٦) ساڵە من بیر لە تۆ دەکەمەوە.. من دونیا بە شوێن تۆدا گەڕام، ئەرز نەما پێی تێنەخەم، وڵات نەما سۆراخی تۆی تیا نەکەم.. تۆ ئەم هەموو ساڵە لە کوێ بوویت؟!"

منیش هەناسەی قووڵم دەدایەوە و دەموت:

"دکتۆرە گیان، کچە کاڵەکەی من، هەر لەم شارەدا بووم، لەم شارە.. لە ڕۆخی فەرامۆشیدا."

ئەو دەستی پێکردەوە، ئەم جارەیان هێندە شاعیرانە دەدوا، کە من دوودڵ بووم لەوەی لە بەردەم دکتۆرەیەکی دەروونیدام، یان لە پێش ئەو کچە شاعیرەیەی کە لایەکی نووسەر و سیاسییەکانی وڵات بۆی حەیران ببوون... نەمویست گوێم لەو هەموو سۆزە ڕژاو و پەرتە بێت، کە ئەو بە چواردەوری خۆیدا هەڵیدەڕشت. من هەمیشە وابووم، لە خووپێوەگرتن و پیاهەڵدانی کچان هەڵاتووم.. ئێستاش دەرگاکەم کردۆتەوە و دایکم و هاوڕێ شاعیرەکەم بە پرتاو خۆیان هاویشتووەتە ژوورێ. من وامزانی لەوێ ڕۆیشتووم،

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

سێدارەی زستان

سالّی ١٩٩٣ له سێداره درام، له چەقی شاردا له سێداره درام. بۆ تۆ وا باشتره من نەناسیت... من خۆم هیچ نکۆڵییەکم له خۆناساندن نییه. به خاتری تۆ دەڵێم، دەزانم هەر ئەوەندەی منت ناسی، ژیانت دەشێوێ... دەشزانم جارجاره ئادەمیزاد حەز لەو شێواندنەی ژیانی خۆی دەکات، بەلّام هەرگیز به ڕاستی ئەوەی ناوێت... ئێمه خوخدەمان به ژیانی خۆمانەوه گرتووه، ڕێ نادەین کەس پێ بخاته ئەو حەرەمەوه، ژیان یانی نەزم... منیش دەمزانی یانی نەزم، لێ خۆم ویستم دەستکاریی ئەم نەزمه بکەم... من پیاوی نهێنییەکانم، پیاوێکی له سێدارەدراو.

حەزکردن له کچۆڵەیەکی خوێندکاری ناوەندی، عەسرێکی تاریکی زستان له شارۆچکه قەبزەکەی ئێمه له نزیک چیای (شێنێ) له سنووری ئێران، خوێنی دنیای بەدوای خۆیدا هێنا... تازه تاوێکی بارێزه خۆشی کردبووەوه که له سەدرێیەکی ڕەساسی و کراسێکی سپیدا به بەردەممدا تێپەڕی.

ئیتر هەموو شتەکان لێرەوە دەستیان پێکرد، هەمیشە ڕووداوەکان لە تێپەڕینی کچێکەوە دەست پێدەکەن. هەستی سەرەتای من جیاواز بوو لە هەموو عاشقێکی تر؛ من کە ئەو عەسرە ئەو کچە بە لەنجەیەک؛ کە هەر کچان خۆیان دەزانن چۆن لە ساتگەلێکی ئاوهادا بیکەن، بە بەردەممدا تێپەڕی... هەستم کرد قورس بووم، مینا قوتدانی بەردێکی سەنگین... نەمدەتوانی لە جێی خۆم بجوولێم.

ئەگەر من عەشقی ئەو خانمە هەستی قوتدانی ئەو بەردەی نەدابامایە؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان سەری خۆمم هەڵدەگرت و تفێکی خەستم لەم نیشتیمانە دەکرد و ئاوها خۆم زایە نەدەکرد. بەڵام بە جۆرێ قورس ببووم، کە لەم خاکە هەڵنەدەپچڕام... شەوی ئەو عەسرە لە ئانی بەڕێکردنی میواندا زانیم کە ناتوانم هەستم، لەو شەوەوە بەردەوام من پێویستم بە دوو کەس هەبوو تا دەست بدەنە باڵم و هەڵمبستێنن. خۆم لەو حاڵەتە ناسروشتییەی خۆم سەرم سووڕما بوو، من بیستبووم کە ئادەمیزاد عاشق دەبێ، کێشی لە دەست دەدات و بە جۆرێ کێشی سووک دەبێ؛ وەک پوشوپەڵاشێک دەچێتە گۆرانییەوە و لێرەولەوێ لە کوچە و کۆڵانی یاردا بە ئاسانی با دەیفڕێنێ.

PDF 4 KURD

ئەبێ ببوورن من زمانی وەسفم ئاوا کورتە، هەمیشە کە ئیشم کەوتبێتە ئەم زارە پووچەم، ئاوا شەرمەندەی کردووم، من نازانم چۆن ئازاری ئەو عەشقەتان بۆ بگێڕمەوە، چونکە گێڕانەوەی ئازار شتێکە و چەشتنی ئازار خۆی شتێکی تر... وشەکان ترسنۆکن، هەموو وشەی دونیا ناتوانێ سووتانی پەنجەیەک بگێڕێتەوە؛ ئاگرێکی خۆش، شین و دڕ لەسەر پەنجەت ڕاگیراوە... پێستی یەکەمت گورج و ترپترپ ئازار دەگوازێتەوە... ئەو دەسووتێ و گلۆپ دەکات و دەتەقێ و ئازارت چووە بۆ عەرشی عەزیم... گۆشتەکەت دەسووتێت و چینێ ئازاری چڕ پەیتاپەیتا بە ڕۆحتا هەڵدەشاخێ... بۆچروکێکی تیژ و بۆگەن هەڵدەماسێتە کونە لوتەکانت... گڕی شین سرەوتی نییە و هەر دەگرێ و دەگرێ و تۆ لە ناوەوە دونیای خۆت پڕ کردووە لە زریکە... بەرچاوت ڕەش دەبێت... وا دەزانی ئێستا هەموو شتێک تەواو دەبێت و دنیا کشومات..

گڕ هەر دەتسووتێنێ و تۆ هەر دەقریشکێنی و دڵت کەف دەکا و ئازار هەردێت و هەردێت و هەر...... ئەوە پەنجەی تۆ نەبوو دەسووتا، نا... ئەوە ئاگرێک بوو من لەسەر ئەم کاغەزە کردبوومەوە... ئەمە ئازارێکی درۆینە بوو، ئازارێکی سووک و چرووک.

PDF 4 KURD

بۆ ئەوەی لە ئازار خۆی تێبگەیت، نووسین هیچ کۆمەکێکت ناکات، هەستە برۆ دەستت لەسەر ئەو پشکۆیە ڕاگرە.

شەیدایی من بۆ ئەو کچەی عەسرێکی بارانـاوی زستان بە بەردەممدا تێپەڕی، دروست شتێک بوو وەک دەستراگرتن لەسە ئەو پشکۆیە، من ڕۆژ بە ڕوژ دەسووتام و دەبوومە خۆڵەمێش و دیسان بۆ تەواوکردنی ئەم سوختەییە دروست دەبوومەوە... لە یادم کرد لە سەرەتادا پێتان بڵێم من کوڕی یەک لە خێڵە گەورە و دڕەکانی ناوچەکەم و بینینی من بەو لاوازی و نەحیفییەم شەرمێکی گەورە بوو لە پێشدا بۆ خۆم و دوایش بۆ ئەوان... وابزانم یەکەم نیشانەی عاشقبوون ئەوەیە مرۆڤ ڕقی لە ئاوێنە دەبێتەوە... نا لەبەر ئەوەی جوانێکی بینیوە و ئیتر شەرم لە ڕوانینی ڕوخساری خۆی دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە خۆی دەترسێ... ئێستا لەم دونیایەی ترەوە هێندە خەیاڵم پەرتە، بیرم چۆتەوە دەبێ بە چی؟ بەڵام دڵنیام ئادەمیزاد کە عاشق دەبێ، لە ئادەمیزادەوە دەبێ بە شتێکی تر... من ببووم بەو شتە.

بەیانییەکی خۆرەتاوی بەهار دەسپێکی شێواندنی هەموو شتێک بوو، من لەو ساتەوە تا ئێستاش کە لە ژیانێکی تردام، ڕقم لە بەهارە، سەعات هەشتونیوی بەیانی

دەستەیەک لە کوڕوکاڵی گەڕەک لەسەرم خڕ بوونەوە، کەسیان نەچووبوون بۆ کار... هاتبوون بە من بڵێن کە کچی زستان (ئەوە ناوێک بوو من بۆ خانمی خوێندکارم داتاشیبوو) ڕەدووی عەبوسترین و ناچیزترین کوڕی شارۆچکەکە کەوتووە.

ئەو ڕۆژانە سەرەتای شێتێتیی من بوو... هەر بە ڕاستی دابووومە کێو... لەوێ لە دانەکێوی قەیس و فەرهادیش گەیشتم... ئەو ڕۆژانە لە ناو ئەو جەنجاڵییەی خۆمدا فریا کەوتم بیر لە پەیوەندیی نێوان فیراق و کۆساران بکەمەوە... ئەو چەند مانگە لە پلەیەکدا بووم، کە بیرمە یەک دوو جار سەرم بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و گوتم "لە هەموو جێگەیەک جێت هێشتبێتم، لێرە جێم مەهێڵە... بەرگە ناگرم... خۆشت دەزانی!".

ئەو ڕۆژانەی منی تێدا کرام بە دارا، خەڵک برسی بوون، فرسەتێکی گەورەی یەکترخواردن بوو، لە هەموو لاوە سنووری ئەم شارە وەک ئەژدیهایەکی زەبەلاح زاری دادەچڕی و بروسکەی دەدا... شەڕ بوو... یەک یەکی دەکوشت و پێویستی بە زەحمەتی ئەوە نەبوو لە خۆی بپرسێ (بۆ!) ئەو ڕۆژگارە خەڵکی ئەم شارە بە نان... بە ئاو... بە ئازادی نەدەژیا... نا...

به کـۆمەکی هێزێکـی تـر دەیتـوانی بەردەوام بێـت؛ هێـزی ئەفەرۆزکردن، توانایەک کە من لێی مەحروم بووم.

لە پێشـی پێشـەوە ئەو دوو پیـتە پچووکەیـان فەرامـۆش کردبـوو: بـــۆ؟ کەس نەیپرسـی بـۆ وا لە مـن دەکەن؟ لە ناوەڕاسـتی مەیـدانەکەیا لەسـەر قەڵاچـۆکێکی قـوت و خشـپیلە ڕایـان گـرتم... مـن لێـرەش پێویسـتم بە دوو کەس بـوو تـا بەرزم بـکەنەوە بـۆ سـەر ئەو تەپـڵەکەی کە دەبـوو قـاچم بـخەمە سـەری و دوایـیش هەر ئەو دوو بـرادەرە زەحمەتـی شـەقهەڵدانیان لە تەپـڵەکەکەی ژێـر پـێم گـرتە ئەسـتۆ، کە لە سـەرەوە وەسـتاندیانم، تـا هەدەری چـاو عەشـامات ڕەشـی دەکـردەوە... سـەری بۆشـی ئینسـان بە دوو هەڵمـاتی واقەوە مەوجـی ئەدا و ئەهـاتەوە یەک... بـۆ یەک سـات... سـاتێکی کـورت... پێکەنیـنم هـات... ئەوە خـدێی هەمیشـەی خـۆم بـوو؛ لەو جێگـەیانەی کەس خەیـاڵی بـۆ نـاجۆرییەکی وا نەدەچـوو، مـن دەمکـرد. ئێسـتاش نـازانم بە چـی پێکەنـیم، بەڵام دەزانـم پێکەنیـنەکەم وەخـت بـوو ببـێ بە قاقـا و ئەگەر نەمگرتبـایەوە، ئەوە دەبـوە بێحـورمەتییەکی گەورە لە ئانێکی وادا ئادەمیزاد بە مەرگی خۆی بیکات.

PDF 4 KURD

ئەو هەمــوو خــوێنەی پــازدە ســاڵ لەمەوپــێش لەم وڵاتەدا ڕژا، بە تەنیــا مــن هۆکــاری نەبــووم! لە ڕاســتیدا هــیچ جەنگێکــی سەر ئەم هەسارەیە بەبێ دەستی ژن دەستی پێنەکردووە.

وابــزانم جارێــک لە ســیفری تەکــوینی تەوراتــدا بەرچــاوم کەوتــووە؛ کە خــودا ژن و دۆزەخــی لە یەک ڕۆژدا دروســت کــردوە... دۆزەخــی ئەم نیشــتیمانە قەبــزەی منــیش کچێــک دایگیرســاند... ئێســتا کــێ بــۆ ئەوە دەچێــت یەکەم پزیســکی ئەم ئــاگرە، کچێــک لە شــارۆچکەیەکی ئەو بنــاری سەرسنوورەوە هاویشتبێتی.

دەزانــم دەبــێ ڕێــز لە کاتتــان بگــرم و ئەوەنــدە عەشقی مەلــولی خــۆم نەگێــڕمەوە، عەشــقێک کە ملــی بــاریکی منــی بــرد بــۆ ئاســمان... شــەوێکی کۆتــایی ئەو بەهــارە شــوومە، کــاغەزێکم لە درزی دەرگــای مــاڵی کــچەوە خســتە ئەو دیــوەوە و بە نــاوی هەمــــوو خەڵکــــی شــــارۆچکەکەوە داوام کردبــــوو: (ئەگەر ڕەدووکەوتنــــی کچەکەتــــان بە لەکەیەک دەزانــــن بەســــەر خانەوادەکەتــانەوە، ئەوا کچەکەتــان بــدۆزنەوە و بیهێنــنەوە... ئەگەریــش نــا، ئەوە لەکەیەکە بــۆ ســەر شــەرەفی هەموومــان و فەرمــوون ئەم شــارۆچکەیە چــۆڵ بــکەن و ئەم بێشــەرەفییەتان لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ جەهەننەم).

من! ئاهـ... لە زەینی پەرتی من!!

PDF 4 KURD

بیرم چوو پێشتر پێتان بڵێم برایەکی کچەی زستان لەو شارەی منی لێ لە سێدارە درام، ئەفسەرێکی باڵای دەزگایەکی زەبەلاحی ئەمنی بوو، بەوەدا بواری پسپۆڕایەتیی ئەوان "دۆزینەوەی مەترسی و ئەوانەی دەبنە جێی مەترسی بەسەر هاوڵاتیانی ئازیزەوە" بوو، دۆزینەوەی من لە خواردنەوەی پەرداخێک ئاو ئاسانتر بوو... دیسان دەمەوێ کاتتان نەگرم و باسی حەشاردان و سووکایەتی و دڕەندەترین ئەشکەنجە ڕۆحی و جەستەییەکانی خۆمتان بۆ نەکەم، کە من تا ئێستا لە دونیاکەی تریش نەمبینیوە... بەڵام ناتوانم باز بدەم بەسەر ئەو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەی تێیدا من وەک تەلبڕ و دز و جەردەی "سامانە نیشتیمانییەکانی وڵات" هاتمە ناساندن و هاوڕێیان درێغیان نەکرد کە بە دەنگی بێژەرێکی گڕ و گەمژە بشڵێن "دەستیان گرتووە بەسەر چەندین بەڵگەنامەدا کە دەیسەلمێنێت من سەرۆکی گروپێکی سیخوڕیم و کار بۆ بەرژەوەندیی وڵاتێکی دراوسێ دەکەم". بەم تۆمەتە قەبانە کە من قاقام پێیان دەهات، بەبێ دادگایی لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٣ بە بەرچاوی خوا و خەڵکەوە منیان لە ناوەڕاستی شاردا لە سێدارە دا.

خێڵـی ئـێمه پێشـتر زۆریـان هەوڵ دا لەو دەزگـا زەبەلاحه ئەمنیـیه ڕزگـارم بـکەن. بەڵام بەوەدا تەونەکە وا چنرابـوو که مـن تەنیـا ڕێـگەی چـوونەژوورەوەم هەبـێ و تەواو... هەوڵەکـان بـۆ هێنـانەدەرەوەی مـن لەوە بێئەنجـامتر بـوو لێـرەدا بۆتـان بگێڕمەوە.

نەفـرەت و تـووڕەیی خەڵکـی گەمـژه نەیهێشـت مـن سـێ ڕۆژ لەو داره بکـــرێمەوە، پـــاش ئەو وادەیه و به بـــردنەوەی تەرمەکەی مــن بــۆ شـارۆچکەکەی خۆمــان، له مەراســیمی پێشـوازیی جەنـازەی مەزڵـومی کوڕەکەیـان و تـووڕەیی کـوڕانی خێڵـی ئـێمه و هەڵکوتـانه سـەر مـاڵی کـچەی زسـتان... یەکەمین تەقەی شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد.

٢٠١٠

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

نارەوەنێک لەسەر ڕووی ئاو

یان من لە بلووردا

تـــۆ ســڵ لە نووســـینی چیـــرۆک دەکەیـــتەوە... تیاماویـــت! بینووســـیت... نەینووســـیت... بینووســـ.... بـــا خـــۆم پێتـــان بڵـــێم؛ ئەگەر ســـەرەنجام مـــن خـــۆم یەکلایـــی کـــردەوە و ئەم چیـــرۆکەم نووســـی، بـــزانن کە ئەوە ئەو چیـــرۆکە نیـــیە کە دەمەوێ بینووســـم... ئاوهایـــت... خۆشـــت بەزەحـــمەت پەی بە خـــۆت دەبەیـــت... هەردەم ئەوشـــتەی کە وتـــووتە، ئەوە نەبـــووە کە ویســـتووتە بیلێـــی. ژیانیشـــت هەروا دەســـتی پێکـــرد، پـــڕ بە دڵ حەزت دەکـــرد لە بەشـــی شـــێوەکاریی کـــۆلێژی هـــونەر بخـــوێنی، کەچـــی چـــوویتە پزیشـــکی ددان... لە منـــداڵییەوە خولیـــات بـــوو گەشـــت بـــکەی، دنیـــا ببینـــی... نەکەویـــتە مـــاڵەوە، هەر بە شـــــارانەوە بیـــــت... هەر لە ســـــەفەردا... کەچـــی لە هەموو ژیانتدا پێت لەم شارە نەبردە دەرەوە!

تەنـانەت کە بیـرت لە خـودا دەکـردەوە، شــەوان پێغەمـبەرت لە خەونەکاتـــدا دەدی... کە لەگەڵ خۆتـــدا دەکەوتیـــتە نکـــوڵی و ئەم جارە بیرت لە پێغەمبەر دەکردەوە...

PDF 4 KURD

هیچت نەدەبینی هیچ... باش بوو هیچت نەدەبینی، ئەگەر نا وەک (مستەفا مەستوور)ی ڕۆماننووسی هاوچەرخی ئێرانی، ئەو پیاوەی کە بیرکردنەوە لە خودا ببوو بە بابەتی کارە نایابەکانی، تا شەوێکیان لە خیابانی (ئیمام عەباس) لە شاری (کاشان) بەدەم بیرکردنەوە لە نووسینی ڕۆمانێکی نوێوە کە ڕایەڵەی کارەکانی کۆمەڵێک مەشقی سەختە بۆ بینینی خودا؛ لە ناکاو لەو مانگەشەوەی هاویندا، مانگ چوون چرایەک لە ناوەڕاستی ئاسماندا بۆ چرکەیەک خامۆش دەبێ و خودای جەلەجەلال وەک ڕووناکییەکی لێڵ، چەشنی نوورێکی ڕەش، بەسەر سەری مەستوورەوە بە ئاسمانی خۆیدا تەجەللا دەبێت. ئیدی لەو شەوە بەدواوە مەستوور وەک دێوانەیەک بە جادەکاندا ڕادەکات و سەیری ئاسمان دەکات و هیچ نالێ... هیچ... من لە ئەزموونی خودابینیی مستەفا مەستوورەوە زانیم ئەوانەی تەنها یەک جار خودایان بینیبێ، ناتوانن هیچی تر ببینن... هیچ.

تۆ کە چیرۆک نانووسیت لە یەک شت دەترسی؛ چارەنووس... تۆ شەوێک هەستت بەمە کرد؛ دوای چوونەوە سەر یەکێک لە کتێبەکانت و خوێندنەوەی چیرۆکێک، ڕەنگت تێک چوو... دڵت پەلەتر خۆی بە قەفەزەی سنگتا دەکێشا و بە گوژمێک لە بەشی چەپی سینەتدا خۆی ون دەکرد...

PDF 4 KURD

ئەو شــەوە زانیــت کە تــۆ خــۆت پــێش چارەنووســی خــۆت کەوتوویــت... ئێســتاش نــازانی ئــا لەو دوانــزە چــرکەیەدا چــۆن زەینــت فــڕی بــۆ هەمــوو ئەو کەســانەی بە جۆرێــک لە جۆرەکــان باســی مەرگــی خۆیــان کــردووە و دوایــیش دروســت ئــاوا مردوون!

بیــرت بــۆ وەســتای بەلوعەچــاکردنەکە چــوو؛ ئەو پیــاوەی کە دەیگــوت "بەوە نیــیە مــن هەر ئیشــی ئــاو دەکەم و بــۆری مــاڵان دادەمەزرێــنم، بەڵام خــۆم دەزانــم لە کۆتاییــدا مــن بە کارەبــا دەمــرم" . دوایــیش لە دابەزانــدنی مــاتۆڕێکی ئــاودا بــۆ نــاو بیرێکــی شــێوە ئەنــدازەی ئێرانیــی کــۆن، کارەبــا دەیگرێــت و دەمــرێ... یــان منــداڵی ئەو ئەکــتەرە قەڵەوەی هەمــوو خەڵکــی شــار دەیناســــن و ئێــــواران لەســــەر کورســــیی بەردەم قاوەخــانەیەک دادەنیشــێت و هەمیشــە بە جــۆرێکی غەریــب لە ماشــێنەکان ڕادەمێنێــت. ئەو ئەکــتەرە لە ســەرەتای ســاڵی هەشــتاکاندا لە یەکێــک لە تەمســیلییە ئامۆزشــییەکانیدا کە دەیەوێــت هەنــدێک نەریتــی نــاو پرســەکان لە نــاو ببــات، منــداڵەکەی خــۆی بە ماشــێن دەمرێنــێ... زۆر نابــات و لە دوای نمایشــکردنی تەمســیلییەکە لە تەلەفزیــۆن، هەمــان ئەو منــداڵە، هەر بەڕاســتی بە کارەســاتی ئۆتۆمبیــل دەمرێــت و

PDF 4 KURD

باوکی ناچار دەبێت هەموو ئەو نەریتانە لە پرسەکەیدا وەکو خۆی جێبەجێ بکاتەوە...

یان نازانی چۆن ئاوا خێرا و هەر لە هەشتاکاندا خەیاڵت دەفڕێتە سەر ڕووداوی سووتانی کچێکی گۆرانیبێژ، بە ئاگرێکی بێ خۆڵەمێشی وەک گاز... ئەو کچەی تاقە یەک گۆرانی هەیە و تێیدا زۆر بە سۆزەوە دەڵێت: "ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش... دڵی منە وا....." بەخۆدا دێیتەوە، نیشتوویتەتە سەر عارەقە... لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەی خۆتەوە دەزانی ئێمە هەموومان ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشبینییەکی ڕاستەقینەی مەرگی خۆمانمان کردووە و وەک دیمەنێکی خێرا و تیژتێپەڕیش بینیومانە، بەڵام بەسەریدا ڕۆیشتووین و دواتر بووە بە یەکێک لەو هەشت ملیۆن دیمەنەی ساڵانە مێشک لە یادەوەریی خۆیدا دەیسڕێتەوە.

ئەم دێڕانە دەسڕیتەوە... سەرلەنوێ دەست پێدەکەیتەوە... ئەچیتە (چیرۆکی سەرخۆشان)... لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێی نزیک شارۆچکەی (کفری) لە دەشتێکی لمینی کاکی بە کاکیدا، لە دامێنەوە خۆت دەکەیت بە ماڵێکی داڕووخاودا... ماڵێک؛ هیچ ڕەنگێکی تێدا نییە! دیوارەکان بە قسڵێکی بێڕەنگ سواخ دراون و تانوپۆی ماڵەکە بە

PDF 4 KURD

قرژاڵی پەمەیی تەنراوە، قرژاڵی ورگهەڵدڕاو، دەڵێی خاوەنی ئەم ماڵە لە لابۆرێکی زیندوەرزانییەوە ڕفاندوونی بۆ ئێرە.

لابۆرێک کە دوو کچە خوێندکار تێیدا سەرقاڵی باسکردنی کوڕە دکتۆرێکن کە هەردووکیان شێت و شەیدای بوون و ئێستا کە قسە دەکەن؛ وا خویان دەردەخەن کە کوڕەکەیان زۆر لەلا هیچە و زوو زووش بیری یەک دێننەوە کە "ئەم مراوییە ناهێنێت کاتی پێوەبکوژین!".

ئەو کاتانەی ئەم قسانە دەکەن، لەم گەردوونەدا دوو شت ڕوو دەدات... من هەندێک جار بیر دەکەمەوە ناشێت لە یەک ساتدا هەموو شتەکان ڕوو بدەن... نا ساتێک خانەی پراکتیکەڵی دوو ڕووداو زیاتری تێدا نییە، ئێستاش تەنیا دوو شت ڕوو دەدەن؛ یەکەم هەردووکیان سوور دەزانن درۆ دەکەن و لە ڕووی یەکی نادەن و لە خودا داواکارن ئەم باسە زۆرتر بکێشێ و... دووهەمیان کە ئەوان لە خەیاڵی هێنانە جێگەی دکتۆردا چاوانیان لێڵ بووە؛ من فرسەت دەهێنم و هەموو قرژاڵە پەمەییەکان کۆ دەکەمەوە و وەک سیحربازێک بۆ ماڵی کاراکتەرێکم لە (کفری) دەیڕفێنم. لە ناو سیخوایەک مێشومەگەزا لە کۆتایی ڕۆژە گەرمەکانی مانگی گەلاوێژدا خۆت دەکەیت بەم ژوورەدا؛ کە هەوایەکی خنکێنەر سکی پڕ کردوە و وا خەریکە یەق دەداتەوە...

تەنیا سەرنشینی ناو ئەم خەرابەیە پیرێکی ٧٢ ساڵەیە... ئەو پیاوە بێ ئەوەی ئەلفبێی پزیشکی بزانێ، گەیشتۆتە داهێنانی تیۆرییەک سەبارەت بەو پیاوانەی بە مەستی سەرجێیی لەگەڵ ژنەکانیان دەکەن:

"منداڵی ئەم جۆرە سەرجێییانە (ئەو ناوی نابوون شەوانی مەستان) کوڕانیان چاوکەژاڵ و کچانیان چاوخومار دەبن!".

ئەو قەڵتاغە ٣٨ ساڵ بوو بۆ ناولێنانیان؛ چووبووە سەر هەر مەلۆتکەیەک لە چاویانی ڕوانیبوو، تا دواجار تیۆرییەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات... کە من جێم هێشت، خەریکی ئیشکردن بوو لەسەر بیردۆزێک کە پەیوەندیی نێوان ڕۆح و مەراقی دەسەلماند. ئەو خۆی ناوی نابوو (بیردۆزی ئازارە قەرزەکان) ئەو دەیگوت "هەموو ئەو ئازارانەی ئێمە دەیچێژین، ئازاری خۆمان نین... بەڵکو سزای ناو ڕۆحە کۆنەکەمانە، کە ٩٢ ملیار ساڵ بەر لە ئێستا ژیاوە و هەر تاوانێکی کردبێ و خواوەند فریا نەکەوتبێ لە تەمەنی کورتی خۆیدا سزاکەی پێ ڕەوا بفەرمووێ، قەردەکەی هێشتووەتەوە و لە دووبارە و چەندبارەی هاتنی نێو جەستەی نوێیشدا دیسان ناچاری کردووە ئەم بارە هەڵگرێ...

لێرەوە ئەم جەستە نوێیەش هەرچی بکات، ناتوانێ کاتی ڕاستەقینەی خۆی بژی و ئەو کاتەشی بە فریای دانەوەی قەرزی گوناهی ژیانەکانی تری ناکەوێت، ئیتر ئەمیش دەبێ بە ژمارەیەکی تر و گوناهگەلێکی تر لەم ڕۆحە شەکەتەی خۆی بار دەکات..".

بەم جۆرە ڕۆژێک منداڵانێک لەدایک دەبن کە یەک پارچە تاوانن و چوون میمۆرییەک جگە لەباری سووری پڕ تاوانی خۆیان جێگەی هیچی تریان تێدا نابێتەوە.

هیچ نازانن و هیچ نافامن و لە هیچ ناگەن... وا دێتە پێش چاو وڕ و دەبەنگ بن، کەچی سەرەنجام چیرۆکەکە ئاوها کۆتایی نایەت... دەچیتە سەر چیرۆکێکی تر... لە تاقیگەی بلوریی پیتاندنی تووین لە (بۆستۆن)، تۆ هیچ ناکەیت... هیچ... گوێت هەڵخستووە بۆ دەمەتەقێی دوو پرۆفیسۆری پیر:

"وانییە... مرۆڤایەتی لەناو ناچێ!"

"لەناو دەچێ."

"کتێبی پیرۆز بخوێنەرەوە... لە دوای (کارەساتی لوت)ـەوە خودا پەیمان دەدات جارێکی تر ئەم یارییە لەگەڵ ئینسان نەکات."

"دەزانم... خودا نایکات... من و تۆ دەیکەین."

PDF 4 KURD

"چۆن؟! ئێمە لێرەین خزمەتی مرۆڤ بکەین."

"بەڵکو لێرەن کە بیکوژین!"

"ئۆ..و..و... دکتۆر نیلسن، ئاوا هەمیشە تەموومژاوی قسان دەکەیت."

"نا... کوا؟ تەمومژێک لە ئاراد نییە."

"ئەی خێرە ئێمە بووین بە بکوژ؟"

"تازە بووین."

"مەبەستت ئەوەیە ئێمە کاتێک پیتاندنێکی سەرکەوتوو ئەنجام دەدەین و کۆرپەلەیەک دروست دەکەین، بە مانا شۆپنهاورییەکەشی (هەر دروستکردنی ئینسانێک، مەحکومکردنێتی بە مردن) ئاوا ئێمە بووین بە بکوژ؟"

"نا... رێک ئاوهاش نا.."

"ئۆهـ بەدەست تۆوە... ئێستا تێمبگەیەنە چۆن؟"

"دکتۆرە سیلین ئادام هۆ... گوێ بگرە.."

"........"

"تۆ دەزانی لە پیتاندنی دەستکردا ئێمە نموونەیەک لە سپێرمی پیاوێک وەردەگرین... دەڵێم نموونەیەک، ناڵێم چۆن نموونەیەک... رێوشوێنە پزیشکییەکان دیارییان نەکردووە چۆن نموونەیەک... وا هاتوە تەنیا سمپڵێک وەربگرین... تا ئێرە لەگەڵمدایت؟"

"بەڵــێ دواتــریش لە منــداڵانێکی دەســتکردی شووشــەیدا لەگەڵ هێلکەی ژنێک دەیپیتێنین و لێ دەگەڕێین گەشە بکات."

"نـــا... لێدەگەڕێین بمرێت!"

"واو... دکتۆر... دیسان؟"

"سـیلین، بـا مـن و تـۆ لەگەڵ یەک ڕاسـتگۆ بـین؛ تـۆ دەزانـی لە پیتانــدنی سروشــتیدا لە بۆرییەکــانی منداڵانــدا ماراســۆنێکی گەورە بەڕێــوە دەچــێ... دڵنیــام دەزانــی و ئەوەشــت لە یــادە کە لە میلیۆنــان ســپێرمی نــاو تــۆوەکە تەنیــا دانەیەک، یــان لە حــاڵەتی ڕیــزپەڕدا؛ دووان و چەنــد دانەیەک خۆیــان دەگەیەنــن بە هێلکەکان و ئیدی ئەوانی تر هەموویان دەمرن."

"شتێکی تازە لەم باسەدا نییە... دکتۆر!"

"ســـیلین هەیە، بەڵام نەتبینــــی... تــــۆ دەزانــــی ئەوانەی لە ماراســـۆنەکاندا یەکەم دەبـــن، بەهێزتـــرینن نەک لاوازتـــرین.؟ دەی بـــۆ ئێـــرەش هەر وایە... کەســـێک کە شـــایەنی ئەوەیە بێـــتە ژیـــان و ئەو هەمـــوو ئـــازارە لە خـــۆی بنـــێ؛ ئەوە تەنهـــا کەســـێکی ئـــازایە... ئەگەر ئەم چانســـە بـــۆ ســـپێرمە لاوازەکـــانیش هەبـــوایە؛ ئێســـتا کۆمەڵگـــەیەکی لاواز و کەمئەنـــدام و نەخۆش بووین لەسەر ئەم هەسارەیە."

"مەبەسـتت ئەوەیە ئـێمە لێـرە بـێ لەبـەرچاوگرتنی تـاقیکردنەوەیەکی وەکـو ڕاکـردن، سـپێرمەکان بە هێلکەکـان دەگەیەنین؟"

"ئێسـتا کە توانـای تێگەیشـتنت لاوازە، دەبـێ دوو شـت بڵـێم؛ یەکەم بە تەواوەتـی مەبەسـتم ئەوە نییـە کە تـۆ بـۆی چوویـت. دووهەم کە ئەمەیـان بـا سـوپرایز بێـت؛ سـیلین تـۆ بـۆ خـۆت منداڵی تاقیگەیت!"

"..........!!!.................، ....

................؟.......!"

٢٠١١

گەڕان بەدوای دایکمدا

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

دواجار بڕیم.

هەرچەنــدە دڵنیـا نـیم، بەڵام جـگە لە خـۆم، ئەم شـارەش بەرپرسـیارە لە تەواوی ئەو شـتانەی ڕوویانـدا... مـن هـیچ لێـی پەشـیمان نـیم، هەر لە زمـان پــژانمەوە ئەو قسـەیەم لەسـەر دەم بـوو: "پەشـیمان نـیم، پەشـیمان نـابم." هەر جـارێکیش وام دەگـوت، سـوور دەمزانـی درۆ دەکەم. وەلـێ ئێسـتاش نەمزانـی بـۆ نەمتـوانی بـاوەڕ بەوە بهێـنم؛ کە هەمـوو شکسـتەکانی مـن خەیـاڵێکی ئەوی لە پشـتەوە بـوو، ڕەنـگە ئەوەش پەیوەنـدی پەیوەنـدی بەو شـارەوە هەبووبێـت، کە مـن زینـدەگییەکی دۆزەخییـانە تێیـدا ژیـام. شـارێک بـێ پلانتـرین شـاری دونیـا بـوو؛ لێوانلێـو بـوو لە زبـڵ، پڕبـوو لەو گەنجـانەی چاویـان بە دوو بـڕۆوە. لە جێـی ئەوەی لە شـوێنی خۆیانـدا بـن، بە کـڵاوەی ئەژنۆیـانەوە بـوون! هەربـۆیە ڕۆژێـک لە ڕۆژان کەسـیان نـاوکی خـۆی نەدیبـوو، بەرزتـرین خـاڵی بینینیـان لە کەمەریان تێ نەدەپەڕی.

دەبێت ئەوە بڵێم: ئەو ڕۆژانە لەو باوەڕەدا بووم، کە ئاسوودەیی لە بڕینـدایە... بڕین... بڕینی پارچەیەک لە جەستەی خۆت! قسەی ئێستام نەبوو، من لە منداڵییەوە دەمگوت: دەیبڕم. ئەم خولیا شێتانەیەی من لە خەوێکەوە چەکەرەی کرد؛ منداڵ بووم، شەوێکیان پیاوێکی خڕپلانەی سەیر هاتە خەونمەوە. ئەو پیاوە ملی نەبوو، سەری ڕێک وەکو ئەو دەسکەلایە وابوو کە هەموو نیوەڕوانێک لە کۆڵان جوانترین یاریم پێدەکرد. دوو لوقمەقازیی گرتبوو بە دەستە کورت و خڕەکانییەوە و دای بە من. وەختێک لوقمەقازییەکانم دەخوارد، دەستێکی بردە نێوان هەردوو قاچمەوە و بە ڕقەوە توند گرتی، من شەرمم دەکرد و ئەو دەیوت: "ئەگەر دەتەوێت هەموو هەڵماتەکانی گەڕەک ببەیتەوە، بیبڕە... ئەم شتە دێژە ببڕە". منداڵانە پرسیم: "ئەی مامە بە چی میز بکەم؟" پیاوەکە هەناسەساردانە نیگایەکی کردم و وتی: "دە کەوایە مەیبڕە، هەر بمیزێنە".

هەر بە ڕاستی ناو جێگەکەم تەڕ کردبوو... ئەو بەیانییە ماڵەوە هیچیان نەوت، بۆ شەوی دواتریش بێ ئەوەی خەون ببینمەوە، میزم کردەوە بە خۆمدا، شەوی دوای ئەوەش هەروا... چ قەدەرێکی بەد بوو بە منەوە نووسا... ئاهـ.

سـالأنێکی زۆر ئەم میزبەخـۆداکردنەم بەردەوام بـوو، تـا شـەوێک گۆبەنـدێکی تـرم بەسـەر نەهـات، ئەم لافـاوی میـزە نەوەسـتا... سـەرچەفە سـپییەکەم دابـوو بە قاچمـدا و چـاوم بڕیبـووە بنمیچـی ژوورەکەمـان و بیـرم لەو دەکـردەوە، لەو کـچە کـاڵەی خۆشـم دەویسـت. بە ئەسپایی کێلـونی دەرگـاکە تـرازا، وەکـو پیشـەی هەمـوو شـەوانی خـۆی، دەچـوو بـۆ دەسـتنوێژهەڵگرتن، وام مەزەنـدە کـرد بە نیـازی شـەونوێژ بێـت... ژوورەکە ئەوەنـدە تاریـک بـوو، تارمـاییەکەیم بە ئاسـتەم بـۆ دەبینـرا، نزیـک بـوەوە لەو ڕووناکییەی مانگەشـەو لە پەنـجەرەکەوە بە زۆر دەینـاردە ژووریٚ. سـنگە هەڵتۆقیـوەکەیم بە ڕووتـی بینـی دەبریقـایەوە. دایکـم بـوو، زۆر بەو دەچـوو... گومـانم کـرد؛ "ئەوە دایـکە ئیمانـدارەکەی مـن نیـیە..". پـیٚ بە پـیٚ هـاتە پێشـەوە و بەسـەرمەوە وەسـتا، قەدەرێـک ئەو کشـومات و منـیش چـاوە زەقەکـانم دەرتۆقیبـوون... هێـدی هێـدی دانەویـیەوە، لێـوە باریکەکـانی خسـتە سـەر لـچ و لێـوە گۆشـتنەکەی مـن. لێـوە لەرزەم پێکەوتبـوو، ئەو لەسـەرخۆ مـاچی دەکـردم و مـن پەشـۆکاوانە دەلەرزیـم. ئەو بـوو، زۆر بە دایکـم دەچـوو. دووبـارەبوونەوەی هەمـوو شـەوێکی ئەم چیـرۆکە، بە تەواوی منـی یەکلایـی کردەوە و بڕیاری بڕینیم دا.

ئەوە نـوقڵانەی بەسـەرهاتێکی ڕەش بـوو، کە لەودیـو مێـزی کافتریـایەکەوە عەسـرێک پێـی وتـم: "لەوانەیە بە یەکێـک لە مناکـان، عەشـق گەڕان بێـت بە دوای دایکـی خۆتـدا". ئەو وەختـەی ئەو ئەمەی دەوت، مـن ڕەشـاوێکم دڵـۆپ دڵـۆپ وەک عـارەق لە کونیلەکـانی پێسـتی دەموچـاومەوە دەردەکـرد.

کچێـک بـوو سـادە دەدوا، بەڵام هەمـوو قسـەکانی زیـاتر لە مانایەکیـان هەبـوو، کێشـەکەی مـن ئەوە بـوو تەنهـا لە مانایەکیـان دەگەیشـتم و بەردەوام ئەوانـی تـر پەرتیـان دەکـردم. لە ڕۆژانـی سـەرەتادا، مـن ئەو لێکچـوونەی ئەوم لەگەڵ دایکـم بەدی نەکردبـوو، یـان هێزێکـی نادیـار نەیدەهێشـت مـن ئەو حەقـیقەتە بـزانم، کە ئەو و دایکـم هەر یەکێـک بـوون. نـا مـن بـاش دەمزانـی ئەو ئەنـدامە نەفـرەتییەم، منـی خسـتووەتە وەهـا گەرداوێـکەوە، تەنهـا هەوڵیش بۆ پاکبوونەوەم، بڕینێتی... بڕین لە بنەوە.

ئـاواریی چـاوە ڕەشـەکانی وێنەیەکیـان بـۆ دروسـت دەکـرد، کە مـن ئەو وێـنەیەم تەنهـا لە ئەلبـومی چاوەکـانی دایکمـدا دەبینـی... تەنکـی لێوەکـانی ڕێـک بەو لێـوانەی دایکـم دەچـوو، کە زۆر کەم بـۆ پێکەنینێکـی کـورت لە یەک دەتـرازن. ڕاسـتییەکەی مـن ئەوکـاتە گومـانم کـرد، دایکـمە. کە مەمـکە گەورەکـانیم بینـی و بـێ ڕووخسـەت، پـرم پێـداکردن و کەوتـمە

مژینــی، کەچـی بە هەر پێـنج پەنـجەکەی، سـەری بـردمە دواوە و گلەییئـامێزانە و کەمێـک بە مەکـرەوە وتــی: "هەمـوو شـتێک کاتی خۆی هەیە".

دایکیشـم دەگێـڕێتەوە، کە مـن زۆر شـەیدای مەمـکە گەورەکـانی ئەو بــووم و بە بەرچـاوی خــزم و خوێــوە، هەردوو چـنگم خســتووەتە یەخەی و مەمکــیم دەرهێنــاوە بــۆ مــژین، وەلــێ دایکــم بە چەپۆکێــک دووری خســتوومەتەوە و هەر وەکــو ئەو پێی وتووم: "ئانوساتی هیچ شتێک نازانیت."

تێنــاگەم مـن خـۆم ترسـنۆک بـووم، یـان بە ڕاسـتی قسـەی ئەو مەحشـــەرگەلە ترســــاندبوومی... ئەو پیــاوە ورگـــزلەی لە قـــاوەگرتنەوە و دەســـتخوێندنەوەدا، بەختیــاری بــۆ خەڵــک دەدۆزیـــیەوە، شـــەوێک لە مەیخانەیەکــدا پێـــی وتـــم: "گەڕان بەدوای بەختیاریـــدا، لە یەکەم قــومی ئەم شـــەرابەوە کۆتــایی پێــدێت... قســـەیەکی بێمانـــایە؛ ئینســـان ناتوانێــت لە نــاو بەختیاریـــدا بــۆ بەختیـــاری بگەڕێـــت، هەر وەک چـۆن تــۆ ناتوانیـت لە ئەسـتێرەی بەخـت و هێڵـی خـواری لەپـی دەسـتی ئەو کـچەدا، هـیچ شـتێکی دیـکە بخـوێنیتەوە، جـگە لە ئایندەی دایکت".

سەرەنجام بڕیم... ئەو شەوەی بڕیم، دڵنیا بووم ئێشی ئەم بڕینە زۆر خۆشترە لە بینینی ئەو، چۆنیشم پێشبینی کردبوو، هەر وا دەرچوو. من بڕیم و ئەو ون بوو.

ئەوەی شێتی دەکردم، ئەوە بوو ئەوە شەوەی من بڕیم؛ ڕێکەوتبوو لەگەڵ دیارنەمانی دایکمدا. سەرەتا وا تێگەیشتین دایکم لە ماڵە خزمەکان بێت، دواتر خزمەکان وا جوابیان کردین کە دایکم هەڵگیرابێت. باوکم ئارامی لێ بڕابوو، نەماندەزانی چی بکەین، بەڕاست ئینسان لە وەها حاڵێکدا دەبێت چی بکات؟! کوێوە بچین و لە کوێڕا سۆراخی بکەین... هەموومان گومانمان دەکرد لە هۆ و لە ونبوونی دایکم، کەس ڕاستییەکەی نەدەزانی، تەنها من نەبێت... منێکی تاوانبار... منێک، بە بڕینی ئەندامێکی خۆم، بوونێکم خستە عەدەمەوە... بوونێک لە دوو شێوەدا.

٢٠٠١

کتێبفرۆشی

هێواش هێواش بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتم، قاچەکانم خێرا خێرا دادەنا و هێواش هێواش بەرزم دەکردنەوە؛ تەپ... تەپ... تەپ تەپ... تەپ... تـــە پـــ... تە... تـــ... دەنگی پێکانم ڕیتمێکی نامۆ نەبوون بە من؛ خاو دەستم پێ دەکرد و خێرا دەبووم و خاو دەبوومەوە، بەڵام ئایا کۆڵم دەدا؟!

نا... نـــا کۆڵم نەدەدا، سەرلەنوێ دەستم پێدەکردەوە.

درەنگانی شەوێک، کە ئەم ڕاستییەی ژیانی خۆم بۆ ئەو کچەی مشتەرییەکان پێیان دەوت "تۆوێخی دڵ دەبات" باس کرد، خۆی گرمۆڵە کردە ژێر بەتانییەکەی و چاوە ڕەشەکانی کە هێشتا بە مەستی سەرجێییەکی ئاگری من لێڵ بوون؛ بڕینییە ناو خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو برۆ ئەستوورەکەم و بە دەنگێک، کە من گومانم هەیە کە ئەگەر لێویشی نەجووڵاندابایە، ئەو دەنگە لە ژێکانی قوڕگیەوە بە ئاسانی دەگەیشتە من. وتی: "کە سەیریت! ئەگەر ژیانی تۆ پێناسە بکەم، سێکسێکی تەواویت".

ڕاستی دەکرد، منیش جارێکی دیکە ژیانی خۆم بۆ هیچ کەسێک نەگێڕایەوە، ئاخر بۆ هەر کەسێکم بگێڕابایەوە، لەو باشتری نەدەپێکا. من جاران وام دەوت، کەچی ئێستا دەمەوێت جارێکی دیکە ژیانی خۆم بنووسمەوە. هەموومان حەزدەکەین ژیانی خۆمان بنووسینەوە و پیشانی خەڵکی بدەین، بەڵام کەسمان لە ڕوومان هەڵنایەت، ئەم حەزە شەیتانییەمان بە یەکتری بڵێین.

بۆچی من لەسەر کەشتیی خەیاڵی سۆزانییەک لەم لێڵاوە دانابەزم؟ نازانم! بەڵام دڵنیام خۆم چیرۆکی خۆم لە هەر کەسێکی تر باشتر دەگێڕمەوە. هەموو ئەوانەی ویستوویانە ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانی من بنووسنەوە، سەرەداوی ڕاستییەکەیان لێ ون بوە و من بوومەتە قوربانیی فەزای دەق و تێکەڵ بووم بە فەنتازیایەک و لە نێوان شوێن و کاتدا گۆڕاوم بە کەسێک، کە هەموو کەسێک بم، خۆم نەبم. کە خۆم ئەوانە دەخوێنمەوە، دەڵێم ئەمانە چیرۆکی من نین، ڕەنگە چیرۆکی ژیانی کەسێکی دیکە بن.

کێلونی دەرگاکە بۆ خوارەوە پاڵ دەنێم و کلیلەکە لە ناویدا هەڵدەسووڕێنم، بە ڕاست... بە چەپ... بە ڕا... هەمیشە من کلیل لە ناو کێلونی دەرگادا زۆر دەهێڵمەوە.

PDF 4 KURD

ئەمشەویش ڕەنگە دەرگاکە نەیەوێت بە ئاسانی وەک شەوانی دیکە، خۆی بە دەستەوە بدات... دەرگاکە دەکەمەوە و گڵۆپەکە هەڵناکەم، تاریکی ژوورەکەم لە تاریکی هیچ جێیەک ناچێت، بواری هەناسەی تیادا نییە... قەتیسم دەکات... دەمخنکێنێت... دەست دەبەم شووشە بچووکی شروبی سەر مێزەکەم دەدۆزمەوە و هەڵیدەقوڕێنم، تیژ تیژ هەناوم دەبڕێت و دەگاتە گەدەم. بەرگەی ئەم تاریکاییە ناگرم. ئیسات چیدی وەکو جاران نیم، تاریکایی دەمتۆقێنێت.

گڵۆپەکەم هەڵکردوە و دەمەوێت خۆم بنووسمەوە، لە قاڵەقاڵی دەنگەکانی ناو خۆم بەئاگا دێمەوە... دەنگێک پێم دەڵێت بە ئەمانەتەوە شتەکان بگێڕەوە و لە سەرەتاوە دەست پێ بکە، دەنگێکی تر بینی لێ هەڵدەبڕێت و دەڵێت: ئاخر گێلەپیاو، خەڵک چ ئیشێکی بە سەرەتای تۆ هەیە؟

من قەدەرێک مات ڕامام، باشە سەرەتای من کامەیە؟ مێشکم دەگوشم، یادەوەریم لەو بەیانییە کۆنتری تیادا نییە، کە ڕەشەبایەکی کورت، بە کراسێکی ڕەش و تەنوورەیەکی کورتی پڵنگییەوە هێنابووی. دانەوییەوە و وتی: "کتێبێکم دەوێت باسی کۆن بکات... زۆر زۆر کۆن... باسی زەمانی بەرد بکات".

من خەریک بوو دەمودەست بڵێم هەموو ئەو کتێبانەی مێژووی چاپکردنیان لە پێش لەدایکبوونی تۆوەیە، بۆ ئەو مەبەستەی بەڕێزت دەشێن؛ ئاخر جەنابتان بە تەشریفهێنانتان، زەمانێکتان گۆڕی. بەڵام نەموت... من دەتوانم ئەم یەکەم بەیانیی بینینە، بکەمە یەکەم ڕۆژی خۆمی... مانگی خۆمی... ساڵی خۆم... سەدەی خۆمی...

دەتەوێت وا دەست پێ بکەیت، دوودڵیت، خەتێک بەسەر ئەو دێڕانەدا دەهێنیت... خەتە درێژەکان لەو خەتانە دەچن، کە دەتهێنان بەژێر نووسینە گرنگ و جوانەکانی ناو کتێبەکاندا. دواتر هەر ئەو خەتانەم دەهێنا بەسەر دە خەتی ورد وردی لە تەنیشت یەک، کە ژمارەی سێکسەکانی کچێکی، لە ڕۆژانە خانەکەی خۆیدا تەواو دەکرد.

هەموویان خانەی خۆیان هەبوو، من دەمگوت دەبێت بەو تایبەتمەندییانەی خۆتانەوە بژین، کەچی هەمیشە (شەوین خۆشی) پەنجەکانمی دەلێسایەوە و دەیوت: "توخوا ناوی من بخەرە ناو خانەکەی (شەیما قەپات)ەوە". من دەموت نابێت، تۆ کە دەتەوێت ناوت هەبێت، دروست ببیت، کوڕان کە چوونە حەمامەوە، تۆیان بیر بکەوێتەوە، تۆ ئەگەر دەتەوێت کڕیارەکانی خۆت زیاد بکەیت، دەبێت لە خانە تایبەتەکەی خۆتەوە دەست پێ بکەیت.

جارجار تووشی خەیاڵاتێکی سەیر دەبوو، خۆی لێ دەگۆڕا. چەندین جار بە وردەماچێک یان مەمک گوشینێک، خەتێکی وردی بۆ (شەیما قەپات) دادەنا و وای دەزانی ئەوە یەکەمین جارە ئەو کچە ببینێت، یان یەکەمین جارە بەو کچە بگات، کە ساڵانێکە خەیاڵی داگیر کردوە. ڕادەمام، خەیاڵ دەیبردمەوە، ڕاستتر بڵێم چاوەکانی دەیانبردم... خۆمم دەدی توند باوەشم کردوە بە کەمەری سمۆرەیەکدا و ئەویش خۆی شل کردوە و بە مەکرەوە جارجار خۆی ڕادەپسکێنێت، ڕووتوقووت هەردووکمانین؛ من شەلاڵم لە عارەقەدا، توکەکانی کلکی ئەو هەر بە پێوە، سیسەمێکی نووستنن... سڵ لە دەم و لوتی ناکەمەوە، ڕیزێک ددانی ورد، لێوێکی تەنک شاردوونیەتیەوە.

دەست دەخەمە ناو پەنجە وردەکانیەوە، چنگ و نینۆکی نییە، دەستم ئازاری دەگات... توندتر دەستم دەگوشێت، زیاتر ئارەقم کردۆتەوە. من نازانم ئەوەی لە باوەشمدایە، (ئەو)ە یان شەیما؟ ئێستاش نازانم من (ئەو)م لەوێ بەجێ هێشتووە و بەدوای شەیمادا هاتووم؟ یان شەیما لەوێیە و من بەدوای (ئەو)دا لێرەم؟ نازانم هەندێک لەوانەی پێش من ئەم چیرۆکەیان نووسیوەتەوە، دەڵێن (ئەو) و

PDF 4 KURD

شـەیما هەر یەکـێکن. لـێ مـن وا نـاڵێم. ئـاخر چـی بڵـێم! کە من خۆم ئەکتەری ئەم فیلمەم و دۆستەکەم ون کردووە!

کـوا بینەرێکـی ڕۆمانسـی، پەنـجەی ناسـکی بنێـتە سـەر یەکێکیـان و بڵێـت: هـۆو... پیـاوی ون، ئەمەیـان مەعشـوقە ڕاستەقینەکەتە.

هەسـت دەکەم دەمارەکـانی لـێ دەدەن، گەرمـا تەقانـدمی... وەخـتە لە هـۆش خـۆم بچـم، کە قریـوە پـڕ لە هەوەسـەکەی ڕامـدەچڵەکێنێت و بە دێڕێـک کە پـڕە لە (هــ)ی تینـوو، دەیـوت: "دەیـە، کواهـ خەهـ تەهـ کەهـ تـ هـ.." شـەیما حیسـابی ڕۆژی وەردەگـرت و تـۆ خەتێکـت دەهێنـا بەسـەر نـۆ خەتی نۆ پیاوی تر و ماچێکی خۆتدا.

مـن ئەم خەتخەتێـنە دەمکوژێـت، هەوراز و نشـێوییەکانی دێڕێـک ئەگەر هیچـیش بێـت، شـتێکم هەر پـێ دەڵـێن، بەڵام بیابـانی خەتێکـی ڕێـک، جگە لە مەرگ و مەرگـ هیچـی تـر لەم نیوەشـەوەدا نادرکێنێـت. ئەم شـەوە درەنـگە، سـاڵیادی تەلەفـۆنێکی ئەوە، کە بە چـپە چەنـد پیتێکـی پچرپچـڕی بـۆ نـاردم. مـن درەنگێـک تێگەیشـتم کە ئەو وتـوویەتی: "مـن و تـۆ پـێکەوە پەڕەیەکـی نـوێ هەڵـدەدەینەوە". مـن سـەفەرێکی تولانیم کرد؛ چەندین وڵاتم دی، چەندین ئەرزی خوا گەڕام.

کەشتی گەورە گەورە، فڕۆکەی زەبەلاح، شەمەندەفەری نوێ، درێژترین ڕەفەکانی کتێبخانە، کورتترین مەوداکانی پەیوەندی و ئیمەیل.

ئەو (پەڕە نوێ)یەش هەبوایە، تۆ لە کوێ بوویت، تا پێکەوە هەڵیبدەینەوە؟! هاوڕێیەکم کە لە شکستی عەشقەوە دەستی دابووە بازرگانی شووشە و سەرکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی بوو. کوڕێک کە ماڵەکەی یەک پارچە فەخفوری و چینی و کەمۆڵە و مێز و تەنانەت کورسی شووشە بوو، لەسەر یەکێک لەو قاپانەی وێنەی خیامی بە جامێک شەرابەوە تێدایە، بە دەستوخەتێکی باریک نووسیبووی: (ژیان پەرداخێکی شووشەیە بە دەست منداڵێکی چەتوونەوە). ئەو عەسرێکی درەنگ، بەوپەری لەخۆباییبوون و بەدەم بستە خواردنەوە پێی وتم: "برادەر، عەشق وەکو باری شووشە وایە... کە دەستێکی کرد، ئیتر خێرەکەی کورت دەهێنێت... باری باش ئەوەیە خۆت لە خاوەنەکەی بکڕیت". من تویکڵی بستەیەک بەو هەموو ڕەقێتییەی خۆیەوە پوکمی هەڵدڕی بوو، ئەویش دەیوست بە لوغزەوە پێم بڵێت: عەشقی ژنێکی مێردردار، خەراپییەکەی لەوەدایە، کە لە شکستی خۆیەوە تۆی خۆش دەوێت.

PDF 4 KURD

کەچی هەر ئەو عەسرە، خوشکی ئەو بازرگانە بە منی وت: "جەنابی میوان کاکم ڕاست ناکات، هیچ شتێک لە عەشقی ژنێکی مێردار گەورەتر و پیرۆزتر نییە؛ تۆ بڕوانە ژنێک بەسەر مرۆڤێکی تردا باز دەدات، تۆی خۆش دەوێت".

من گێژ بووم، بەرچاوم ڕەش بوو، بستە و کچەکە تێکەڵ بوون، خوشک و براکەم بەسەر یەکترەوە بینی... ڕشامەوە و ڕەشاوم هەڵهێناوە... ڕەشاو بەرپێمی تەڕ کرد، جۆگەلەی بەست بۆ خوارەوە، هێڵنجم دەدا و ڕشانەوە دوایی نەدەهات... ڕەشاو قولەپێمی تەڕ کرد، چاوەکانم دەرتۆقیبوون، دەکۆکیم و پڕ بە دەمم ڕەشاو دەهات... ڕشانەوەیەک نەبوو بیر لە تەواوبوون بکاتەوە، قولپی ڕشانەوە ڕەشەکە، ئەو خوشک و برا ڕووتەی بەیەکەوە لەبەرچاوم ڕەشتر کرد.

هەموو یەکشەممانی هەفتەیەک لەوسەری بازاڕەکەوە دەردەکەوت؛ لوتێکی قنجی بچووک، لێوێکی تەنک و چەناگەیەکی قۆقزی هەبوو، هەمیشە سڵی لە سێبەرەکەی خۆی دەکردەوە، گومانی لە هەموو شتێک دەکرد، گومان ئەوی دەبردەوە سەر بنەچەی گیانەوەرێکی وردیلە، کە پێی دەڵێن سمۆرە... دەمزانی بۆ کتێبە مێژووییەکان هاتوە، بۆ ئەوانەی زەمانی ئەشکانی، هیلینیستی، سەردەمی وەرکا و

PDF 4 KURD

ئاشـــووری دەگەڕا. دەتـــوت ئەم کـــچە زۆر زوو شـــتێکی ون کـــردوە و ئێســـتا دەیەوێـــت لە ڕێـــگەی ئەو کتێبـــانەوە ئەدرەسـێکی ئەو شـتەی دەسـت بکەوێـت. هاوتەمەنەکـانی ئەو، لە کتێبـی هـونەری چێشـتلێنان، بـوردەی جلـوبەرگ و گـۆرانیی هونەرمەندە گەنجەکان زیاتر، هیچی دییان نەدەکڕی.

ئەم کتێبەکـانی هەڵـدەگرت و مـاوەیەکی زۆر دەسـتی بەسـەر بەرگەکانیانـدا دەخشـاند، نزیکـی دەکـردنەوە لە دەم و لێـوە تەنـکەکەی. مـن سـەرم دادەخسـت، دەمـوت بـا شـەرم لە مـن نەکـات و تێـر ماچیـان بکـات. کەچـی ئەو شـەوێکی درەنگـی پـایز، پێـی وتـم: مـن بە بـۆنی ئەو کتێبـانە، سـوکنایی بە ڕۆحمـــدا دێـــت، ئەگەر بـــۆنی ئەو کتێـــبە کـــۆن و زەردانە هەڵبمژێـــت، دەســـتبەجێ دەچیـــتەوە ئەو ســـەردەمانە؛ خـــۆت دەبینیـت جووتێـک سـۆلەت لە پێـدایە و قەیتـانە درێژەکـانی تـا نزیـک ئەژنـۆت لەسـەر گۆشـتەکەت تونـد کـردووە. پـارچەیەک پێسـتەت لە بەردایە و دەسـتبەتاڵ بە نـاو ئەو حەشـاماتە قـژ ئاڵۆزکاو و مەنگەدا دێیت و دەچیت.

ئەو منیشـی فێـری ئەو بـۆنە کردبـوو؛ بەیانیـان کە کتێبەکـانم ڕێـک دەخسـت، دەبـوایە تێـر تێـر بـۆنی کـاغەزە زەردەکانیـان هەڵبمـژم... ئێـوارەیەک هەمـوو کچەکـانی لای خـۆمم کـۆکردەوە و دەرسێکم دادان.

ویستم لەبەردەمیاندا بیسەلمێنم؛ کە لوت بەدبەختترین پارچەی جەستەیە؛ چونکە لەهەر ئەندامێکی تر زووتر فریو دەخوات، تەنانەت لە چاویش زووتر! لە دڵی خۆمدا گوتم؛ لوتی پیاوێکی هەستیار دەتوانێت زۆر زوو هەست بە باکگراوندی بۆنی پێشوو بکات....بەڵام بۆ ئەوان وتم:

"ژن بۆن بەکار دەهێنێت، تا هەست بە بۆگەنییەکەی ناخی نەکەین". من زۆرم قسە دەکرد، هەمیشە وابووم، تەواو پێچەوانەی ئەو، دەبوو لە هەموو بابەتێکدا درێژدادڕیی تەواوم بکردایە. ئەوان کە گوێیان لێ گرتووم، لەبەر ئەوەنییە زۆریان خۆشدەوێم و حەز بە قسەکانم دەکەن، نا... ئەوان باش دەزانن؛ هەر کەسێکیان نەیەوێت گوێم لێ بگرێت، ئەوە دەبوو بەیانی ئەو ئیشەی لە لای کەسێکی تر بدۆزیبایەتەوە.

ئەو کچە بەدبەختانە نەدەکرا بۆن بەکار نەهێنن، ئاخر کڕیارەکانمان لە دەست دەچوو، خۆ کڕیاری چەور هەمیشە گێلە... ئیدی دەنگوباسی کچەکانی لای من لە شاردا تەقیبووەوە... ئەم کچانە گرانترین بۆنی بیانییان لە وڵاتە عەرەبییەکانی باشوورەوە پێ دەگەیشت. هاوبەشیمان لەگەڵ بەناوبانگترین کۆمپانیاکانی بۆنی تورکی و فرانسی هەبوو.

PDF 4 KURD

ئەوان دەیانزانی بۆنی نەرم، بۆنی تیژ، بۆنی پڕ، بۆنی قورس، بۆنی تورت و جۆرەها بۆنی سێکسی ترمان بۆ ڕەوانە بکەن.

هەڵبەتە منی کتێبفرۆش، دەمزانی ڕەنگی بەرگی کتێبەکان چ کاریگەرییەکی جۆراوجۆریان لەسەر خوێنەرەکان هەیە و کامیان پرفرۆشترینیانە، بەڵام دوای ساڵانێکی زۆر و پاش سەفەری بەدی ئەو، ئەم تێگەیشتنەم چڕتر بووەوە، ڕاستییەکەشی ئیشەکەم وای دەخواست ئەو پسپۆڕایەتییە بەدەست بهێنم کە بۆن لەهەموو شتیکدا توخمێکی هێندە گرنگە کە عەقڵ لە ئاستیدا دۆش دادەمێنێت.

من هەمیشە قسەم هەبوە، هەر شەوێک یەکێک لەو کچانەم لای خۆم گل دابێتەوە، شەڕی ئەوەم پێ فرۆشتوە ئەو ستیانە سوورەی بگۆڕێت کە ئەمڕۆ پیاوە گەلۆرەکانی ئەم شارەی پێ فریو داوە. من بە لووتبەرزییەکی شاعیرانەوە دەموت: "کچێ سوور سەقەتترین و سەخیفترین ڕەنگی دونیایە. سوور هەموو شتێک دەڵێت، سوور جێیەک ناهێڵێتەوە بۆ لوغز، سوور چاو دیل دەکات و پیاو زوو دەوروژێنێت و زووش زایەی دەکات. سوور ناهێڵێت هەقی تەواوەتی بدەین بە یەک، ئێ دە کەرە، ئەو لیباسە سوورەت دابکەنە".

خەریکم شتە تایبەتەکانی خۆم دەڵێم، ئاخر من هەمیشە لێرەی نووسین دەترسم. تا ئێستاش بەگومانم لەوەی بنووسم.

کە پێڵوەکانت دادەخەیت، تەزوویەکی تیژپەڕ بەسەرتدا دێت، گێژ دەبیت، بەرچاوت لێڵ دەبێت و ناتەوێت چاوت دابخەیت، نا، ئاخر بەردەوام نووستن زیاتر لە بێداری ئازاری ڕۆحی تۆی داوە... گوناهی منیش نییە، ئاخر خۆشم (دەویست) یان (دەوێت)، نازانم کام لەم دوانە بنووسم.

ئەو کاتەی من وێنەی ئەوم لەویادا هەڵگرت، هەرزەیەکی بێ ئەزموون بووم، من چوزانم پێڵوو تەنها یەک جار وێنەی تیادا هەڵدەگیرێت!

تۆ بێ ئاگابوویت لەوەی ڕۆژێک دێت لەم وڵاتە سارد و دوورەدا، بەدوای وێنەی ڕاستەقینەی ئەودا دەگەڕێیت و ئەو جگە لە چاپی دیوی ناوەوەی سەر پێڵووەکانی خۆت، لە گشت شوێنێک ونە.

دەمارەکانم خاو بوونەتەوە، جەستەم دەکشێت، پێستم خۆشتر دێت بە دەستەوە، ڕەنگە شروبەکە کاریگەری خۆی بووبێت، باشتر، بەڵکو بتوانم ئارامتر بنووسم، دوور لە ڕقی ئەو ڕۆژانەی ئازارم تیایاندا چەشتوە.

بەدیار کتێبەکانەوە خەیاڵ بردوویتیەوە، دڵت پەلەتر لێ دەدات، دەزوی ئاوریشمینی ئەم خەیاڵت دەپچڕێت. دەزانیت ئەو کچە لەو نزیکانەیە، ئەگینا تۆ لە ژیانی خۆتدا ئارامترین پیاو

بوویـــت... کە ئەو نزیـــک ببـــوایەتەوە، مـــن بە ئاســـانی قســـەم بـــۆ نەدەکـرا؛ چەنـد پیتـێکم دەنووسـاند بەیەکەوە و هەنـدێک پیتـی تـرم دەپەڕانـــد، دەســـتم دەلەرزی، هەســـتم بە ســـووکی کێشـــی خـــۆم دەکـرد، دەمزانـــی تـــازە زەوی ناتوانێـــت مـــن کـــێش بکـــات. هەمـــوو شتێکم بیر دەچووەوە و دڵم خێراتر لێی دەدا.

ئێســـتا ئیـــدی بڕیـــارێکی شـــێتانە نیـــیە ئەگەر بڵـــێم؛ بە نیـــازی گەڕانەوەم... مـــــن لەم وڵاتە ســـــاردەدا، هـــــیچ هەڵنـــــاهێنجم، دەگەڕێـــمەوە و ڕەنـــگە دەســـت بە کتێبفرۆشـــتن بـــکەمەوە و خـــاڵی کۆتـــایی بـــۆ ئەم گێلێتیـــیەی خـــۆم دابنـــێم... چیتـــر ڕانـــاکەم بەدوای دەنگێکـــــدا، کە بە ســـــەراب دەچێـــــت... مـــــن دەگەڕێـــــمەوە بـــــۆ نیشـــتیمان، بەڵام دڵنیـــام ئەم خەیـــاڵە شـــێتە لـــێم ناگەڕێـــت و ڕۆژێـــک هەر دەمهێنێتەوە ئەم غوربەتە!

٢٠٠٤

www.fb.com/PDFkurd

PDF 4 KURD

بـــــــــــازنه

تەرم

لە سەری کۆڵانەکەی خۆماندا دەچەقم... چاوم دەرپۆقیوە، ئەژنۆم شل دەبێت... خوێن هورووژم بۆ سەرم دێنێت، ئەوەتا ڕوخسارم سوور هەڵگەڕاوە... نیگام تیژ فڕیوە... من هەندێ جار خێرایی سەیرکردن لە خێرایی تیشک بە زیاتر دەزانم؛ کە بونیام تەماشای شتێکی باوەڕنەکردە دەکات؛ کات دەبێت بە سفر. بەمە دەڵێن حەجمین... من ئێستا وام لێ هاتوە... ماڵە بچکۆلانەکەمان لە ناو غەڵبەغەڵبدا دیار نییە... لە نێوان هەموویاندا قیژەی دایکم دەناسمەوە... من هەروا ڕاوەستاوم؛ کە دەبینم بە پلیکانە ئاسنە تەسکەکەدا، چوار کەس لە ژوورەکەی منەوە لە بەتانییەکی بۆردا تەرمێک دەهێننە دەرێ... قاچە درێژەکانی لە جووتێ گۆرەوی دڕاوی ڕەشدا لە بەتانییەکەوە شۆڕ بۆتەوە، بە جۆرێ خۆی شل کردوە، وەک ئەوەی بیەوێت بڵێ "بەس پێم بگاتە سەر ئاسنە ژەنگاوییە ساردەکە، بۆ خۆم دەڕۆم".

مــن هەر لە شــوێنی خــۆم چەقیــوم، کە تەرمەکە لە پشــتی پیکــابێکی کۆنــدا بە بەردەممــدا دەڕفێــنن... فریــا دەکەوم بە خێرایــی چــاو لە خــۆم بــکەم کە ئاســوودە و نەرم ڕاکشــاوم... تەنیــا بەشــی چەپــی ســەرم ســەرمایەتی کە لە بەتــانییەکە ترازاوە و کەوتووەتە سەر پلێتە تەزیوەکەی پیکابەکە...

مەرگی من

بەیــانییەکی زوو لە ڕیماگریــانۆس، لە قەراخ دەریــای کــاریبی، شــەش میــل لە دووریــی شــاری پامبلۆنــا دیگــرۆ، خەڵکــی کــوخە بچووکەکــانی ئەو کێــوە ســەخت و سروشــتە دڕە بە دەنگــی زرمەیەک پێشــوازی لەڕۆژێکــی ســارد و بارانــاوی دەکەن... ئێســتاش ئەو کێشمەکێشــە بــۆ خەڵــک تەواو نەبــووە؛ کە ئایــا بەو تەنیــا گــولەیە چیرۆکێکــی نــوێم نووســیوە یــان خــۆم کوشتووە؟

ســەری هەمنگــوای پرپــڕە لە باڵنــدە، ئەو خۆشــی ڕاوچییەکــی کــارامەیە... هەمــوو ڕۆژێــک باڵنــدەیەک ڕاو دەکــات و ســەر لە ئێــوارەکەی چیرۆکێــک دەنێرێــت بــۆ ڕۆژنــامەی لۆمۆنداســتێ... کازیوەکیــان نووســەر کــار لەســەر یەکێــک لە کــۆنترین ئایــدیاکانی خــۆی دەکــات و دەیەوێــت یەکەم دێــڕی ڕۆمــانە نوێیەکــەی بنووســێت کە بە خێرایــی ئەوە بەســەریدا دێــت؛ بــۆ

نووسینی ڕۆمانێک پێویستی بە نێچیرگەلێکی زیاتر لە ڕۆژان هەیە... دەستبەجێ هەمنگوای خەونی ڕاوکردنی هەموو جەنگەڵەکەی ناو سەری خۆی دەیدات لە کەلەی.

خەیاڵی ناو ئاوێنە

خەیاڵەکان چوون ئاسکێک لە سێبەری خۆشیان سڵ دەکەن... دەترسن... بتەوێت بیاننووسیتەوە زیرە دەکەن، هەڵدێن... خەیاڵ بۆ ئەوەندە لە نووسین زارەترەکە؟ نازانم... ئێستا دەمویست شتێکی زۆر نایابت پێ بڵێم، هاتم بینووسمەوە کە وەک تەمێک ڕەوییەوە... دروست وەک تەمی ڕوخساری کچێکی کاڵ لە کتێبفرۆشیی ژێرزەمینەکە.

بانگم دەکات... لێی دەچمە پێش، یادەوەریم دەگوشم؛ ئەم کچە غەریبێکی ئاشنایە... بە ئەسپایی دەڵێت "تۆ توانا نیت؟!". ئەڵێم با، خۆیم... دەستم دەگرێت... سەیری چاوم دەکات... چاوی خۆی سەرریژ بووە و فرمێسک لە پێڵوی ئەستوورییەوە سەر دەکا... من حەپەساوم... کەس ناتوانێ بزانێت کە بونیام لە کاتێکی ئاوهادا دەبێت چی بکات؟ ئەڵێم جەنابتان؟ بەدەم گریانەوە هەروا پێمدا هەڵدەڕوانێ و دەڵێت "وای... چەند گەورە بوویت!".

PDF 4 KURD

خەریـــکە لەســـەر خـــۆم دەچـــم، هەروا وڕ و گێـــژ دەڵـــێم تـــۆ کێیـــت؟! قســـە ناکـــات، هەر ورد دەبێـــتەوە، هەمـــوو پێستی دەموچـاومی بە نیگـای دامـاڵیوە. ئێســتا مـن وەک پەیکەرێکی ڕووتــی خوێنـاوی لە بەردەمیـدا ڕاوەســتام، لێـی دەپـاڕێمەوە و پێی دەڵێم ئاخر کچە کاڵەکە تۆ کێیت؟!

بە هێواشــی چاوی هێجگـار تەڕی لێـک دەنێـت و لە بەردەممـدا دەبــێ بە تەم... لە مژێکــی ســپی تەنکـدا دەنگێکــی کچـانە دەڵێت "من تـــــۆم، توانا... من تۆم!".

www.fb.com/PDFkurd

حەلاج

چــواردەورم زوڵــمەتە... ڕوونـاکییەک لە منـدایە خاپوورکـار... ئەو ڕەشـــەخەڵکە دەبیـــنم وەک عەشـــاماتی چـاخێکی کـۆن لە مەراســـیمی ئەم کوشـــتنەدا تەهلـــیلە دەکێشـــن، حاڵیـــان لــێ دێـــت... مـــن هەزار بەردم بەردەکەوێـــت، بەردەکـــان هـــیچم لــێ نـاکەن تەنهـا زامـی کـۆنم هەڵـــدەدەنەوە... ئەوەتـا جونەیـدی بەغـــدادی لە نـــاو بەردهاوێژانـــدا ڕیـــزی لە مـــن گرتـــووە... هەنگـــاوی شـــەکەتم دەمبـــاتە بەردەمـــی... ئەو دەســـت دادەهێنێـــتەوە گوڵێـــک بگـــرێتە مـــن، کە وەک تارمـــاییەکی بریندار هاوارێکی ترساو دەکەم: "ئـــــــــــــــــــاخخخ!".

زمـانم لەنـگە، بەرچـاوم لێـڵ، ئێسـتا ئـازاری ئەو جێـبەردانە هەموویـان بەیەکەوە دێـن، پێڵـووی نـاو بـازنەی مۆربـوەوەی چـاوم بە ئاسـتەم بەرز دەکەمەوە و لە دڵـی خۆمـدا دەڵـێم:

"مامۆسـتا مـن مەنسـوور نەبـووم... مـن نووسـەری ئەم چیرۆکەم".

٢٠١١

تکایە مەمرن

وام هەست دەکرد لەم دونیایەدا کەس هێندەی من تەنها نییە، تەواوی ژیانم ڕۆمانێکی درێژ بوو بە تەنیایی دەستی پێ کرد و بە تەنیاییش کۆتایی هات. زۆر جار لەبەر خۆمەوە دەمگوت: "من کۆنترین پیاوی نێو مەملەکەتی تەنیایم".

ئەگەر ئۆخژنێکی شک ببردایە، ئەوا لە نقومبوون لە دووکەڵی جگەرەکەی و لە فڕکردنی پێکێک مەیدا بوو. پێچەوانەی هەموو ئادەمییەکانی تر، بە دیتنی مردوو خۆشحاڵ دەبوو. کە مردوویەک بە بەردەمیدا تێپەڕیایە، بە هەموو هێزی دەیقیژاند: "سڵاو، کەمێکی دی منیش دێم".
بەڵام ئەم قیژەیە سنووری نێوان دوو لێوی نەدەبەزاند و لە نێوان ژێکانی قورگیدا فەنا دەبوو. تاکە پرسیارێک کە ئەم عەودالی وەڵامەکەی بوو، ئەوە بوو: "تۆ بڵێیت مردن تامێکی تری ژیان بێت؟".

ئەدی کەنگێ ژیان تامی هەبووە؟ ئەگەر پاشماوەی ئەم ژیانە پووچە بێت، ئەوا مردنیشم ناوێت.

"نا... مردن پاشماوە نییە، مردن بۆ خۆی ژیانە. ژیانێک نە دووبارەبوونەوەی تێدایە و نە چاوەڕوانی". ئەمە قسەی ئەو شاعیرە بوو کە لە سووچێکی چایخانەکەدا بە زگورتی دەژیا و بە ڕەبەنیش مرد. نە جگەرە و نە مەی و نە هیچ شتێکی تر، دادی ئەم دەردە نادەن. ئەو شەروبەی لەم دوادوایەی ژیانیشمدا فێری بووم، جگە لە ئۆخژنێکی کاتی، شتێکی تر نەبوو... ئێستا دەزانم هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بۆ قوتار بوون لە چنگە خوێناوییەکانی تەنیایی پەنایان بۆ دەبات، جگە لە خۆفریودان، شتێکی تر نییە.

ئەو ساتەی ژنێک سنگە سپی و پڕەکانی دەخستە بەر کەڵبە تیژ و دەمە لیکن و بۆگەنەکانی ئەوان، من بێزم لە خۆم دەکردەوە، نا... ئەمانیش ئەو ڕەنگە سپییە نین کە من بۆی چووم. "قاقاکانی ئێمە و زەردەخەنەکانی پیاو هەموو شتێکن... ئیتر تۆ چیت دەوێت؟" ئەوە قسەی گێلەژنێک بوو، بە ئەزموونەکانی تەمەنی پێی گەیشتبوو، وەختی خۆی لەسەر جێگەیەک پێی وتم؛ بەرلەوەی دڵنیا ببێت لەوەی کە من پیاو نیم.سەردەمانێک ڕقم لە پەپوولە بوو، ئاه...

چ نەساز بوو جریوەی پاساری، چ تیژ و کەسکون بوو بۆنی گوڵ... لەو نیشتیمانەی مندا، شەکری تاڵ هەبوو، چای سپی... نازانم هەر خۆی ڕاستییەکەی وابوو، یان وێنەکان ئاوەژوو دەکەوتنە سەر پەردەی چاوم. هەموو شتێک لەوێ هەبوو؛ پڕپڕ بوو لەو گوڵە کێویلانەی لە لێکردنەوەدا، هەموو جارێک خۆیان ڕادەپسکاند و دەیانوت: "دەستت لابە... عەشق لە حەیزدایە."

باپیرم کە لە تەمەنی (١٠٣) ساڵیدا ددانەکانی دەرهاتبوونەوە و پرچە دەروێشییەکانی ڕەش ببوونەوە. ئەو پیاوەی دەستی بەر بەفر بکەوتبایە، ڕەش دەبوو، لە هەر ماڵێک دابنیشتبایە، خانوەکە ڕەش هەڵدەگەڕا. ئەو پیاوە بە چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی، بەدەم دامەکردنەوە پێی وتم: "عیسا گێلترین مەخلوقی خودایە... ئەو پێغەمبەرە ترسنۆکەی نایەوێت بە حەقیقەت بگات، ئەو پێغەمبەرە بۆ نایەوێت و من بۆ دەمەوێت بمرم؟!... ئەی خودا بۆ لە بێ دڵیکردنی مرۆڤ چێژ دەبینێت؟ من خۆم دەزانم تەنها گڵ دەوێرێت لاژەلاژ حەقیقەتەکانم بۆ بگێڕێتەوە... گڵ؛ باوکە ماتریالییەکەی مرۆڤ". ئەو پیاوە ڕدێن ڕەشە تەواو بە هەڵەدا چووبوو، یان خڵەفابوو، چونکە من لەمێندەر نە حەقیقەت دەبینم و نە حەقیقەتیش بوونی هەیە.

PDF 4 KURD

جگەرەکانی لە زیندەبەچاڵکردنی زەمەندا دادەگیرساند و لە چاوەڕوانی مردندا بۆ خۆیان دەکوژانەوە. مردن، ئەو قومارچییە لێزانەی هەمووممان پێی دەدۆڕێین. ئەو ئێجگار کەم دەدوا، ئەگەر بشدوایە، بۆ ئەو پیاوە تەواو سەرکێش و یاخییە دەدوا، کە لە ناوەوەی خۆیدا بوو: "چ کائینێکی بێجورئەتە مرۆڤ، وەختە لە مردن بتۆقێت... مردن شتێک نییە سامناک بێت، ترسی ئێمە لە مردن، مردنی کردۆتە شتێکی سامناک". پێی دەوت: "تابلۆ ڕووتەکانی ئیرۆس، بێزیان نایەت بە بزمارە ژەنگاوییەکانی ئەم دیوارە پۆشتەیەی گالێری مەرگەوە بن، کەچی من بە پۆرترێتێکی خۆمدا، خۆم داکوتیوە و دیوارەکە بە خۆیم ناگرێت". هەموو ئەو مەنەلۆگانەی لەگەڵ خۆیدا، ئەوەی بۆ دەوروبەر سەلماند؛ کە ئەم تەواو شێت و دێوانەیە. کەم بوون ئەو شتانەی لای ئەم پیرۆز بوون، تەواو بێ بایەخانە لە پیرۆزییەکانی دەڕوانی، کەچی دراوسێکانی وتیان: "لە بەختی خۆی، ئەو بەهەشتییە لە سپێدەیەکی هەینیدا مرد"!

کە مردم، هیچی تیا نەبوو بە لامەوە نامۆ بێت. وەک ئەوەی پێشتر ئەو جێگەیەم دیبێت، یان ئەو چیرۆکەیان بۆ گێڕابێتمەوە. نە ئازاری هەبوو، نە وەک خەو وابوو، شتێکی تر بوو، هەتا خستیانمە گۆڕەکەوە، ئاپۆڕەی خەڵکەکەم

دەبینـــی، کە گۆڕەکەیـــان دادەپۆشـــی. لەژێـــر بـــاڵی ئەو تاریکـاییەدا بێـپەروا ڕاکشـابووم، هەسـتم نەدەکـرد هـیچ شـتێکی گرنـگ ڕوو بـدات. لە سـەرەتادا نەمدەویسـت چـاوەڕوان بـم، بە قسـەی مامۆسـتا ئـاینییەکە: "ئەوان لەوێ ئامـادەن، چـاوەڕوانن تـۆ بچیـت و بتـبەن". قەدەرێـک بێـدەنگی گـۆڕەکەی گەمـارۆ دا... کەس نەهـــات... هـــاواری منـــداڵە دارعودفرۆشـــەکان نەبێـــت، هیچـــی دیـــکەم نەدەبیســـت... هەر کەس نەهـــات... وردەوردە لەگەڵ شـــوێن و کـــارەکەم _کە گـــۆڕ و ڕاکشـــانە_ ڕاهـــاتم. مـــن گـــوێم بـــۆ خـــوڕەی ڕووبـــاری شـــیر هەڵخســـتبوو، کەچـــی بێـــدەنگی بە پێچپێچەکـــانی گوێمـــدا پیاســـەی دەکـــرد، لەســـەر هەســـت بـــووم هـــا ئێســـتا هـــا تـــاوێکی تـــر بـــبمە کڵـــپەی ئاگرێک، وەلـێ ئەوێ باوەشێکی سارد و شێدار بوو بۆ من.

کە هەسـتی کـرد ئەوێـش بە ژیـان دەچێـت، بێهـودەیە و چـاوەڕوانی؛ چـاوەڕوانی هـیچ! هەوڵیـدا لەوێـش یـاخی ببێـت... زۆری لە خـۆی کـرد، هێنـدە گـڵەکەی سـەریان پەسـتابووەوە، نەیتـوانی بە ئاسـتەمیش جـووڵە بکـات.... ویسـتم چـاوم بـکەمەوە، پێڵوەکـانم قـورس ببـوون، ترسـێک دایگـرتم، ئەوە یەکەم جار و دواجار بوو بترسم.

زیاتر هێزی دایە بەر خۆی، بێسوود بوو. ئەم جارە بۆ کۆکردنەوەی هێز، پەنام بۆ قاچەکانم برد، لە دەستەکانم پاڕامەوە. تەواوی ئەندامەکانم هاوکارییان کردم، ئەو نەفرەتییە نەبێت.

بیرم کەوتەوە جارێکیان زیندانییەکی خەساو یان ڕەنگە شێتێک، پێی وتووم: "ئەو و نەهەنگی دەریا وەک یەک وان، تێریان نەکەیت، سەرت دەخۆن". ئەوم ئەفەرۆز کرد، وەک هەمیشە کە وام کردبوو.

ئەو گڵەی دەچوو لە برژانگەکانتەوە، مزگێنی ئەوەی دەدایتێ کە توانیوتە پێڵوەکانت لێک بترازێنیت. لە دەیجووری ئەو گۆڕەدا پارچەبەردێک سەوز دەچووەوە، هێڵێک ڕووی بەردەکەی زبر کردبوو. سەرنجم لەسەر هێڵەکە کۆکردەوە. بینیم نووسراوە: "ئێرە ئاوێنەی ژیانە، ئاوێنەیەکی تەواو تەڵخ، تۆش دوا مردووی ئەم گۆڕەیت، تەنیاییت باش".

١٩٩٩

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

گوڵی مریەم

زایەڵەی هـــاوار و دادی ژنێــک، وەک لــورەی بــایەکی دوور، لە گوێمــدا دەزرنگێــتەوە. دەڵێیــت لە مــن هەڵــدێن، دەڵێیــت لە بــاران. بیــر لە مــردن دەکەمەوە، خۆشــم دەوێــت و لێشــی دەترســم. ئەم دوو هەســتە بەردەوام پــێکەوەن، کەم جــار ڕێــک کەوتــوە مــن تووشــی یەکێکیــان بــبم و ئەوی دییــان دیــار نەبێــت... لارەلار و بــێحەواس شــتێک لە موغــازەیەک دەکــڕم و ئەو کــۆڵانە درێــژە دەبــڕم، کە کۆتــاییەکەی لە شــار و دونیــایەکی تــرە و سەرەتاکەشــی ئەوەتــا لێــرە. لە کــوچەیەکی پەراوێزی شاری کەرەج.

لە بەردەم دەروازەی ماڵێکــدا ڕاوەســتاوم و وەکــو مریشــکێک جــێ بــۆ چیــنە خــۆش بکــات، دەســتم لە خــۆڵی بەر دەرگاکەیانــدایە... وەک منــداڵێکی چەتــوون خۆڵەپەتــانێمە، بــێ مەبەســت و نــازانم بــۆ چ شــتێک دەگەڕێــم، کەوا دێــتە زەیــنمەوە و زۆر بــۆی پەرۆش و دامــاوم. کەســێک بە هێواشــی دەرگا ڕەشەکەی ماڵی خۆیان دەترازێنێت.

PDF 4 KURD

پیاوێـــک بە چـــاوێکی خەواڵـــوو و نزاوەوە پۆلیســـانە پرســـیار دەکـــات: "چ کـــار میکـــونی؟" دەســـتم هەر لە خـــۆڵەکەدایە و هـــیچم نەدۆزیـــوەتەوە... هەڵـــبەتە دەنگـــی ناســـازی بەیـــانیلا ئەو زرتەپـــۆزە، لە شـــوێنی خـــۆم ڕای چڵەکانـــدووم. ســـەر بەرز دەکەمەوە، هەناســـــــــــــەیەک هەڵدەکێشـــــــــــــم، کە لە هەناسەهەڵکێشـــانی مرۆڤێـــک دەچێـــت دوای زەمەنێکـــی زۆر لە چـــاوەڕوانیکردنی کەســـێک، بەیـــانییەکی زوو نـــامەیەکی لە کەســـەکەوە پێبگـــات و تێیـــدا نووســـرابێت: "ئیتـــر چـــاوەڕوانم مەکە، من مردووم".

دەزانـــم ئاگـــام لە خـــۆم نییە، کەچـــی هەر دەمەوێـــت وەڵامـــی ئەو پیـــاوە بـــدەمەوە، کە بە ڕۆبێکـــی خەوتـــنەوە لە بەردەممـــدا وەســـتاوە و ئەوەتـــا نیگـــام لە قـــاچە تووکنەکـــانی هەڵچەقیـــوە، کە لە جووتێـــک نەعلـــی ڕەشـــدا خۆیـــان شـــاردۆتەوە، ســـەرێک بـــادەدەم و دەڵـــێم: "هیچـــێ ببخشـــە ئاغـــا". دایکـــت وەک هەمیشـــە خەیـــاڵەکەت لـــێ دەپچڕێنێـــت: "ئەوە بـــۆ کـــوێ ڕۆیشـــتوویت بەســـاقەوبم؟ وەرەوە هـــۆش خـــۆت... پێـــی تـــۆ و ئەم شـــارە لە ئەزەلەوە بە قفڵـــێکەوە پێکـــەوە بەســـتراون، قەزات گـــرم، تـــۆ لە حەیـــاتەل عومرتـــا یەک هەنگـــاو نەڕۆیشتوویت".

www.fb.com/PDFkurd

قاچەکانم دێشێن، ڕەنگە هی ئەوە بێت من زۆر لەسەریان دەڕۆم... خۆم دەزانم تەواو. ئیتر من مەحکومم بەم ئازارە، ئازاری ونکردن. دەزانیت چی؟ حەزم نەدەکرد وابم، کەچی وام..

گەیشتوومەتە خیابانێک و دەمەوێت بپەڕمەوە، جارێک دەپەڕمەوە و پێچەوانەی ئاراستەی خۆم دێمەوە ئەمبەر، تا نیوەی ڕێ بۆ ئەوبەر دەچم، پەشیمان دەبمەوە و دەگەڕێمەوە شوێنی خۆم. بێزار بووم لەو ئەمبەراوبەرە و خۆم یەکلایی دەکەمەوە و لە بەرێکیانەوە بە تەنیشت ڕیزێک درەختی کالیپتۆسدا تێدەپەڕم. لە ناو دارەکانەوە هاوڕێیەکی دێرینم، یەکێک لە کوڕانی گەڕەک، هەروەکو ئەوەی بە باڵۆنێک دابەزیبێتە ئێرە، بەرەو ڕووم دێت و هێشتا نەگەیشتووینەتە یەک، باوەشمان بۆ یەکتر کردۆتەوە. تێر ماچم دەکات، من بێهێزم. لە جاران گەرموگوڕتر دەکەوێتە پێشچاوم، کەچی خۆم لە جاران شکستەترم. لێم دەپرسێت:

"ئەوە تۆ لە کوێیت؟ لەم وڵاتەدا ماویت؟"

بە حاڵ دەمم بۆ لێک دەکرێتەوە، وەڵامی دەدەمەوە:

"ڕاست دەکەیت، وەڵڵا لێرە نیم... لە (کەرەج)م."

"بەخێر بێیتەوە... کەی هاتیتەوە؟"

خەریــکە بڵــێم زۆر نیــیە، لەم ڕۆژانەدا، کەچــی هەر زوو بیــرم دەکەوێتەوە، کە من هێشتا نەگەڕاومەتەوە.

"کوا هاتوومەتەوە؟! ئەوە نییە هەر لەوێم!"

هــاوڕێ دێــرینەکەم کە تــا ئەوکــات دەســتی لە دەســتمدا بــوو، کەمێــک فشــار لە دەســتەکانیدا کەم دەکــاتەوە و زۆری نامێنێــت، بە تەواوی دەســتم بەر بــدات، خەنــدەیەکی سەرگێژکەر دێتە سەر لێوەکانی.

"لەوێــی چــی، ئەوە تــۆ تەواویــت؟! ئەوە نیــیە مــن و تــۆ لێــرە قسە دەکەین... تۆ نەخــــــ..."

ئەو بەردەوام بــوو لە قســەکردن، نــازانم لە دوای ئەو دێــڕانەوە چــی تــری وت، کە مــن ســەرنجم لەو ســەر و قــژە بــژ و تێکچــووەی دەدا، کە لە هــاتنەخوارەوەی لە ئاســماندا وا شەمزابوو.

دایکــم دەرگــای هەمــوو مەرقەدەکــان ڕادەوەشــێنێت و نــزا دەکــات کە مــن چــاک بــبمەوە و ئەم هەمــوو شــتە پڕوپــووچەم بیــر بچێــتەوە. مــن بەبــێ دەنــگ تێرتێــر دەگــریم و دوعــا دەکەم چــاک بــبمەوە و هەمــوو شــتەکانم بیــر بکەوێــتەوە... مــن لە نێــوان بیرچــوونەوە و بیــرکەوتنەوەدا، تیــا مــابووم... خــودایە، هێزی فریادێک.

PDF 4 KURD

کراسێکی ئاودامانی شیرییت وا لە بەردا، هەرچی گوڵی تێدایە، خەنەیی کاڵ کاڵە... گوڵەکان چاوم دیل دەکەن، نازانم تۆ ئەو کاڵییەت جوان کردوە، یان شتە تۆخەکانی ئەم دونیایە هەر وا بە کاڵی جوانن.

کتێبەکەت داخستوە، ڕووسەرییە سپییەکەت کەوتووەتە ملت و بەرەو تارمە خنجیلانەکە دەجمێیت. من لەسەر محەجەرەکان هەڵکورماوم، خامۆش و بێحەواس تەنها نیگات دەکەم، بە بەردەممدا دەڕۆیت، ئاوی ئەو لوولە شووشەییە بگۆڕیت کە دوو شاخە گوڵی وا تێدا، وەکو گەندەموو لە قەدەکانیانەوە ڕەگی ورد و باریکی سپییان لە خۆیان جیا کردۆتەوە. ڕادەپەڕم، وەختە بکەومە خواریّ، بە خۆمدا دێمەوە و لە پشتتەوە ڕادەوەستم، پرسیار لە ناوی ئەو گوڵە دەکەم، داخم لێدێت کە دەڵێیت: "ئەوانە گوڵی منن". نازانم بۆ هەر لە خۆمەوە، حەزم نەدەکرد گوڵی تۆ بن!

سالانێکی زۆر لە ژوورێکی ئەو باڵەخانەیەدا بەیەکەوە ژیاین، شایەد من لەوێش نەبووبێتم! خەڵک دەڵێن "ئەو کچە بە تەنیا دەژیا... نیوەڕوان دوای ئەوەی بەو دەنگە سیحراوییەی خۆی تیلاوەی دەکرد، بە ورتەورتێکی هێمن، کەمکەم وەک ئەوەی وەڵامی پیاوێک بداتەوە، دەنگی دەبیسترا". هاوسێکانی وایان دەوت، من ئەمە ناڵێم.

گەرما وڕی کردووم، بە درێژایی ئەو جادانە ڕێ دەکەم... تاکتاک ئەفغانییە پەڕاگەندەکان نەبێت، هیچ مەردومێک بە دەرەوە نییە. دەزانم بەدوای مرۆڤێکدا دەگەڕێم کە عەیامێکی دوورە ونم کردووە، یان ڕەنگە ئەو منی ون کردبێت، نازانم! هێندە هەیە بە زەوییەکەوە لکاوم، پاش ئەوەی چەند سەد مەترێکم بڕیوە، لەپڕ وەستاوم و بە شوێنی خۆمدا گەڕاومەتەوە، نازانم بۆ کوێ بچم؟ ئاخر قورسترین شت ئەوەیە تۆ بەبێ ئەدرەس بەدوای کەسێکدا بگەڕێیت، کە نازانیت کەی و لە کوێ ونت کردووە.

چی بڵێم؟ قەدەری من وایە کە دەبێت مریەم بدۆزمەوە.

هاوسێکانی ئێستا ئەو مێژوویەیان لە یاد نەماوە، کە ئەو تێیدا هاتۆتە ئەم کوچەیە، بەڵام هەموویان ئەوە دەڵێنەوە کە "لە ڕۆژێکی بارانی پڕ تەڕوتووشیدا هات". کە چوومە ماڵیان، سەرم لەو هەموو شتە سەیرە سووڕ ما؛ مۆبیل، تەپڵەکەکان، گوڵدانە خاڵییە سەمەکییەکە، بۆیاخی شینی دیوارەکان و لەو تابلۆیەی ماسییەک تیایدا خۆی لە تۆڕێک ڕزگار دەکات، کە بە دەست پیاوێکی پیری نوورانییەوە لە بەلەمێکی خنجیلانەدا و هەمووشیان وەکو خاڵێک دەردەکەون لە ناو دەریایەکی بێسنوور شیندا. قومێک لە ئاوەکەم خواردەوە، کە لەسەر سینییەکی درێژکۆلانەی

PDF 4 KURD

شێوەماسی بۆی هێنابووم. هەرگیز مریەم جگە لە ئاو، خواردنەوەیەکی دیکەی نەدەخواردەوە. ئەو تاقە میوانەشی کە من بووم و جارجار ڕێم دەکەتە ئەوێ، جگە لە ئاو، هیچی دیکەی پێشکەش نەکردووم.

شەوێکی باران، دەربارەی ئاو قسەمان زۆر کرد، ئەو کچە شتی سەیرسەیری لەسەر ئاو دەوت، دەیگوت: "ئەگەر تینوێتی زۆری بۆ نەهێنابامایە، هەرگیز ئاوم نەدەخواردەوە... حەیفە ئاو بخۆیتەوە، ئاو بۆ ئەوە باشە لە جامێکی شووشەی بکەیت و بینووسێنیت بە پێڵوەکانتەوە و تێر سەیری بکەیت. تۆ وابکە، بزانە چی دەبینیت. ئاو، شتی زۆر دەڵێت، بەڵام دەبێت ڕووی بدەیتێ، دەبێت هەوڵ بدەین لەگەڵ ئاو ئاشت ببینەوە... ئەگەر کچان ڕێگەم بدەن، ئەوا دەڵێم: پیاو دەبێت بڕوات لەگەڵ ئاو خۆشەویستی بکات... ئۆهـ خودایە... کاک ئەسمەر تۆ نازانیت خەوتن لەگەڵ ئاو، ڕاکشان لە دەریادا چەند خۆشە". بەحاڵ خۆمم بۆ گیرا، وەخت بوو ئەو هەموو قاقایەی لە قوڕگمدا یەخسیرە، بە یەک جار بەری بدەم. بێ یەک و دوو زیز دەبوو، ئەو کچێک نەبوو جەسارەتی ئەوە بکەیت بە قسەکانی پێبکەنیت، دەربارەی هیچیش نا، دەربارەی ئاو.

ئـــاوا بــوو، ئەو شـــەوە بە منـــی دەوت: "چیــت داوە لە کـاغەز؟ بـــڕۆ موتـــاڵای ئـــــاو بــکە، ســـەعی بــکە ئـــــاو بنووســیتەوە، ئەوە پلەیەکی گەورەی ئیمانە.

لەمشـــەوەوە دەســت پێــبکە، هــیچ کاتێــک بــۆ دەستخســتنە نــاو دەســـــتی ئـــــاوەوە درەنـــگ نیـــیە، بـــڕۆ خـــۆت لە ئـــــاو هەڵبکێشـــە... لەژێــر ئەو بــارانەدا ڕابوەســـتە تــا دەخوســێیت، ئـــــاو ئەو دڵە ڕەشەت نەشواتەوە، چاک نابیتەوە".

وەکـــو عـــاریفەیەک دەدوا: "ئـــــاو ئەگەر لە شـــوێنێک مەخلـــوق بێـــت، لە شـــوێنێکی تــــــــر، لە شـــوێنێک کە دەبێـــت پێـــی بگەیـــن، خـــالیقە... خـــالیق". مـــن هێشـــتا ســـەیری ماســـیی نـــاو تـــــابلۆکەم دەکــــرد، کە تــــا ئەو کـــــاتە نەکەوتبـــــوە نـــــاو ئـــــاوەکەوە.

پیـــاوێکی بەدلەشـــین تـــێم دەخوڕێـــت، لێـــی تێنـــاگەم، وا بـــزانم بە فارســـی قســـە دەکـــات، مـــن پێکەنیـــنم دێـــت. تووڕەبـــوونەکەی زۆرتـــــر بە سەرزەنشـــتی بــــاوک و فەرزەنـــدێک دەکـــات، تـــــا خــــۆجیرکردنەوە. بەردەوامـــــم لە پســـــکویت بەخشـــــینەوە بە باڵنـــــدەکان، ئەوانـــیش لە نیشـــتنەوە و فڕینـــان، لە پەســـتیدا گوێم لە شەقەشەقی باڵیانە، تۆ گوێت لێی نییە؟

بـــاخەوانەکە تـــووڕەتر قســـە بە مـــن دەڵێـــت، چەنـــد دەنـــگ بەرز بکـــاتەوە، مـــن ئەوەنـــدەی تـــر پێکەنیـــنم دێـــت، وا هەســـت دەکەم

PDF 4 KURD

دەیەوێت بەو گەرمییەوە ئەحواڵپرسیم بکات... بیرم دەکەوێتەوە، شەوێکی تاریک پێم وتی: "من هەمیشە زمانی فارسیم وەکو زمانێکی مێینە دێتە پێشچاو، چەندە زرتەبۆزێکی ناشیرین قسەی پێبکات، تۆ وا دەزانیت کچێکە و لەبەر خۆیەوە وێرد دەخوێنێت... ئەو زمانە هێندەی میهر تێدایە، کە مرۆڤ پێی دەئاخفێت، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، ڕووت دەبێتەوە لە نێرگۆیی". وا بزانم ئەو شەوە پێم وتی: "مریەم زمانەکانیش وان، نێر و مێن، من دڵنیام فارسي زمانێکی مێینەیە..".

پیاوە بەدلەشینەکە شالاوم بۆ دەهێنێت، لە جێی خۆم هەڵدەستم، سەیرم لێدێت بۆ داندان بە باڵندە، باخەوان پەست دەکات؟! ڕێگەکە ملی من دەگرێتەوە و کۆڵانێکی تر... خودایە ئەم کۆڵانکۆڵانە لە دڵم دەربهێنە، پارچەپارچە بووم.

بەرامبەرت دانیشتووم، لەو چاوە قاوەییە گەورانەت دەڕوانم، کە وەک حەوزێکی پڕ لە ماسی دەتوانن ئارامی بدەنە مرۆڤ. هەرچەندە دەکۆشم قسەکانتم نایەتەوە یاد، دایکم دەڵێت: "ئەم هەتیوەی من، شت زۆر لێک دەداتەوە". نازانم تۆ ئەو هەموو ساڵە چی ترت لەگەڵ مندا وتوە؟ کەمکەم دێتەوە یادم کە تۆ هەموو جارێک لە گفتوگۆکاندا وتووتە:

"بەسە بە ڕووتی سەیری ژنێک بکەیت و شاهیدی لەسەر بوونی خودا بدەیت... زەحمەتی نییە لە پەلکەگیایەک، لە تاڵی درێژی قژی کچێکدا، ئەم هەموو سەبر و وردەکارییەی خودا ببینیت.

مەردومی بەدبەخت تەنها ببینێت ئەو هەموو ئاڵییەی وا لە ڕوومەتی منداڵێکدا، ئیدی هەرگیز بە تەنیا ڕەشوسپی دانابڕێت بەسەر مەرسەمەی ماڵی خودا دا".

گەڕاومەتەوە، هۆشم بە خۆمە. گوێم لە سەدای ژنێکە لە ناوما وێرد دەخوێنێت، هەڵدەستمە سەر پێ، جێ بە خۆم ناگرم، کەللەم وەختە شەق ببێت. لەوەتەی لێک ون بووین، ئەم دەردەم گرتووە، زیکەزیکێک وا لە گوێمدا هاوسەنگیم تێک دەدات. ئەوەتا لەبەر خۆمەوە هەڵدەنوتم، لەخۆڕا لەتر دەدەم... نا لەم کۆڵانانە نەبوو، خودایە چەند ناخۆشە مەخلوقێک خالقی خۆی ون بکات.

ئەو بەیانییە پرسیم: "بۆ ئەو کۆڵانە ناخەیتە ئینجانەیەکەوە؟". کە غەزە نیگایەکی تێگرتم و بە پێداگرییەوە دەنگێکی تیژ و تۆخی لێوە هات: "ئینجانە؟ ئینجانە گڵی دەوێت، من کە ئەسڵەن ئارەزوویەکم لە گڵ نییە".

وەک هەمـــوو جارێـــک، ڕێـــی گفتوگـــۆکەی دەبـــردەوە ســـەر ئـــاو، دەیگـوت: "پێویســتمان بەوەیە ئەو چـاوە تەڵخانەمـان بە ئـــاو بشـۆین، ئیـدی ئەوەنـدە فریـوی ئەوە نەخـۆین کە ئێمە لە تـوخمی خـۆڵین. ئەوە هەڵەیەکە بە مەبەسـت یـان بێ مەبەست، گێڕانەوە دروستی کردوە.

ئەی چـۆن گێـڕانەوە وایە، ڕەنـگە مـاوەیەکی تـر وا لە مـن و تـۆ بکـــات، لە چیرۆکێکـــدا بەر یەکتـــر بکەویـــن و یەکـــیش نەناســـینەوە. مـــن زۆر لە گێـــڕانەوە دەترســـم... ئەســـمەرم، توخمی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئـــاوە... ئـــاو".

مـریەم دەیـوت: "هـیچ جێـیەک وەک دەریـا بە ئاشـکرا سـیمای خـودا نیشـان نـادات، دە بـڕۆ... بـڕۆ سـەیری دەریا بـکە، بـزانە چـــی تیـــایە... بـــڕۆ بـــزانە هەرچـــی کەشـــتیوانی ســـەر ئەم ئەســـتێرەیە هەیە، بـــاوەڕدارە بە خـــودا یـــان نـــا؟ خـــودا لە پێشـــچاوی ئەوانە، شـــەوێک کە تووشـــی تۆفانێـــک دەبـــن، وا دەزانـــن خـــودا ڕقـــی لـــێ هەڵگرتـــوون، ئەوان ئەوەنـــدە نەفـــامن، نـــازانن کە خـــودا ڕق پێنازانێـــت... ئەوە جێنیشـــنی ئەوە لە دەریـا کە ناشـییانە کارەکـانی بـۆ ڕا نەپەڕێـت، وەختێـک خـودا بـــۆ چەنـــد ســـاتێکی کەم دەریـــا جـــێ دەهێڵێـــت و دێـــت خۆشەویستی لە دڵی عەبدەکانیدا تازە دەکاتەوە".

ئەو کچە هێندە خودا و ماسی و خودا و دەریا و خودا و ئاوی تێکەڵاو دەکرد، کە من سەرم گێژی دەخوارد، دڵم دەهات بەیەکدا، وەختە بوو بڕشێمەوە... مریەم هەستی پێکردم، ئەمەکدارانە دەستێکی بۆ درێژ کردم، بەڵام هەرزوو دەستی گێڕایەوە.

دەبێت ئەوە بڵێم کە بە درێژایی یەکتر ناسینمان، من و مریەم بۆ تەنها جارێکیش دەستمان بەر دەستی یەکتر نەکەوت، دەیوت: "ئاغای ئەسمەری، هیچ شتێک وەک لەمس سیحرەکان بەتاڵ ناکاتەوە... واز لە لەمس بهێنە، هەوڵ بدە شتەکان وەکو خۆیان بژنەفیت، بەڵام بە گوێی ڕۆح، بە چاوی دڵ، چیت داوە لە دەست لێ دان؟!".

دەستیان لێ شت بووم، چاکبوونەوەی من لەودیو مەحاڵەوە بوو. هەندێک ئێوارە وەک بەزەیی پێداهاتنەوە، دایکم باوەشی پێدا دەکردم و شەلەشەل تا ناو باخچەکەی دەبردم، من زۆر قورس نەبووم. ئاخر شتێکی وام نەمابووەوە تا قورسم بکات، داهۆڵێک بووم بۆ خۆم، وەلێ دایکم تەمەنی زۆری خۆی و قەهری من، وایان لێ کردبوو لە ژوورە شێدارەکەمەوە تا حەوشەکە، بیخاتە نۆرەنۆر و هەناسەبڕکێیەکی توندەوە.

وام لەوێ.

بۆنێکی سەیر لە ئوتاق و خانەی ئەو کچەوە دەهات، بۆنی تەڕی، بۆنی خاکی پاش باران... دوور لە چاوی ئەو، پڕ بە سییەکانم هەڵمدەمژی، بۆ ماوەیەکی کەم ناوچەوانی دەگرتم، بۆنەکە لە خوێنمدا مێروولەی دەکرد، جەستەم شەلاڵ دەبوو لە خاک و ئاو، خۆمم لە بیر دەکرد. وام دەزانی لێرە نیم... لەوێ نیم.

قەدەرێک دەکەوتمە دەرەوەی زەمەن، زەحمەت بوو باوەڕ بە خۆم بهێنم کە من خۆمم، ئەوەتا وێڵ و سەرەڕۆ، لە وڵاتێکی تر، لە لای خانمێکی سپی پۆش میوانم.

هێواش هێواش دەکەومەوە سەر خۆم... ناوچەوانم سووک دەبێت، ئارەقم چین چین وەک ئیسفنجێکی تەڕی بۆش لە حەوشەیەکی فەرامۆشدا، دەرکردوە. دەمەوێت خۆم لەو شەرمە لابدەم و لە بەرچاوی ئەو کچە، ئاسایی بنوێنم. ئاگام لە تریقەیەکە لە دڵیدا. جۆرێک لە سەرمەستی، لە خۆشبەختیی بردنەوەی گرەوێک. ئەم هەندەک جارانە نەبانایە، من نەمدەتوانی بوونی ئەو کچە لە ژیانمدا بسەلمێنم، ئەوە تریقەی دڵی ژنێک بوو، دوای یەقینی لە دزینی دڵی پیاوێک، وتم: "هیچ نییە باشم، خوێنم کەمە... ئاوا جارجار گێژ دەبم."

بۆنی ئەو کچە، جادوویەک بوو لە من... ئەو بۆنە لەژێر پێستییەوە دەهات، وەک هالەیەکی چڕ بە دەوریدا بوو. من ئێستا دڵنیام کە ئەو توانیویەتی بەو بۆنە، من ڕابکێشێتە ناو جەدەلێکی قووڵەوە، کە خۆی هەندێک جار قسەکەر و گوێگریشی بوو، شەوێک لە قسەکانیدا وتی: "خودا بەشێکە لە هەموو شتێک". ئەمەی وت و وەستا، قەیرێکی زۆر ڕاما، دواتر وتی: "دەتوانین وەهاش سەیری بکەین کە هەموو شتێک بەشێکە لە خودا".

من دەمزانی ئەم دوو دێڕە، دەتوانن دوو مەزهەب، دوو فەلسەفەی جیاواز بخولقێنن. هەریەکەشیان باوەشێک بەڵگە بۆ ئایدیاکەیان بهێننەوە و لە دواییشدا ئیمام و ڕابەرەکانی ئەم دوو قوتابخانەیە بگەنە ئەوەی نە خودا بەشێکە لە هەموو شتێک و نە هەموو شتێکیش بەشێکە لە خودا، بەڵکە وەک مریەم لە دوادوا شەوەکانی پێکەوەبوونماندا دەیوت "خودا جەلەجەلالەهو هەبوویەکی تەواو و کاملە... خودا نە شتە و نە بەش". ئێستا کە لەژێر سێبەری باریکی دیوارێکدا چیچکەم کردوە و ئەم شتانە دەهێنمەوە یادی خۆم، پێکەنینم بە خۆم و بە خودا و بە مریەمیش دێت... ئێمە ئەو ڕۆژانە خەریکی چی بووین؟! خەریکە بۆنی مریەم دەکەم، ئەگەر یادەوەریم فیلم لێنەکات، ئەوە خۆیەتی،

PDF 4 KURD

بـــۆنی ئەوە... دەکەومە هەڵەکەســـەما، خـــۆم نـــاگرم، ڕووەو بـۆنەکە دەڕۆم بـۆ ئەوسـەری کـۆڵان، بـۆنەکە لەمسـەرە، خـۆم دەگەیەنـمەوە ئەمســـەرێ کـــۆڵانەکە... نـــــا... بـــۆنەکە لە چەقـی کـۆڵانەکەوە دێـت، ڕادەکەم بـۆ ناوەڕاسـتی کـۆڵان. دوو ژن بە ڕێبـــواری تێـــدەپەڕن، لەودیـــو چارشـــێوەکانیانەوە دەســـتیان خســـتووەتە ســـەر دەمیـــان، دەزانـــم بەو ڕاکەڕاکەی من پێدەکەنن.

مـریەم کەم جـار پێـدەکەنی... غەمێکـی قـووڵ لە چاوەکانیـدا بـــوو، زۆر کاتـــان باڵاپۆشـــێکی ســـپی دەپۆشـــی، پێســـتی دەســـتەکانی گـــرژ ببـــوون، بە ئاشـــکرا ئەوەیـــان دەوت کە ئەم کـچە تەمەنێکـی کامـڵ ژیـاوە. مـریەم لەو کـچە دەگمەنـانە بـوو کە مـــرۆڤ ڕێـــگەی بە خـــۆی نەدەدا، لە تێپەڕینیـــدا لەبەری هەڵنەســـێت. کچێـــک قورســـاییەکی ســـەیر لە ڕۆیشـــتن و لە جـــووڵە و لە قســـەکردنیدا هەبـــوو. لە ناوەڕاســـتی کـــۆڵانەکەدا ئەمـــبەر و ئەوبەر دەکەم، بـــۆنەکە لە ئـــاجوری دیوارەکـــانەوە دێـــت، پێـــوپلم لە دیوارەکـــان هەڵدەســـووم، هەســـت بە زبـــری نـــاکەم، کەچـــی ئەوەتـــا چنـــگ و پـــۆم پڕبـــووە لە خـــوێن... بـۆنەکە دەچێـتە درەختـی بەرماڵەکـانەوە، پیایانـدا هەڵـدەزنێم. بۆنەکە لە ناو گەڵاکاندا پەنگە و دەرناچێت.

باران نمنم دای کردووە..

بۆنەکە دەکەوێتە جووڵە، لقاولق وەک منداڵێک شوێن خۆیم دەخات. زۆری نامێنێت لەسەر بەرزترین چڵەوە فڕێم بداتە خوارەوە، وەک دڵپێسووتان، وەک پەشیمانبوونەوەیکی خێرا، بۆنەکە دێتەوە ناو گەڵاکان و بە لای شانمدا فرتە دەکات. ئاخر بەو دەستە خوێناوییانەوە بۆم ناگیرێت، بارانەکە پێ هەڵدەگرێت... لە ناو گەڵاکاندا بەدوای ئەودا ونم، کەچی هەر تەرم دەکات...بۆنەکە ناسرەوێت، بە درەختەکەدا دێتە خوارێ، بە درەختەکەدا دێمە خوارێ، بۆنەکە چۆتە زەوییەکەوە و بارانەکە بووە بە شەستە... خۆم بە زەوییەکەوە نووساندوە، بۆنی دەکەم. بارانەکە ڕیتمەکەی خۆی خێراتر کردووە و من چنگم کردووە بە خاکەکەدا، بۆنەکە بە زەوییەکەوە نووساوە و من لەژێر بارانەکەدا خوساوم... بۆنەکە قووڵتر دەچێتە زەوییەکەوە، سەرم دەجووڵێنم بە شوێنیدا دەگەڕێم، دەیدۆزمەوە. بارانەکە دەڵێیت هەر بەسەر مندا دەبارێت، تەڕ تەڕ تەڕم دەکات... بۆنەکە ون دەبێت و من قەپم کردووە بە زەوییەکەدا... گوێم لە شەپەشەپی چارشێوی ژنەکانە، نازانم لە ترسی من ڕادەکەن یان لە ترسی باران، وەلێ دەزانم یەکیان هاوار دەکات "یا ئەلی! یا ئەلی!".

٢٠٠٥

PDF 4 KURD

تێکستەکان

بە ڕێگاوەم بۆماڵەوە

PDF 4 KURD
www.fb.com/PDFkurd

ئەمەویت بنووسم (پیاوێک لە تەمدا دەمرێت)، نایننووسم!
مـن نـازانم ئەم بـاخە چـی لە مـن دەوێـت؟ هەمـوو ڕۆژێـک ئەوەنـدە دێـتە مـنەوە... ئەوەنـدە دێـتە مـنەوە... ئەوەنـدە دێـتە مـنەوە، سـەرم گەڵای گرتـوە. لە قـاچمەوە دەزوولەی بـاریکی سـپی چنـگ لە عەردەکە گیـر دەکـات... بیـر لە فـڕین دەکەمەوە... قـاچەکیرەمە، خەریکـم کاشـییەکەی ژێـر پـێم هەڵـدەکۆڵم... نـیگەرانم... حەز دەکەم جنێوێـک بـدەم. ئایـا دەتـوانم؟ ئەو هەمـوو چاینـایە دەڵێـی گـای ئیسـپانین لە بەرچاومـدا... ئەو هەمـوو سـوورییە چیـیە لە ڕەنگیانـدا؟! یەک دەقە بوەستن چاوم دەفرێت.
بـاوکم ڕیشـە سـپییەکەی دەخورێنێـت و دەڵێـت کـوڕم، تیرێـک کە لە کەوان دەرچـووووو..... مـن شـەرم دەکەم لە میهـری و لە دڵـی خۆمـدا دەڵـێم؛ بـاوکە سـەری مـن نیشـانەیە بـۆ ئەو تیـرەی لە کەوان دەرچـوو، بـۆ ئەو تیـرەی لە کەوانـدایە، بـۆ ئەو تیرەشی هێشتا نەچۆتە کەوانەوە.

زەردێکــی زبــرم وەک مانــگ لە تــابلۆیەکی ڤانکوخــدا... ئەم زنجیـرە بـۆتە هێڵێکـی ڕەش و چەمـاوە لە ملمـدا و سـەرم بـوە بە کۆترەبـاریکە... وەک دوا خواحــافیزی کۆترئاســا گمەگمێـک دەکەم... هەمـوان واقیـان لـێم وڕمـاوە... لە چاوی پـڕ لە ئـاوی ئەوانــدا تەکانێــک دەدەمە خــۆم و لە دڵەوە نیــیەتم هێنــاوە (لە ڕاســتیدا مــن دەمــێکە ئەم نیــیەتەم هێنــاوە!) بــاڵ دەکەمەوە... کەس قســە نەکــات مــن دەفــڕم... لە یەکەم شەقەدا لەو ئاسمانە دەبم بە تــۆپەڵێک گــڕ.

دیســان شــەختە ئەبارێـت، وابـزانم هەر بەسـەر سـەری منـدا... سـەرمامە... خەیـاڵ لە سـەرمدا دەیبەسـتێت... سـەرم سـووڕ دەمێنێـت... ئەرێ کەسـێک نیـیە ئەم هەمـوو سـەرمایە بچێـتە نـاویەوە مــن نەبـم؟! مــن عــومرێکە لەم زەمهەریـرەی خۆمـدا هەڵەلەرزم و سەرمای وا بێشەرەفم نەدیوە!

ســێبەرەکەم زنجیــری پانتــــــۆڵەکەی دەترازێنێــت... ڕوو دەکەم بەودیــودا، ئەم دەرگــایە دەکەمەوە و ئاشــنایت لەتەک دادەخەم... مــن لەم دەروازە تــون و تاریــک و قەتیســـەتدا گیـرم کـردووە... گـوێم لە خوڕەخـوڕێکی هێواشـە... بێـدەنگی چـوون قەحـبەیەک خـۆی خزانـدۆتە باوەشـم، منـیش مەیلـم لێیەتــی... پــاش قەیرێـک، ئــاوڕ دەدەمەوە و دەڵــێم ئەهــا سەیرکە؛ عەکسی قەمەر چەند لیخنە لە حەوزی مندا.

PDF 4 KURD

دەبێ بچمەوە بۆ ماڵەوە، "هۆم ۆرک" خواردوومی؛ من سێ ئیشی گرنگم هەیە، خۆت دەزانی: ئەبێ بیر لە تۆ بکەمەوە... ئەبێ بیر لە تۆ بکەمەوە... لە سێیەمدا دەبێ ئاگادار بم ئەرکەکانی یەکەم و دووهەمم بە دڵسۆزییەوە و لە تویێی دڵەوە کردبێت... نا! خۆشەویستی وەزیفە نییە... خۆشەویستی ئیشی خۆمە... نامەیەک دەنووسم بە ناو نا، بتکا بە خوێن... ئاوا دەست پێدەکەم

"Ihana kultani"[1]

دنیا دەکەم بە نوور، بە کاکێشانە دوورەکانیشەوە... ئەڵێی چي، چنگێک تیێێنتی بخۆم و من نا، خۆشەویستی بتەقێتەوە؟ من ئەبێ بڕۆم... ئەبێ وەک تارماییەکی سپی بە ناو تەمێکی شین، بەسەر دەریای ڕەشدا بڕۆم... (شادی) ئەڵێ تۆ ئەم قەلەقییەت بۆ ئەوەندە قەلەقە، بۆ ناچی قسەی دڵتی بۆ بکەیت؟ بە ڕێنووسێکی هەڵە بۆی ئەنووسم؛ نوکتە نوکتە... نا ئەنووسم ئاوا مەزانە کە لە دڵمدا جێی بۆتەوە... بەقەد زەوی قورسە ئەم

---

[1] ئەمە وشەیەکی فنلندییە بە مانای (شیرینەکەم) دێت.

بـــاره ... وەڵاهــی *لــو انزلنـــا علـــی جبـل لرایتـــه* خاشـعا متسدعا[٢]

لەسەر کورسییەک لەم باخەدا دادەنیشم.

"عەرزەکە ساردده ... هەستە."

هەڵدەسـتم، بە قـووڵی بیـر لە خـودا دەکەمەوە، لەسـەری خـۆم نـــا، لەسەری ڤیتگنشتایندا.

ئەبـێ بـڕۆمەوە بـۆ مـاڵەوە، مـن لەم دڵە خـراپەی خۆشـمدا پەناهەنـدەم[٣]. زۆر ناخۆشـە تـا کۆتـایی مـن هەمـوو قسـەکان بـکەم... حەیـف لێـرە نیـت! دەزانـی بە ڕاسـتی لـێم تێـک چـوە سـەرم، مـن (ز)ی زمـان بە زەهـر دەنووسـم، خـۆ غەڵەت نییە غەڵەت بـــــکەم؟ ئەم ڕۆژانە حەزم لەم ناونیشـــــانەیە بـــۆ وتـــارێکم: (پەیوەنـــدیی نێـــوان هەڵە و چێـــژ لای واڵـــتەر بنیـامین؛ فیگـۆری ئـادەم بە نمـوونە) ئەم زمانـانە لە زارمـدا تـاڵن، لەگەڵ دایکـم بە ڕووسـی قسـە دەکەم، لە گـروپ بە فارسـی، کە ئەچـم شـەراب دەکـرم بە فڕانسـی، بەس بـاقڵم، بـاقڵم مـن بە کـوردی بیـر لە تــــۆ دەکەمەوە... نـــا تــــۆ نامومکین نیت، تـــۆ دەسنەرەسەیت.

---

[٢] قورئان، ئایەتی٢١ سورەتی الحشر.

[٣] دێرە شیعرێکی شاعیری شەهید (بەکر علی) یە بە دەستکارییەوە.

PDF 4 KURD

ڤیۆلـۆن چییـه؟! مـن سـۆلۆیەک دڵـــم دەڕۆم... لەم چاخی ڕاپەدا، مــن وەک ســۆفییەکی پیــر خۆشەویســتی دەکەم... تـۆش کەیفـی خـۆتە! شـوێنێکت دەگـرم (مەترسـه دەسـتتە). لە دڵەوە حەز دەکەم؛ شـــتێکت تێـــدا زینـــدوو بـــکەمەوە بتباتەوە سەر خۆت... لە خۆت بچی...

تکـا دەکەم تـــــۆ شـتێکم تێـدا زینـدوو بـکەرەوە نەمبـاتەوە ســەر خــۆم و لە خــۆم نەچـم! مــن دوو ســوێند دەخــۆم؛ لە شــوێنێکی تریشـدا تـــــۆم بینیـوە... ئەوە کویـا بـوو؟! لە فەخفـــوورییەکی چینیـــدا لەگەڵ خیـــام شـــەرابی ســــوورت دەخــواردەوە... ســادق هیـدایەتم شـاهیدە ئەوە تـــــۆیت... ســـوێند دەخـــۆم... ســـوێند دەخـــۆم... ســـوێند دەخـــۆم بیرکردنەوە لە تـــــۆ سەریەشەیە..

واووو... دیسان!!

هەمیشــــە کە دەنووســـیت دەبێـــت بە شـــتێکی تـــر، مـــن نەمدەویســـت ئەمە بنووســـم... وا بــزانم خیانەتەکـان هەموویـان لە ســـەردان، بەس دەســت دەیانکـات... ئەوەتـا بەســـەر ســـەری منـدا بـاران دەبـارێ، دڵـم تـۆی دەوێـت، حەز دەکا لێـره بـی... لەبەر ئەم لێـــزمەیەدا دەســـتت بکەیـــتەوە... لەپـــت پڕببـــێ لە

PDF 4 KURD

بـاران، بەقەد ئەو دڵۆپـانە نـا کە دەکەونە دەسـتتەوە، بەقەت ئەو دڵۆپانەی ناکەونە دەستتەوە خۆشم دەوێیت.[٤]

ئەبێ ڕاکەم... هەناسـە بـڕکێمە... سـنگم تونـدە... چکەچک مەراقـم لێـدەچۆڕێ... بە پرتـاو خـۆمە کێشـم بە دەرگـای مـاڵەوەدا... لە ژوورەوە قسـەم بـۆ نـاکرێ... قسـەم بیـر چووەتەوە...

دەسـتێکم بە نـاوچەوانمەوە و دەسـتێکم ڕادەکێشـم... وەک لالێـک تـێکەڵ لە پـاڕانەوە و داوا دەڵـێم دایـکە... دایـکە دەرگـــــــاکە داخە... دەرەوە تاعـــــــــــوونە... تاعـــــــوون...[٥]

٢٠١٠

www.fb.com/PDFkurd

---

[٤] خەیاڵی ئەم دێڕە، زۆر نزیکە لە دێڕێکی هاوڕێی چیرۆکنوسم (باران).

[٥] دوادێڕی ئەم تێکستە، دیالۆگی کاراکتەرێکی بەختیار عەلی‌یە لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)دا.

سەگێک بێتاقەتە... زۆر!

خـــۆش خـــۆش لە پێشـــیەوە دەڕوات و ئەوی شـــوێن خـــۆی خستـــوە، ســـەگێگ ژنێکـــی بـــۆ پیاســـە بـــردوە، مـــن ســـەیری شـــینایی دەکەم... لێـــرە نـــیم... تەنیـــایی هەڵیپێچـــاوم، قـــولەپێمی گرتـــوە، ســـەیری دەکەم پـــێم دەوەڕێـــت. گەمـــاڵێکی خـــرپنە، چـــاوی لەســـــەر قەتـــیس دەکەم، ژنەکە گەشـــکە دەیگرێـــت، وادەزانێـــت مـــن بیـــر لە ســـەگەکەی ئەو دەکەمەوە، شـــتێک دەڵێـــت... دەزانـــم فـــزوڵییەکەت لێناگەڕێـــت و ســـەرم کون دەکەیت، ئەگەرنا بۆم نەدەکردیتە کوردی.

لە ئیمەیلێکـــدا بە دلاوەر دەڵـــێم "ئوســـتاز... غـــوربەت چـــۆن تایـــپ دەکرێـــت؟ بـــۆم بنووســـە... خـــۆت دەزانـــی مـــن لە ئـــیملادا کـــۆڵم". دەروێشـــێک لەو ســـەهۆڵبەندانەوە بـــۆم دەنووســـێت "ئـــازیز... تـــۆ بـــۆ وا دەکەیـــت؟ بـــۆ ئەوەنـــدە خـــۆت هەڵـــدەکۆڵیت؟". ئەو نازانێـــت مـــن لە ســـەبای ســـاڵحانەوە لە ئەڵماس دەگەڕێم و مەغریبان بەلا سەردەخەم!

PDF 4 KURD

بیـــر لە لێبـــوونەوە دەکەمەوە... لێبـــوونەوە... لێبـــوونەوە...
مـــن وەک لێبـــوونەوەی قەیرەکچێـــک لە خـــوێن لێبـــوومەتەوە و
هێنـــدەش پێـــی دڵـــتەنگم... ئەم هەمـــوو ژنە چیـــیە بە منـدا
دێـن، مـن چیم بەم هەمـوو ژنەدا دەچـم! نەگبەتـی گرتـوومی و
حەز دەکەم میـز بە سـەقفی ژوورەکەدا بـکەم... بـۆم ناکرێـت!
وەک پیـــاوێکی هەرزان لە مەیـــدانی چەرچییەکـــانم، گێژەگێـــژ
دەکەم کە دەبیـنم جارچییەک پـاش قەیـرێ وردبـوونەوە لە مـن
لەپـڕ هـاوار دەکـات: "پیـــاوێـــک بـــۆ ســـــکراب"... تـازە
هـیچ... هەڵموەشـێنە... ئەو هەمـوو پـارچەیەم کـۆ نـابێتەوە...
چـیم لێـدەکەیت؟ قـاچم وەک داهۆڵێـک بچەقێـنەوە چیرۆکێکـی
شـێرزاد... سـەرم بە دەمـدا (تکـایە بە دەمـدا) سـەرەونخون
بـــکەوە نێـــو ســـیفۆنی ئاودەســـتێک، بـــۆنی ئەوێ گەلەک...
گەلەک لە سیاناوی ژیان خۆشترە.
تـــاقەتی ڕاســـتکردنەوەی ڕێزمـــانیم نیـــیە، ژنەکە هەر ئەوەنـــدەی
وتـــوە: (ســـەگ بێتـــاقەتە... زۆر) باوێشـــێک دەدەم کە ژنەکەم
لە تەلەفۆنـــدا دەڵێـــت "بـا ئەوەنـــدە پێنەکەنـــین، پێکەنینمـــان
پێـــوە نـــایە!". مـــن قاقـــای نائومێـــدی دەکێشـــم و بە کـــچە
بەقـاڵێکی ڕووخـۆش دەڵـێم تـۆش کیلـۆیەک بەخـتەوەری بـۆ مـن
بکێشە، بەس توخوا با جوان بێت بۆ زەلاتەم دەوێت.

تا سەرم دەڕوات دەڕۆم... تا قاچم عەرد دەگرێ دەگەڕێمەوە، ئەم ڕۆیشتن و گەڕانەوەیە لەتیان کردووم... هەڵتڵیشام... لە دڵەوە حەز دەکەم بەشی گەڕانەوەم فرەتر بێت، کەچی ئەفسوس هەمیشە تای سەرهەڵگرتنم قورسترە... من وەک سەگێک سەرم کزکز، باوکم دەڵێت "بڵێ حیزحیز" کردوە... بەم حەمکە جادەیەدا دەڕۆم، ئەو هەموو جادەیە بە مندا دەچێت. چاوم دەفرێ و کەسیش نیازی هاتنی بۆ لای من نییە، من لە یەک کاتدا خانەخوێیەکی بێ میوان و میوانێکی بێ خانەخوێم... لەسەر ئاوازی گۆرانییەکی ماملێ فیکە دەکێشم و بەم جادانەدا لەنجە دەکەم... هەرچەند تاقیدەکەمەوە ئەم وڵاتە تەسکە بە بەرم و تەنگە بە پێم.

خۆی و سەگەکەی من و تەنیایی، ئێمە هەر چوارمانین... بە درێژایی ڕۆژ لێرە باران دەبارێت، دەڵێی خودا هەرچی ئاوی هەیە، دەیکاتە نێوگەڵی ئەم مەملەکەتەوە... بەسەر تەلێکی دڕکاویدا ڕاوم دەنێن، تەلێکی دڕکاوی بە جەستەی مندا ڕادەکێشن... جنێو بە تورکومانستانیش دەدەم... بە قەفقازستانیش... بە ئاسیای دوور... بە شارەکەی خۆم!

PDF 4 KURD

حەز دەکەم تـا سـکەی ئاسـن دەڕوات جنێـوت بـۆ حەواڵە بـکەم... تـا ئاسـمان هەیە و وەک زەردەواڵەیەکـی قـورس فرۆکە گێژەکانتی پیادا دەفڕێت، تفت بۆ پۆست بکەم.

ئەمـلاولای خـۆم مـاچ دەکەم کە لەوێـش بـووم لە لات... هۆشـیاریم کـۆمەکی کـردووم بـزانم تـۆ شـار نیـت... تـۆ قەحبەیت.لە دەمپیسـیم ببـوورە، بەڵام تـۆ نـا! خـودایە تـۆ نـا... تـۆ لێشـم خـۆش ببیـت، مـن لێـت خـۆش نـابم ... با بمێنێت... ڕۆژێک من و تۆ حسابی خۆمان پاک دەکەینەوە.

دەزانـم هەر ئێشـمان دەکەوێـتەوە یەک... تـۆ دەزانـی مـن چوارشـەموان سـەفەر دەکەم، هەینییـان دەچـمە کڵێسـا و داوای شـەراب و نـان دەکەم، نیـوەڕۆی یەکشـەممان لە پشـت مەلایەکـی گەورەوە نـوێژی جـومعە دەکەم، زانیـاریم لەسـەر جولەکەکـان زۆر کەمە، ئەگەر نـا ڕۆژانـی شـەممە دەچـوومە قـودس و لە تەنیشـت دیـواری پیـرۆزەوە دیلانـێم بە خـۆم دەکـرد و دوعـایەکم دەخوێنـد... دوعـایەک کە هەر خـۆم دەمزانـی چیم دەخواسـت... دووشـەممە و سێشـەممە هـیچ نـاکەم دەسـت دەنـێمە ژێرسـەرم و لەسـەر ئەم جـادانە دەخەوم... تۆ قەت سێ ڕۆژ لەسەر یەک خەوتوویت؟

PDF 4 KURD

ئێستا ساڵی ١٥٦٧ـه، سوڵتان له ئەستانەوه لەگەڵ (قەدی سەیفوڵڵا ئەفەندی) و دەستەیەک میرزای وڕ و پۆلێ میئماری گیژدا ناردوومی بۆ ئەم شاره تا مزگەوتێک دروست بکەم. مزگەوتێک که دوای پێنج سەدەی تر ئەولادەکانی شار سێکس له بەردەرگاکەیدا بکەن و خوداش نەتوانێت فزه بکات.

که سەیری سەدەکانی ناوەڕاست دەکەم، دڵم بۆ خودا دەسووتێت ئەو ڕۆژانه زۆری ئیش هەبووه، ئێستاش وەک پیرێکی خانەنشین چەند بێئیشه، دروست وەکو ئەم بەندەیەی خۆی... خودا چەند تەنیایه من، من چەند تەنیام خودایه.

ژنەکه له سەگەکەی زیاتر خۆیم تێ هەڵدەسوێت و لەویش زیاتر بۆنم پێوه دەکات، کەچی من له عەکسێتیمدا زۆرتر دڵم لەسەر حەیوانەکەیەتی تا خۆی... وەختێک دەزانم پەتەکه له ملم توند بووه... خەریکه دەخنکێم... سەگێک من کێش دەکات و ژنێک تەنیایمی لەگەڵ خۆی بردووه...

هەموان دەخوازن منداڵێک بخەنەوه و من له منداڵێک ڕادەکەم، سەرمامه شەق له هەرچی کونی دونیایه هەڵدەدەم به کونی بەرمۆداشەوه، هەر له خۆمەوه وا هەست دەکەم کونەکان هی تێچوون نین! هی گیرخواردنن!

دیسان لەسەر جادەم.

بای ساردی ئەم شارە دەمباتەوە پۆلی سێی سەرەتایی جاران، ڕەحلەیەک پێش ئاخیر خۆمم. وەک هەمیشە لای پەنجەرەوە، ئەگەر هەر نەتدۆزیمەوە بلوسێکی خوریی شینم وا لە بەردا دایکم خۆی چنیویێتی بۆم.

وەک ئەوەی پێشهاتی پیاوێکی خواری[٦] لێکردبێتم، هەر خۆی بە دەستوخەتێکی خوار، بە شلیلەیەکی پیرۆزەیی لەسەر پشتمی نووسیوە (تـوانــا)... وانەی زانستە؛ بێ دەستهەڵبڕین هەستاوم و دەرسەکەم بە مامۆستا بڕیوە... ئەڵێم "ست ئەڵوەن... بە قورئان کەڕوو تەنها لەسەر شتی شێدار نـاژی". ئەڵێ ئەی ئەفەندی کەڕوو لەسەر چی دەژی؟... چاوم پڕ بووە... دیسانەوە قورگم گیراوەتەوە... پچڕپچڕ قسەکەمی بۆ تەواو دەکەم: "مامۆستا گیان..

کەڕوو لەسەر من..

لەسەر مـــن دەژی.. لەسەر مـ... ن".

کێ سەلیقەی ئەو هەموو گوێگرتنەی هەیە لە خۆی... من یەک mp٣ قسەم پێیە بۆ خۆم... خەریکی چیم؟... لاسایی خۆم دەکەمەوە و لە دڵەوە چەمۆڵە لە خۆم دەنێم... نوقتەکانی ئەم نووسینە تۆخ دەکەمەوە و هەست

---

[٦] پیاوێکی خوار: ناوی چیرۆکێکی هاوڕێی چیرۆکنووسم ئیسماعیل حەمەئەمینە.

دەکەم ئیتر هیچ ئیشێکم نە لێرە و نە لەوێ و نە لەم دونیایەدا نییە... من نازانم چی دەکەم... نازانم بۆ هاتو؟! دەستم گیر کردووە لە ناوچەوانم و سەرم دەکولێت... نامەوێت هیچی کە بڵێم.

٢٠٠٩

سۆفیا

www.fb.com/PDFkurd

PDF 4 KURD

پرۆپۆزەڵی ڕاکردن لە خۆم!

ڕۆژانە نۆ سەعات لەسەر خۆم نیم، چوار سەعات دەخوێنمەوە و سەعاتێکیش لەگەڵ "هەرمێ" خۆم مەشغوڵ دەکەم و ئەوانی تری خەوتووم. دەمەوێت گەر بۆم بلوێت، ئەزموونی (ئەسحابول کەهف) دووبارە بکەمەوە! خەریکی ماراسۆنێکم بە بەشداری تەنیا خۆم و لە چەقی خۆمەوە بۆ دەرەوەی خۆم، هیوادارم یەکەم بم، دوعام بۆ بکەن. دەمەوێت ڕابکەم، نا لە شوێنی خۆمدا بچەقم، نە لە دواوە و نە لە پێشەوە نەڕوانم. دەمەوێت هەر سەیری هیچ بکەم.

ماوەیەکە بە هێندەی هەڵماتێک لە پشتمدا خڕ بوە، وا هەست دەکەم خەریکم دەبم بە (قەمبوورەکەی نۆتردام) یان نا، دڕدۆنگ و دەبەنگ وەک قەمبوورەکەی ناو (پەیکەری فەرهاد). دەمەوێت خەتی تەلەفۆنەکەم دابخەم. مۆبایلەکەم بخەمە ئاودەستی مزگەوتێکەوە. ئیمەیلەکەم لۆک بکەم. کەس نەبینم، کەس نەمبینێت. دەمەوێت ئیتر شەراب و زەیتوون نەخۆم.

دەکەم.." نـازانم هـی ئەوەیە کە هەردووکیـان بە (ڕ) دەسـت پێدەکەن، یان هی ئەوەیە هەردووکیان نائومێدن.

پـێ هەڵـدەگرم، لەمسـەرەوە بـۆ ئەو سـەر بە نـاو ئەم تاریکـاییەی خۆمـدا ڕادەکەم. دەیهێـنمەوە یـادی خـۆم، جیـاوازیی ئێسـتا و جـارانم لەوەدایە؛ جـاران بە سـابوونی لـۆکس خـۆم دەشـۆرد، بە گـوێزانی سـەفەری ڕیشم دەتاشـی... ئێسـتا ڕیشـم ناتاشـم، بەیانیـان دەموچـاوم ناشـۆم. قوتـووی جـێڵەکەم فـڕێ دەدەم و ئیتـر کراسـەکەم ئوتـوو نـاکەم. بە چـاکەتە زیـرەبییەکەمەوە ؛وەک هەمیشـە؛ سـەعات حەوت لە مـاڵ و لە خـۆم دێـمە دەرەوە. مـاوەیەکە سەیارەکەشـم وەک خـۆم وڕە. دەچـمە دائیـرە، بـا کچەکـان هەر پێـبکەنن و لە دواوە چەمـۆڵەم لێبنـێن... کە تێـپەڕیم، تەعلیـق بهـاوێن... گوێی خۆم کەڕ دەکەم، وا دەزانم هیچم نەبیستووە.

ئەفسـانەی کـاوەی ئاسـنگەر بە فارسـی دەخـوێنمەوە. گـاڵتەم بە دەوڵەتـی (مـاد) دێـت... وا دەزانـم جەنگەکـانی یەکەم و دوهەمـی جیهـانی ئەفـلام کـارتۆن بـوون... وا دەزانـم کەس نەمـردوە. (دریسـدن) درۆ بـوە... هەمـوو ئەوانە فتبـۆڵێن بـوون، یـارییەک بـوون و تەواو بـوون... کێ سـەیری یـارییەکی تەواوبـوو دەکـات؟! حەز دەکەم کـوێر بوومـایە، هەر هـیچ نـا؛

PDF 4 KURD

هێواشـتر بە ڕێگـەدا دەڕۆیشـتم... بە دایکـم دەڵـێم: "ئەوە دایە بۆ ئینسان کە کوێر دەبێت، دەنگی خۆش دەبێت؟".

لەگەڵ بەنگلادیشـییەکدا دەبـمە ڕەفیـق. جـگەرەکەی خـۆمی دەدەمـێ و گسـکەکەی لـێ وەردەگـرم... دەمەوێـت پەڵەیەک لەسـەر دڵـم پـاک بـکەمەوە. ئەو پێـدەکەنێت و لەبەر خـۆیەوە شـقڵی و پقڵـی قسـانێک دەکـات. وا هەسـت دەکەم ئەو کـوڕە ڕەشـتاڵەیە وتبێتـی "حەیفـێ تـۆ مەهـارەتی فێریـوونی گسکدانیشـت نیـیە"... شـەوان قەڵەم و وەرەقەیەک دەبەمە ژێـر بەتـانییەکەم و هەر بە چـاوی نوقـاوەوە، خەوەکـانم دەنووسـمەوە. سـەدای دایکـم لە گوێمـدا زایەڵە دەکـات کە دەڵێت "ئەرێ ڕۆڵە تۆ بۆ وا لە خۆت دەکەیت؟!".

دایـالۆگێکی (سـوکرات) و (گلاوکـۆن) لەمەڕ عەدالەت دەخـوێنمەوە، کە ژنەکەم بە پرسـیارێک ڕام دەپەڕێنێـت: "ئەرێ ئەمە ئەفلاتـوونی حەکـیم نیـیە؟"... "بـا". باوێشـکێک دەدەم و دەڵـێم "بەس ئەم تەرجـومەیە لە حیکمەتـی خسـتوە". لەبەر خـۆمەوە نـایەڵم ئەو گـوێی لێبێـت، دەڵـێم: "وەڵڵاهـی پیـاو موشـێن بکـات، بەختەوەرتـرە لەوەی فەلسـەفە بخـوێنێتەوە..". مـاوەیەکی زۆرە قسـەم لەگەڵ خۆمـدا دابڕیـوە... دەزانـم ئیتـر لەوە زیـاتر بەرگە نـاگرم، کەچـی ئەوەنـدە کەللەڕەقـم، نامەوێـت لەگەڵـی ئاشـت بـبمەوە.

PDF 4 KURD

دەمەوێت ئیتر غاز پڕ نەکەمەوە و بایەعییەکە وەرنەگرم.

شەوێک وەرەقەی نەوتەکە دەدەم بە کرێکارێکی شەنگاریی بەردەرکی سەرا.

لەفەیەک لە قوڕ دەخۆم، شیشێک زەهری مار. بە شەقامەکاندا ڕادەکەم، جوێن دەدەم. لەناکاو دەوەستم و دوای قەیرێک بێدەنگی، لەبەر خۆمەوە پێدەکەنم.

توتە و براتوتە نەبن، هەموو پەنجەکانی دەستی ڕاستم دەزریکێنن... هی ئەوەیە فشارم زۆر لەسەر داناون، چی بکەم پاندانەکە نانووسێت... تا دەستم دەگات فرێی دەدەم... ئەرێ نازانم دەمویست چی تر بکەم؟!

٢٠٠٨

موعتادێک لەسەر پردی سیرات!

PDF 4 KURD

یوسف نیم و وام لەم بیرە تاریک و قوولەدا، کەس نەیخستوومەتە ئێرەوە، خۆم هاتووم... زەحمەتی دەرهێنانم مەخەنە بەر خۆتان، ئەگەر ئەرک نییە سەری ئەو بیرە دابپۆشن، ئەو ڕووناکاییە عەزێتم دەدات... لە ناوەوەمدا بەفر دەستی پێکردوە، کرێوە دەکات، هەموو هەناومی سارد و سپی... کرۆکپ کردوە. لە دوورەوە سەگێگ دەقروسکێنێت، دادەچڵەکێم بۆ ئازاری جێ بەردێک بە ئەژنۆی چەپییەوە. ئەمشەو تا بەیانی بە دیار کەروێشکێکەوە دادەنیشم کە ئازاری گوێ ئارامی لێبڕیوە، تاوناتاوێک دووکەڵی جگەرەکەم دەکەم بە گوێیدا و پێی دەڵێم هەبێت و نەبێت دەنگی بەرزت بیستوە. منیش وام، بە دەنگی بەرز گوێم دێشێت، هەربۆیە بە چپە لەگەڵ خۆمدا قسە دەکەم.

PDF 4 KURD

منیش وەک فروغ بەم نائومێدییەی خۆم موعتادم... بیرم دەکەوێتەوە ڕۆژێک دەوەستم، بۆ ئەو ڕۆژەی خۆم دڵتەنگم... خەریکی ڕەشنووسی نامەیەکم بۆ پاپای باخ...

لە جێیەکیدا نووسیومە: "جەناب عالی، لێگەڕێن ئەو خەڵکە بە دڵی خۆیان بژین، ئەوەندە ئینسان لەیەک مەکەن بە دوژمن، خوێنی براکان هێشتا بە کەڵبەی یەکترەوە دڵۆپە دەکات..". هاوپێچ وێنەیەکی ئەو نامەیە دەنێرم بۆ مەرجەعی باڵای دەمەشێر و شێخی نازناز.

بیری ئیستانبوڵ دەکەم... بیری پشکۆ... تاسەی پیاسەیەک بە قومقاپی و سوڵتان ئەحمەددا... سەرم لەو دەرگا زەبەلاح و پەنجەرە بچووکانەی سووڕ دەمێنێت، دەست دەنێمە بناگوێ، نا دەست دەهێنم بە پشتی ئەو پشیلە خرپنە ئاسوودانەی کە بە چەند نەوەیەک دەچنەوە سەر گوربەبۆری سوڵتان... لە مەیدانی عەسکەردا گوێم لە تەقەی نالی ئەو ئەسپانەیە کە هاوڕێتم و یەکنەوا، بەسەر گابەردە خوار و خێچەکانی مەیدانەکەدا شاق و شریق خۆیان نمایش دەکەن.

هێدفۆنێک لە ئاغای گوڵکار دەستێنم و بەدەم گوێگرتن لە (ئیلاهی ناز)ی غولام حسێن بەنانەوە، دووسەد مەتر لە چایخانەی سەهۆڵەکە دوور دەکەومەوە. کە گۆرانییەکە تەواو

PDF 4 KURD

دەبێـت، دەمەوێـت بە شـوێنی خۆمـدا بگەڕێـمەوە، هەوڵ دەدەم قـاچ بـخەمەوە سـەر جێپێکـانی خـۆم... نامەوێـت ئەرکـی هەڵگرتنـی جێپێکـانم بەسـەر کەسـی تـردا بـدەم، هەروەک نامەوێت پێ بە کەسی دیکەشدا بنێم.

مـن هەنـدێک جـار جێپێکـانی خـۆم دەناسـمەوە؛ ئەوە جێپێـی کچێکـی عیشـوەبازە... ئەوە هـی کـوڕێکی نـامورادە... ئەوەشـیان جێپێـی ئاسایشـێکی عەبوسـە کە پێکـوتە و سـەنگین داینـاون... جێپێکـان بە گەورە و بچـووکی ناناسـرێنەوە! وای بـۆ مەچـن. جێپـێ بە بـاریکی، قەلەقـی، لاری، کـورت و پچـڕی، نیـوکەوانی... خـاوەنەکەی خـۆی ئاشکرا دەکات.

مـن بەم شـارە موعتـادم، دوعـام بـۆ بـکەن ئەم شـارە تەرک بـکەم... ئەمە درمێکـی پیسـە... پەتـایەکی خـراپ... هەوای ئەم شـارە تەنـگ و وشـکە، هـیلاک و شـەکەت، حەز دەکەم ماریفەتێـک بنـوێنم و لە ڕووی هـاوخەمیەوە جگەرەیەکـی بـۆ گـڕ بـدەم و داوەتـی چـایەکی بـکەم لە سـەهۆڵەکە... سـەرمایەتی... تەزیـوم... تەک دەدەیـنە پـاڵ یەک و پـێکەوە پشـت دەنێـین بە وەجـاخەکەوە... ئەو ئـازای ئەنـدامی تەڕە و مـن ڕۆحـم شـەختەی کـردوە... لە بێنازیـدا مـن و بـای ئەم شارە چەند لێک دەچین.

بیـــر لە تـــۆران دەکەمەوە... لە بەختەوەریـــی بچـــووک لە لای پیـــاوی گەورە، لە ئـــازاد ســـوبحی، لەو بێـــدەنگی و ســـکوتە مـــوتڵەقەی، لەبەر خـــۆمەوە ورتەورتـــمە؛ ئەم بێـــدەنگییانە لە دڵشـــکانەوەن، لە هیجـــری خەون و وەســـڵی نامورادیـــدان... ئەمە ژیانە لە ناو خەوندا.

"شـێرێک لە منـدا نووسـتوە..*". شـێرێکی مانـدوو، بێـدەنگ بـن بـا خەبەری نەبێـتەوە... ئەوەتـا لەسـەر قسـەکردن دەوەسـتم، جارجـار چـاو دادەخەم... بیـر دەکەمەوە ئیتـر قسـە نەکەم... قســـەکردن زەرەرێکـــی گەورە لە ئینســـان دەدات؛ زەرەری بیرچـوونەوەی خـۆی... ئـێمە لەمەودوا دەتـوانین ئیشـوکارەکان بە نیگـا رایـی بکەیـن... سـەیری کەسـێک، شـتێک، شـوێنی بکەیـن و ئەو هەسـتێت بێـت بـۆ لامـان... ئەوە ڕێگـەیەکی بێڕتووشـــی پەیوەنـدییە لە نێـوان خـود و بابەتـــدا... بە شـێوەیەک ئەو دێـڕانەی کە مـن دەمەوێـت لەمەودوا بیـانڵێم، بەبـێ ئەوەی بیاننووســـم، ئێـــوە بیـــانخوێننەوە. مـــن لە ستاتیکای بێدەنگی ڕادەمێنم.

---

* دێڕ شیعرێکی بەختیار عەلییە بەدەستکارییەوە.

دەزانیــت یەک تــۆز ورد ببیــتەوە، ئەم شــارە تەلار و بــاخچە و مــاڵ نیــیە؟! نـــا... بێشــومار جێپێــیە... جێپــێ... جێپــێ... جێپــێ... جێپێــی مــن! ســەرم مێــرووڵە دەکــات. بۆگەنێــک لە خـــوارەوە دێـــت، لە خـــواری خـــوارەوە... لە دڵـــی ئەم عەرزەوە...

ئەم هەوا تەنــگ و بــۆگەنە یەکلایــیم دەکــاتەوە کە ئەمە شــار نییە و گوویە... گوویەکی گەورەگەورە..

کە مــن تـــا بینەقاقــام تیایــدا غەرقە، بــۆم گرنــگ نیــیە کــێ کردوویەتــی... دەرەوە هیچــی لــێ ســەوز نابێــت... بە پرتــاو خــۆم دەگەیەنــمەوە مــاڵەوە... کە لەودیــوەوە دەرگــاکە لەســەر خــۆم دادەخەم، شــیعرێکی (فەرزیـــن)م بیــر دەکەوێــتەوە، کە هەمیشــە بەو شــێوەزارە شــیرینەی خــۆی دەڵێــت "کەنــی، بە گیانت دنیا شێویاگە...".

دڵـــم قوڵـــپ دەدات... بە ژوورەکەدا ڕادەکەم؛ ســـەعاتێک و دوان، کەنەفــت و هێزلێبــڕاو، لە خاڵێکــدا وەســتاوم، لە خــاڵی جــووڵانمەوە نزیکتــرە تـــا خــاڵی گەیشــتنم. ئەم شــێواوییەم چەنــد شــێواوە خــوا. نــازانم ئەم ژوورە بــۆ ئەوەنــدە درێــژ بــۆتەوە، چەنــد ســاڵە مــن بەڕێــوەم و دەســتم نــادات لە دیوارەکەی ئەوبەر. ئەم ژورەی ئێمە هەموو جارێک وانییە.

خەم تیامدا فوارە دەکات... دونیا تەمە... ئەڵڵا بۆنی شێلم دێت... زۆرتر خەیاڵ دەمباتەوە و وا دەزانم لە فیلمدام... دڵۆپێک باران لە ڕوومەتمەوە دەخلیسکێت... حەزدەکەم بچم بۆ چۆمی (مەجید خان)... شتێکم درز دەبات، تاسەی بانگ دەکەم؛ بانگ بە دەنگی کچێک. لەبەر خۆمەوە دەڵێم ئەگەر فەیروز بانگ بدات، چی دەبێت؟ هەموو لوبنان دەچێت بۆ نوێژ... منیش دەچم، لەدوای دواوە نوێژ دادەبەستم... هەرچەند دەکۆشم، هیچ ئایەتێکم ناکەوێتەوە بیر.

لەبەر خۆمەوە شیعرێکی هێمن دەخوێنم و لام وایە "ئەو خودا گەورەیە هێندە بێ ڕەحمە"، ئەوەش وەردەگرێت.

شەوێک بە دیار ڕادیۆوە خەو دەمباتەوە و لە دڵی خۆمدا بە بێژەرەکەی (ئێزگەی دیموکرات) دەڵێم: خانم تۆ هەر شیعر بخوێنەرەوە، من تا قیامەت گوێت لێدەگرم.

من بە ڕێگەدا زۆر دەڕۆم، جادەکوتێکم بۆ خۆی. هەر دەڕۆم، وام لێهاتوە شەوان خەوەکانیشم پڕ لە ڕۆیشتنن. بە شێوەیەک، جاری وا هەیە کە لە خەودام، وا دەزانم لە بێداریدام و جاری واش هەیە بە پێچەوانەوە... هەربۆیە زۆر گوێم لێ‌نییە چی ڕوو دەدات...

ئەو ڕۆژە وەختە بوو "سکانیایەک" بمکات بە تریت.
نەترسام، وام زانی خەوە... ئا من ئاوا سەرم لێشێواوە.
دەم و زارم وشکە، چاوانم تەڕ، لێوم هەڵپشکوتوە، ژنێکی شەهوەتباز بە تەوسەوە دەڵێت "ئەوە هی بێماچییە." دەڵێم "ڕەنگە!" و لە چاوتروکانێکدا خۆمی لێ دوور دەخەمەوە... زۆر بیر لەو برینانەی لالێوم دەکەمەوە، دایکم دەڵێت "هیچ نییە، منیش وابووم، چاک دەبێت، بەیانیان بینێ بە پەیژەی ئاسنا". من ئەو گەڕەکە تەی دەکەم و پەیژەیەک نییە، ئێستا هەمووی بوە بە قادرمەی غەربی...
پەیژەش قاتی بوە؛ بۆ سەرکەوتن نا؛ بۆ ئەم تامێسکەی لێوی من. زمانم وشکە، خەریکە دەخنکێم، تینوومە. من لە ڕاپەڕینەکەوە تینوومە.
هەر کە من دەمەوێت سەرم چاک بکەم، سێشەممەیە.
ئەوەندە کەرت بووم، ئیتر وا دەزانم بەسەر هیچدا دابەش نابم، بەسەر بچووکترین یەکە و بچوکترین ژمارەی نەدۆزراوەشدا... "ئەم سەرگەردانیمە مەگەر خوا بزانێت چەند سەرگەردانە"**. دەڵێم بۆن شێوەی هەیە؛ بۆنی هەنگوینی خەست، شێوەی قوچەکێکی دڕکاوی بۆ سەرەوە هەڵکشاوی هەیە...

** دێڕە شیعرێکی کەمال ئەمینییە.

بۆنی منداڵی؛ شێوەی دڵۆپێک ئاوی هەیە لەسەر ئەڵماسێکی شین لە دووکانی عەنتیکەفرۆشێکدا. گێژ بووم، بیبرەرەوە.

چەند چۆڵە ئەم ڕۆحەی من، دەنگ دەداتەوە... بەتاڵلاییەکی گەورە... چاڵێکی تاریک... ئەگەر ئەم جارە زیندوو بکرێمەوە، حەز دەکەم ژیانی عارفێک هەڵبژێرم لە ئێرانی دوور؛ لە مازندەران، یان باخەوانێک لە ئەندەلوسیا... من لە ناو خۆمدا گیرم خواردووە. ئەگەر بڕیار بوو بمرم، نوکتەیەک لەسەر کێلەکەم بنووسن... نوکتەیەک لەوانەی هەرگیز کۆن نابن.

وەک منداڵێک ورکم گرتووە... پێ لە ئەرز دەکوتم، نە دەگەڕێمەوە بۆ لای خۆم و نە لێشی دەردەچم...

من لەم سیراتەی ڕۆحی خۆمدا، چەقیوم. ئەم کراکی* خەمە دەکێشم... چش با هەڵوەرێم، بە دیار چاوی خۆمەوە بڕزێم، خۆ من دەمێکە لە ناوەوە ڕزیوم... لە کۆڵانێکی پیسی پاریسدا، دوو جادە ئەولای ئیڤڵەوە، تەزریق دەکەم... لەگەڵ قولێکدا بووین بە ڕەفیق.

---

* کراک: مەترسیدارترین مادەی هۆشبەرە کە سەرەنجام جەستەی قوربانییەکەی دەڕزێنێت، تەنانەت لە هەندێک مزگەوتی ئێراندا بە پاساوی ئەوەی هەڵدەوەرێت؛ پۆزشی ئەوە هێنراوەتەوە کە تەرمی موعتادی کراک ناشۆن!

جـــگە لە نائومێـــدییەکەمان، هـــیچ هاوبەشـــییەکی دیـــکە لە نێوانمانـدا نیـیە. پـۆلیس دێـت، ڕادەکەیـن. دیسـان مـن پـۆلیس دوام کەوتـــوە... پـــۆلیس بـــوە بە دەعبـــایەک و هەمـــوو خەونـــی منـــی خـــواردوە، هـــاڕیویەتی... چـاو دەکەمەوە، دەمـم وشـکە...

من ئەو هەموو خەوە بێسەرەوبەرانە چییە دەیانبینم؟!

٢٠٠٨

سلێمانی

من بێتاقەتم کەواتە من هەم!

"من بۆ خۆشی نانووسم، نا... من دەنووسم تا لە شەڕی ئەفکاری خۆم ڕزگارم ببێت... ئەمەش شتێک نییە بە ویستی خۆم، بەڵکو شتێکە ناچارم..."

فریدریک نیچە، ویستی هێز

چەند ڕۆژێکە باشم ...

ئەمە حاڵمی خراپ کردوە! ڕیتمی تێک داوم. دەزانی من ڕانەهاتووم باش بم! خۆشت دەزانیت کە بۆت دەنووسم (باشم)، درۆ دەکەم... حەقیش نییە ئیتر من دەسکاریی وەڵامەکەم بکەم، حەق وایە تۆ پرسیارەکەت بگۆڕی... بمتوانیایە کارەکەتم ئاسانتر دەکرد، بەڵام خەنجەرێک لەم سنگە لاغەرەم هەڵبچەقێنە و ئەم خیانەتەم لە خۆم پێمەکە... ئەمە مێژووی منە؛ من باش نیم.

www.fb.com/PDFkurd

حەز دەکەم وەک تـاکێ گـۆڕەوی دڕاو لە دڵمـت دامـاڵم و تـا دەستم دەگـات فڕێت بدەم. بە قەولـی دۆسـتە کرماشـانییەکەم زۆر دەترسم دیداری مـن و تـۆ بکەفێتە قیامەت... دەزانـی من و تـۆ وەکـو یەک و هەشـتین! هـیچ یەک و هەشـتێکی تـر نـا، تەنیـا ئەوەی وا لە نـاو لەپـی چەپتـدا... پلانـم هەیە؛ دەست لە خـۆم هەڵبگـرم و واز لە تـــۆ بهێـنم، ئەمە بـۆ هەردووکمـان باشـــترە... کە ئەمە دەڵـــێم، ئەشـــزانم غـــوربەت یـــانی ئەو شوێنەی تۆی لێنیت!

بیـــری شـــارەکەم دەکەم و لە خۆشـــمەوە لام وایە ئەو شـــارەی مـــن هەر ئەرزشـــی ئەوەی هەیە لە دوورەوە بیـــری بکەیـــت و هیچـــی تـــر... پـــڕم لە خەیـــاڵی ئەم شـــارە وەک تاســـەی قەســـابخانە لە ســـەری ســـەگدا. چـــاو دادەخەم، هەســـتم ڕادەگـــرم، حەز دەکەم دونیـــا لە کـــونێکی تـــرەوە بێـــتە نـــاو مـــنەوە... حەز دەکەم ڕابـــوردووم لە جێـــیەک دانـــێم، بەڵـــکە لـــێم جـــێ بمێنێـــت وەک جێمـــانی چەترێکـــی ڕەش لە پاســـێکی ســـپیدا... دوای ٤٦ ســـەعات کە بـــۆ یەکەم جـــار لە ژوورەکەم دێـمە دەرەوە، ئەوجـا دەزانـم کە مـن وەسـتای کوشـتنی کـاتم! بە جـــۆرێ دەتـــوانم شـــەش ســـەعات چـــاو لەســـەر تـــوێکڵە گـــوڵەبەڕۆژەیەکی خـــوراو قەتـــیس بـــکەم و وەڕســـیش نەبـــم...

PDF 4 KURD

ئەگەر لێـــرە مـــامەوە کورســـێک لەمەڕ بـاوێـشـــک وەردەگرم.

مـــن ڕشـــانەوەیەکی گەورە بە خـــۆم قەرزدارم... ڕشـــانەوەیەک هەمـــوو ئەو ئـــازارانە بێنێـــتەوە کە لەم ڕۆژگـــارانەی دوایـــی ژیانمدا چەشتمن.

بۆنی هێلکەوڕۆن دێت و بیری ژنەکەم دەکەم.

دەزانـــم ئەوســـەرە ئەبســـتراکتەی تـــۆ هێـــزی تێگەیشـــتنی ئەو ڕســـتەیەی نیـــیە، ئەوەتـــا لچـــت هەڵـــدەقورچێنی و شـــانەکانت بەرز دەکەیتەوە:

"جـــا چیـیـــە؟!"

دەمزانـــی تێناگەیـــت... دەشـــزانم هەرچـــی شـــتی نێـــو ئەم دونیـــایە هەیە، ئەگەر نیگـــای مـــوجەڕەدت بکەوێـــتە ســـەری، ئەوەنـــدە بێحورمەت دەبێتەوە تا ئاستی پرسیارەکەی تۆ...

حەبیـــــبم.. گـــرنگییەکە لەوەدایە لە نـــاو حەوت ملیـــار مرۆڤـــی ســـەر ئەم هەســـارە هێلکەیـــیەدا، تەنهـــا مـــن دەتـــوانم بـــۆنی هـــێلکەوڕۆن و بیـــری ژنەکەم بەیەکەوە بـــکەم و بە قـــووڵییش بیر لەو پەیوەندییە خەیاڵییەیان بکەمەوە.

حەقـــی ئەوەت هەیە بـــتخەمە ژێـــر ڕەگـــی ســـێجای خـــۆم و پـــێم بڵـــێ دەتـــوانی چەنـــد بەرگە بگـــری؟ قەشـــمەرییەکی قورســـم بە

خۆشەویستی دێ، لەوە ناچێت من جارێکی تر عاشق ببمەوە (بەس تۆ ئەم قسەیەم بە سەنەد لێ وەرمەگرە!).

دڵم لێی داوە عومرم وەفا ناکا و پێش ئێوە دەڕۆم، ئەگەر ڕۆژێک لەپڕ دیار نەمام، بەو دۆستی دوورەوڵاتە بڵێن ئەم مانفێستی نائومێدییە تەواو بکات. مەقامی ڕاستەقینەی ئومێد لە بێئومێدیی گەورەدایە، لەوانەیە لەم ڕۆژانەدا شتێک لەبارەی مەعریفەی مامەڵەکردن لەتەک نائومێدیدا بنووسم... حەز دەکەم قاچم تا ئەژنۆم ئەوەندە گەورە ببێ، ئەوەندە گەورە ببێ، ئەوەندە گەورە ببێ، تا بتوانم یەک شەقی قایم لەم گۆی زەوییە هەڵدەم و فڕێی بدەم بۆ شوێنێکی دوور، ئاخر من لە شوێنێکی تریشدا پێم وتووی کێشە شوێنەکانە، دەبێ شوێنەکان شوێنگۆڕکێ پێبکەین، بەس تۆ ئەوەندە بۆشی، ئەم قسەیە ناچێت بە هیچ شوێنێکتا.

تۆ بچۆرەوە شەوانی هاوینی هەشتاکانی بەر TV یەکی ڕەشوسپی و بە دیار هەڵقەیەکی میسرییەوە تێر بگری و منیش لێرە لە ناوەڕاستی ئەم بەفری خەمە سەنگینەدا دەوەستم تا دواکلوی ئەم مەراقە پروشە دەکات، ئینجا سەرێ بۆ ئاسمان بەرز دەکەمەوە و وەک ئەوەی وێردێک بخوێنم، دەڵێم (سوعبەتی بێتام لەگەڵ ئینسان دەکەیت... دەزانی؟!).

قومێـــک له چـــا ڕوونەکەی بەردەمـــم دەخـــۆمەوە، دەســـتم لەســـەر ڕیمـۆت کـۆنترۆڵی TVیەکە جـێ بە خـۆی نـاگرێ، وەک هەمیشە گۆرانییەکی ناسازە...

میـــوتی دەکەم و زۆر بە تونـــدی لە وشـــەی (ڕووخـــان) ڕادەمێـــنم... نە وێـــران و نە شـــکان و نە کـــاول و نە ڕمـــان هیچیـــان تـــامی خـــۆی نـــادەن... ڕووخـــان... ڕووخـــان... ئەم پێـــنج پیـــتە مۆســـیقایەکی تـــایبەتیی خۆیـــان هەیە... مـــن کە ئێســـــتا دەڵـــێم ڕووخـــان، هەســـــت بە داکەوتـــن دەکەم... دەکۆکم... قورگم پڕ بووە لە تۆز... چاوم هیچ نابینێت...

شتێکت پێدەڵێم بەس لای کەس باسی مەکە؛

وا بزانم ئەوە خۆم بووم ڕووخام!

ئەم مـــاوەیە کەوتـــوومەتە درزێـــکەوە، ســـەد بریـــا درزکەی تـــۆ بـــوایە... نـــا درزێکـــی تـــرە، درزی نێـــوان نادڵنیـــایی و یەقـــین. خەریکـــم دەشـــێوێم، ئنجیـــل و دیکـــارت بەیەکەوە دەخـــوێنمەوە، کەچـــی بە نیـــاز نـــیم شـــکۆی ئەم شـــکەم بە تـــاجی شـــاهانەی یەقینێکـــی حـــۆل بگـــۆڕمەوە. دەبـــێ شـــتێک بـــکەم... هـــاوارێ... قیـــژەیەک... پەلەقـــاژەیەک... تـــا بەڵـــکە لەم درزە فریـــادم بێ... ژیان لە درزدا زۆر سەختە... زۆر.

کەسێک هەیە کە سەرمای دەبێت منی بیر دەکەویتەوە... هەر باشە، ئەمە یانی من هێشتا ماوم، لێ هەوای ئێرە زۆر تەنگە، هەناسەم سوار بووە و خۆم نیازی دابەزینم هەیە... خوێن لە سەرما وەقفەی کردوە و هەوا بە سنگمدا عبوور ناکات... هێدیهێدی بەرچاوم ڕەش دەبێ و خەریکم دەستی شل و لەرزۆکم بەرز بکەمەوە و وەک عەلی شەریعەتی بە هەموو قورگم بقیژێنم:

ژیان بوەستە...

دادەبەزم!

٢٠٠٩

سۆفیا

PDF 4 KURD
www.fb.com/PDFkurd

ئێکزیت! (Exit)

مێخ بە زماندا دادەکوتم و قلّیش دەکەمە زارمەوە..
بـــا بە پەردەکەدا دێـــت، کەمەری نیشـــتووی پـــڕ دەبـــێ لە هەوا، دەڵێـــی ژنێکـــی ســـکپڕە و لە پەنـــجەرەی شـــکاوی مـــنەوە ســـەیری دنیـــا دەکـــا... دەڵێـــی دەمەوێـــت شـــتێک بشـــارمەوە؛ کەمکەم قســـــە دەکەم و زۆرزۆر خەیـــاڵم دەڕوا. بە شـــێوەیەکی گشـــتی مەنگـــم، دەمەوێ کەس نەزانـــێ کە بیـــر لە تـــۆ دەکەمەوە، هەمـــوو هەوڵـــێکم دەخەمە گەڕ ئەمە لە هەمـــوان بشارمەوە.
چەشـــنی بـــازێکی ســـپی لە ســـنگی ڕەشـــمدا شـــتێک قەتیســـە، ســـنگم شـــەق دەبـــا و ئەو شـــتە دەقیژێنێـــت و دووردوور دەچێـــتە ئاســـمان. کە هـــاتم ئـــا لێـــرەدا بـــووم، لەســـەر ئەم قـــادرمەیە... ڕێـــک لە ناوەڕاســـتدا، نـــازانم دەمویســـت دابەزم یـــان خەریـــک بـــوو ســـەر دەکەوتـــم... دە ســـەدەیە مـــن لێـــرەدا گیـــرم نـــازانم دابەزم یان.......

نۆڤـەمبەری مـن ون بـوە، لەوە دەچێـت نۆڤـەمبەری مـن لە جوڵەیا بێت. چەنـد خۆشـە ئیتـر لەدایـک نـابم، ئیتـر هەر بە فەزاوە دەبم.

بلیتـی نۆڤـەمبەرم لە دەسـتدایە و بە تەنیـا لەسـەر چرپـایەکی دوونەفەری ڕاکشـاوم... ڕەنـگە نۆڤـەمبەری مـن زۆر دوا بکەوێـت، ڕەنـگە دە سـەدە... ڕەنگیشـە هەر نەیەت... مـن کـاتێکی زۆرم هەیە... دەتـوانم دە سـەدە چـاوەڕێ بـکەم، چـاوەڕوانی شـتێکی نـاخۆش نیـیە "چـاوەڕوانی کـڵاوڕۆژنەی ئومێدێکە لە نـائومێدییەکی ڕەهادا"*.

مـن لەم دونیـایەدا ئیشـی زۆرم نیـیە، لە کۆتاییـدا خۆشـە بزانیـت تـۆ بەهـانە بـووی بـۆ ئەوەی بمێـنمەوە... لەوەش خۆشـتر؛ تـۆ بەهانەیـت بـۆ ئەوەی بـڕۆم... سـەر هەڵبـڕە و سـەیر بـکە؛ چەنـد جـوان و چەنـد درەنـگە، پـاوانە لە قـاچی چەپی مانگ دایە و لای من سەعات هەزارە.

وەک ژنێکـی سـکپڕ هەمـوو ڕۆژێـک ملیمێـک لە سـەری مـن زیـاد دەکـات، لە کۆتاییـدا مـن ئەم مەراقەم دەبـێ... بەسـەردا دەکەومە ئاسـمانەوە، دەسـتم تەڕ دەبێـت و هەور وەک تۆپەڵێ پەشمەک دەچێ لە قژمەوە.

---

*دێڕێکی عەباس مەعروفییە لە ڕۆمانی پەیکەری فەرهاددا.

PDF 4 KURD

کە سەیری ئەم کاکێشانە دەکەم، چاوم پڕ دەبێتەوە، کێشەی من ئەوە نییە چەند هەسارە لەم گالاکسییەدا حۆلەحۆلە و بازنەیی بە دەوری یەکدا دەخولێنەوە، کێشەی من ئەوەیە بۆشایی کەسم پێ پڕ ناکرێتەوە، کە هەست بکەم؛ من بۆ خۆم بۆشاییەکی درێـــــــــــژم... چەند ناخۆشە ئەوەندە بەتاڵ و ئەوەندە بێباک بیت!

بیر لەوە بکەرەوە؛ ڕۆژێکی ڕەشەبا بچین بۆ گۆڕستان، پێکەوە بچین، لە (بـــــــا)دا بونیام دەتوانێت گوێی لە دەنگی مردوەکان بێت. لە گۆڕستان گۆرانی دەڵێم، لە گۆڕستان دڵم پڕ دەبێت، لە گۆڕستان...

هیچ... لێی گەڕێ!

زمان زین دەکەم، سوار ئەسپی خەیاڵ دەبم و دەڵێم غاردە بۆ کێڵگەی پڕ لە مینی میتافۆری من. مردن؛ گیرخواردنە، مردن یانی زیندانی عومری ئەبەدی، ئەو هەموو ئازیزە ڕۆیشتن و سەرێکیان نەدایەوە، شتێکیان نەگوت، چۆن تاقەتیان هەیە ئەوەندە بمرن؟

دڵم قەترەقەترە قەتران سەر دەخات. من دەڕۆمە دەرێ؛ لە کوچەی شارێکدا گیرم، نازانم شامە یان ئیستامبوڵ. زەوی لەژێر پێمدا عارەقی کردووەتەوە.، بە پشتەملیدا ڕێچکەی بەستووە.

PDF 4 KURD

زەوی لەبن باری قورسی خۆیدا هەزار سوێند دەخوات؛ ٦٣ میلیۆن ساڵە ئەوەندەی ئێستا، (ئینسانی هەزەلی)ی هەڵنەگرتووە. زەوی زۆڵێکە کە دایکی خۆی ون کردوە. زەوی بە منداڵی فێری جادوو دەبێ و ئێستا خەریکە تەلیسم لە من دەکات. من ناتوانم باوەڕ بە سەوزیی زەوی بکەم، ئەو خۆی لە ناوەوە دەکوڵێت. من سەفەرێکم لەبەرە بۆ خاکی ڕەش.

من دەبێت بڕۆم!

جیهان سەری دێشێت و من پەڕۆکەیم بە ناوچەوانمەوە بەستووە. گوناهن؛ بەریان دەدەم ئەو هەموو قسەیەی لە سەرمدان. سەرم توند دەگوشم و لەبەر خۆرەکە هەڵیدەخەم... ئەی ناکرێ ئەوەندەش لە مردن بترسین، خواکە! ئەو هەموو دۆستەی لایە. دەزانم لەم نادڵنیاییەم دڵنیام؛ ژێرەوژوور بووم، زەوی ڕاگرن سەرم دەخولێتەوە، غەڵبەغەڵبێکی هێواشە، خۆمی لێ ونم... کە من لە گۆڕێ دەبم ژاوەژاوەکان شتێکی ترن. لە چاوەڕوانیی نێوان ماوەی دوو قسەدا من بیر لە جیهان دەکەمەوە، هەموو شتێک تەواو بوە، ئەم دونیایە چی لێبکەین، ئێمە هێلکەیەکی بەجێماوین، ئینسان زۆر تەنیایە زۆر... وا نییە؟ ئەی ئەگەر خاوەنی هێلکەکە هاتەوە؟ من سەفەرم لەبەرە، سەفەری

گەیشتنەوە بە یەکەم خاوەن و بە یەکەم دایکی ڕاستەقینەی خۆم.

بەقەد یەک شێر خەوم دێت!

من خۆم نازیم... من ژیانی کەسێکی ترم هەڵگرتۆتەوە. لە لاجانگمەوە بەیانیان دووکەڵێکی سپی کز بەرز دەبێتەوە. ئاخر من شەوی یەک لۆری خەو دەبینم. خودام بۆ ناخرێتە لابۆرەوە. دەمەوێ بنووسم لە میتافیزیکدا با ئەقڵ بچێت بۆ جەهەننەم. مێروولەی سووری گەورە لە چاومەوە دێنە دەرێ، گلێنەم لە ڕەشێکی کاڵەوە دەبێ بە سوورێکی خوێناوی... من تەنیا دەتوانم ئازار بگێڕمەوە... تەنیا دەتوانم هاوار بکەم؛ چاوم تەقیی ی ی ی.

بە باجەکەی ملیدا دەزانم ڕۆژنامەنووسە، ڕیکۆردەرێکی لە ئاست چەنەم حەوا داوە، کچێکی باریکەلەی ئەسمەرە، شتێک دەڵێ... هیچ تێناگەم، سەرم ڕادەوەشێنم کە قسەکەی دووبارە دەکاتەوە، بە لیپسنی کورتیدا دەزانم هەمان شتی پێشوو دەڵێتەوە... لە ژاوەژاوی دەنگیدا وا دەزانم چاوەڕێیە کە من پێی بڵێم: "ژن چییە؟!"

ئەم پرسیارانە سەرم بزماررێژ دەکەن... ئەمە قورسایی ستەیتمێنتێکە لەسەر دڵی من، لە ناو خۆمدا هەڵدەچم، ڕقم کەف دەکات...

PDF 4 KURD

خەریکە جوێنێ بدەم کە چاوم لەسەر سنگی دەگیرسێتەوە.
ئەوجا بە زەردەخەنەیەکی درۆزنەوە دەڵێم: "وا بزانم سەر بە کۆمەڵەی شیردەرەکانە".

شەو تەنهایە، من بە دیارییەوەم... شەو مەستی کردوە و لە میترۆپۆلێکی پیردا دەگری، سەری خۆی بە موحاجەرەکاندا دەکێشێت، خۆی دەگەوزێنێت، من دەڵێم "هەستە کاکی من، ئا ئێستا ڕۆژ دەبێتەوە و حەیامان دەچێت".

ئەزانم سۆفیا شارێکە لە من، کەچی لەسەر لمی داخ و ئالتوونیی قەراخ دەریاکە لە بوداپێستم... دەبێ گەورە بێ... ئەوەندە گەورە بێ... ئەوەندە گەورە بێ... ئەوەندە گەورە بێ بتەقێیت... من خەریکە دەتەقم، ئەم زەوییە خوێڕییە ناجوڵێت!

وەهمێکی گەورەیە لات وابێ پێش زەمەنی خۆت کەوتوویت، لەوە بەدبەختیتر ئەوەیە دواکەوتبێتی. من نازانم کامیانم، بەڵام دەزانم ناتوانم لە شانی خەڵکەوە بڕۆم... هێڵنج دەدەم، نامەوێ گەرووم بە زەرداوی خەڵک پیس بکەم، خەریکە دەڕشێمەوە؛ خودایە؛ کۆتایی بە یارییەکە بێنە... ئەگەر تاقەتت هەیە، ئیتر ڕایگرە! لێی نەویوم... دەمەوێ پەنجە تووتەی خۆم هەڵکەنم، هێزی لێدەکەم کرتەیەک لە دەستم هەڵدەسێت.

بەردەوام دەبم، جومگەی بەشی چەپی دەستم دەزریکێنێت. خوێن زاوەتە دڵم و ئازارم گەیشتۆتە عەرش. ئەرێ چی بکەم؟! ئا ئەمە پرسیارەکەیە؛ ئینسان دەتوانێت چی بکات؟ بۆ یەک چرکە هەست دەکەم گێژم. دڵم تێک دەچێت، دەرشێمەوە و کتێبی قەبە لە زارمەوە دێتە دەرێ؛ پرۆست دێنمەوە... تۆماس مان... بیکێت بە سەری سپییەوە لە قورگمدا گیرە لەملاوئەولای زارمەوە قەترەقەترە عەبەس دەتکێ. ئەم قورگ ئێشەیە برستی لێبڕیوم، دایکم گوڵەهێرۆم بۆ لێدەنێت، من بیری (هێرۆ) دەکەم و دەڵێم وەڵاهی باش بوو بۆ یەک نەبووین، ئێستە ناوسکم خواردبوو، ئێستە دەمێ بوو سەری کون کردبووم!

وەک دوورکەوتنەوە و لەچاودیارنەمانی ماشێنێکی کۆن لە ڕێگەیەکی خۆڵدا، ئاوها من ئاوا دەبم. بەیانییەک لەخەو هەڵدەستم، دەست دەدەمە جانتاکەم و دەڕۆم بۆ (مارۆکۆ). دایکم پێدەکەنێ، دایکم بە پێکەنینەکەی سەفەری من بۆ (مەغریب) هەڵدەوەشێنێتەوە، هەموو جارێ دایکم بە پێکەنێنێک؛ پێکەنینێکی سارد، فیزایەکی من پووچەڵ دەکاتەوە و سەفەرێکم پەک دەخات و ڕێگەیەکم پێدەگۆڕێت...

ژانتـــاکەم فـــڕێ دەدەمە دەریـــاوە و دڵـــم لەســـەر مێـــزی تەلەڤیزیـۆنەکە دادەنـێم بـۆ تـۆ... "هاکینـگ" دەخـوێنمەوە و حەز دەکەم بڕۆم بۆ شارستانیەتێکی تر...

ســـەری دۆســـتایەتی لەگەڵ شـــتێکی تـــر دامەزرێـــنم، کە وەک شووشـە دڵـی ببینم لێئەدا و پڕ نییە لە کەسـی تـر... ژانتـاکە هەڵـدەگرم و دڵـم دەخەمەوە شـوێنی خـۆی و دەمەوێ بـڕۆم... کە دایکـم لە کـۆڵان پێـدەکەنێ و ئەڵـێ "کـوڕم؛ ئینسـان کە ڕێبوار بوو، شارەکان هەموویان وەک یەک وان".

ئەمســـاڵ وەنەوز دەدات، ئەمســـاڵ لەســـەر باســـکی چەپـــم باوێشـــک دەدا، بە گیـــانی مـــن گیـــان دەدا و نامرێـــت! ئەوە ئەمساڵ بـۆ ئەوەنـدە درێـژ بـوو؟! مـن لەم قـاڵبەی خۆما جێم نـابێتەوە... دوو دەســـت و دوو قـــاچ و یەک ســـەر، کەمە بـــۆ مـــن! مـــن ئەم هەمـــوو عەزابە دەژیـــم... بەیـــانییەک لەخەو هەڵدەستم و ئیتـر مـن خـۆم نەمـاوم، خـۆم بـووم بە تـــۆ... ئەو هەموو برینە لادێییە چییە لە مندا؟

دیســـــــــان بـــــــــاش نیـــــــــــم!

ئەم کـۆکە خوێنـاوییە بڕسـتی لێبڕیـوم، چەنـد جارێـک سنگم لـوول دەخـوا و دەیەوێ لە زارمەوە بێـتە دەرێ، نـاهێڵم. بیـرت دێ لەو ســاڵانەدا پـێم گـوتی "مـن بـاش نـیم و ئەمەش مێـژووی منە!؟".

PDF 4 KURD

سـەرم دەکەم بە جـادەیەک هەر تـۆی پێـوەی. بـاوکم نـیگەران تەماشـام دەکـات و دەڵێـت: "دڵـی شـکاوە!". دایکـم خـۆی دەکـات بە ڕسـتەکەی باوکمـدا و پەلەپەل دەڵێـت: "لێـی گەڕێ، شووشە نابژێردرێ...".

دڵێـک کە بە مـنەوەیە، سـەری لێشـێواوە، لەجیـاتیی بڵـێ تەپ... تـەپ، دەڵـێ تـۆ... تـۆ... لەنێـو خۆمـدا گیـرم خـواردوە، دەمەوێ چیرۆکێـک بنووسـم لەسـەر خەونـی سـیفۆنێک لە تـوالێتێکی کچانـدا؛ سـیفۆنێک بیـر لە کـوڕ بکـاتەوە، بیـر لە فـۆرمێکی تـر بەسـەر خـۆیەوە... تەواو، دەبێـت بـڕۆم لە پـلەی گەرمیـی ٣٠٠ هەزار سـانتیگرادی کرۆکـی زەویـدا دەسـتی خـۆم داخ بـکەم... دەچـمە بنـی دنیـا لە (ماریانـاز تـرانش)** وا بـزانم لەوێـش بیـر لە تـۆ دەکەمەوە... خۆشـم دەوێـی... جـارێکی تـریش خۆشـم دەوێـی... جـارێکی تـریش خۆشـم دەوێـی... جـارێکی تریش...بەسـە، سـەرم دێشێت.!

** ماریانـاز تـرانش: دواخـاڵی پـلەی قـوڵاییە لە جیهـانی ئاوییـدا، لە ناوەڕاسـتی زەریـای ئارام.

حەز دەکەم تۆ بقیژێنیت و من هاوار بکەم، ئینسان یانی یەک زریکەی دریژ... لە (١) ڕا دەمێنم. (١) ڕەنگێکە زمان پەیی پێ نەبردوە، تا ئەو (١) ناودەنێت دەکات، من (١)م!

ژمارەکان سەریان لە بونیام شێواندوە، من (پیت) مامەڵە دەکەم. ژمارەکان لە دونیادا لە دایک دەبن، پیتەکان خۆیان هەن، ئاخر ئەوان دەست پێناکەن تا کۆتاییان بێت. چاو دابخە؛ نوکتە دەباریٚ... نوکتەی ژێر خۆشترە، دەزانیت! ئەوانیش نێرومێن؛ (ل) چ بەژنرێک چ باریک و چ کچانەیە! جیهانی من بێژمارەیە... (ئەلفبێ) لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ بازاڕ؛ پڕ کتێبەکە برنجی بۆندار دەکڕم و بایی (ت) کیلۆ میهر... کە وشکەفرۆشەکە لەسەر تەرازوویەکی کۆن قەند دەکێشێ... دەڵێم (بزوێنی کورت) کیلۆمان بەسە... ئێمە دوو کەسین، یەکێکمان هەر خۆی شەکری کەللەیە.

ئەرێ زەوی قورسە، یان سەری من؟

ڕووناکییەک لە مندایە؛ خاپوورکار... دەبێ سپینۆزا بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی تێبگەی کە نووری من دەتوانێت ئەستیرە لە خولگە لادا... چاوم دادەخەم... دۆخەکە خراپترە، بە درێژایی کۆڵانەکە بە تەنیا دەڕۆم، دووسەد جار هەڵدەنوتێم و سەدجار دەکەوم... سەرئەژنۆم خوێنی

زامێکی لێدێت کە لە دڵمدایە، دەزوولەی شیتاڵ شیتاڵی خوێن پیشانی دونیا دەدەم.

من برین دەجنم و خوێنێکی سووری کاڵ لە گوێچکەمەوە فیچقە دەکات، لە کۆتایی کۆڵانەکەدا ماڵێک پێش ئاخیر خۆم دەکەم بە ژووردا. بە خێرایی بیرم دەکەوێتەوە کە هەمیشە سەری نابینا لە دوو ئاست زیاتری نییە، یان زۆر نزمە یان زۆر بەرز، قسەیەکی (فەرەیدون)م بیر دەکەوێتەوە کە دەیگوت "نابیناکان دوورەهەندن، بیناکان سریدین"... کەچی من یەکرەهەندیم، ئاوا ژیان ئاسان و بێ سەریەشەترە.

مێخ لە زمان دەکێشمەوە و زاری زامدارم دادەخەم... دەمەوێ دەموچاوم بشارمەوە، دەمەوێ سەیری دنیا نەکەم، وەک وشترمەلێک سەرم لە جیهان پەنهان دەکەم... سەرم لەژێر کڵاوەکەمدا حەشار دەدەم... دنیا دەپشکنم بۆ ڕێگەیەکی شەریفانە.

من ئەمەوێ لە جیهان بێمە دەرێ.

٢٠١١

PDF 4 KURD

دالانی دۆزەخ!

بۆ ئەوەی دەرەقەتی بێیت، دەبێت لە ژیان بێحورمەتتر بیت. کتێبەکان... کتێبە کۆنەکان هەڵەیان فەرموو، تۆ سەرداری دونیا نیت. دڵم لە سنگی چۆلەکەیەکی دەنوکزەردی ترساودا لێئەدا، با سەگێک دە جار لە من پتر، پیاوەتی بفامێ، خۆشی بکوژێت، پشیلە ئیرادەی ناگاتە تۆ. گەردوون لە مندا دێشێت. تۆ شتێکیت لە نێوان ئەواندا. سێ جار لەسەر یەک تف لەوەی شانازی بە مرۆڤایەتییەوە دەکات.

ئەم غەمگینییە جارێ بە دەوری زەویدا دەسوورێتەوە و شەش جار بە دەوری تۆدا... هەتاوم سەعاتێکی تر بڕ ناکات و وەک باڵندەی شەو بە تەنیا دەفڕم. دەبێ بڕۆیتەوە بۆ ژیانێکی تر، بۆ ئەورووپای مەرحووم. تۆ ڕۆحی خۆت دەکرۆژێت و بیر لە شەیتان دەکەیتەوە، کە لەگەڵ خودادا سنووری خۆیان دەزانن و کەسیان ناچنە حەرەمی یەکترەوە.

PDF 4 KURD

بەو بچووکییەوە چ فەخرێکە ئەو هەموو عاسیبوونە، خۆشە شەڕێک بکەیت، کە سوور بزانی دەدۆڕێیت، من ئەو سازشە دەبەمەوە، کە نایکەم.

شەیتانێکی ئاوا جوان، ئیبلیسێکی ئاوا حیز، هی ئەوەیە خۆشت بوێت؟! .ئەم ڕۆژانە بە دەست خوداوە گیرت خواردوە، خودا بڕستی لێبڕیوم... مەولانا ڕاستی فەرمووە:

(چون در نهانیش جویی، دوری از اشکارش
چون اشکار جویی، محجویی از نهانش)

تۆ بە چاوی باوکێکی ڕیشچەرموەوە لە خەڵک دەڕوانیت و من لە تویێی دڵەوە بە ئازاری چکۆلانەیان پێکەنینم دێت. ئازارێکی گەورە لە دڵتدایە، من دڵم ئێشێت! تۆ پیاوێکی هەڵە نیت، تۆ لە شوێنێکی هەڵەدا نیت... من لە کاتێکی هەڵەدام! تۆ (هەڵە)ت لە (ڕاست) پێ پەسەندترە، لە (هەڵە)دا دەزانی شتگەلێک لە دنیادا هەن لە (ڕاست) زۆر خۆشترن. تۆ تا سەرت هەڵدەگرێت هەڵە بفەرموو و بەس بە من مەڵێ "عەفوو!". ئەزانم ژیانی هەموان سەردابێکی داخراوە، بەس ئەوەی تۆ توونـاوتوونە، لەم تونێلە سارد و شێدارەدا سەرت قورسە و تەنیا... زۆر تەنیا جێهێڵراوم.

سەگێک لە مندا دەوەڕێت...

دەست دەکەینە ملی یەک و بەو کۆڵانە درێژ و تاریکانەدا دووردوور پێکەوە دەچین بۆ پیاسە، سوپاس بۆ ئینسافت، کەس وا لەگەڵ تەنیایی خۆی ناکات.

لەسەر سکەیەکی ژەنگاوی پاڵ دەکەوم و تۆ دەخەمە ژێر شەمەندەفەرێکی ڕەش... ژیان بە نامەکانی تۆ دەست پێدەکات، کە ئێستا ئیتر نایەن و مەحاڵن، بەڵکو شتێک بکەیت ئەم مەحاڵە مەحاڵ نەبێت! تۆ حەز دەکەیت هەموو ئەو شتانە بکەیت، کە پێچەوانەی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی خۆتن و من عادەتێکی قۆرِم گرتووە: چاوتروکاندنەکانی خۆم، ترپە خاوەکانی دڵت دەژمێرم؛

ئەوە نۆزدە...

ئەوە هەژدە..

ئەوە حەڤـ..

ئاسنگەرێک لەسەری تۆ دا مانگ دەکوتێتەوە، کاسس بووم هێواااااااااشـــــــــ... خەرێــــکە گەرد گەرد دەنیشــێت، تــا خـــــودا حەز دەکـــــات، تـــا دڵـــــت دەیگرێــــــت تەنــــــــیـــــــــــام. تـــۆ وەک دوورخــراوەیەک دەژیت. مـن لە مـاڵە چکۆلانەکەی خۆمـدا نــــا، لەسـەر ئەم زەوییە دەستبەسەرم.

PDF 4 KURD

ئەم تەنیاییەت وەک کەلەپچەیەک بە خۆتەوە گیرۆدە کردووە... هەزار جار بمەوێ فریوی بدەم، بیبەمە سەر کەسێ، شتێ، شوێنێکی تر، ئەو هەر فریوم دەدات و

هەڵەش، کە هەر ئەو کـردی؛ مــــن بـرین دەجـنم و خـوێن دەدەلێـنم و ئـازار دەکەمە کاسـەوە! تـۆ بە بۆشـاییدا هەڵـدەڕوانیت و لە خۆتـدا بەدوای شـتێکدا دەگەڕێیـت و دەڵێیت:

ئەگەر لەسـەرمەوەیت، ئەگەر لە خوارمەوەیـت، لە هەر شـوێنێک خـۆت حەشـار داوە و سـەیرم دەکەیـت... ئەی نەفرەتی؛ ئەم یارییە بوەستێنە..

تەواو..

تەواو!

هـاتی و وتـت: "مـن زۆر بـاوەڕم بە خـودا نیـیە". قوڕگـت گیرابـوو، دەتگـوت دەسـتێکی غەریـب لە نـاوەوەڕا یەکیەک خەنـجەر هەڵـدەچەقێنێتە وشـەکانت، کە لە زارت دەتـرازان سـوور بـوون، بـۆنی خوێنیـان لێـدەهات، خـوێنێکی ئـاڵی تـازە... شـتێک بینتـی گرتبـوو کە وتـت: "...بەڵام کە هـاتم سـەرم بە خۆمـدا شـۆڕ کـردەوە و وتـم خـودایە ئەگەر تـۆ هەیت، وا بکە بە دڵی شکاوەوە نەڕۆمەوە".

مـــن بووم، وام کرد بەدڵی شکاوەوە نەڕۆیتەوە!

دەتەوێـت لەبـارەی خـۆت و ئەو پیـاوەوە بنووسـیت، کە پـێکەوە ژنێکتـان خـۆش دەوێـت، ئەم پەیوەنـدییە سـکپڕە بە شـتێکی تـر... شـتێک، کە پەلەت لێنـاکەم و ئەزانـم ئێسـتا

PDF 4 KURD

ناوترێـــت... شـــەق لە زەوی هەڵـــدەدەیت... تـــف دەکەیـــتە ئاسمان... بە هەمـوو هێـزم، سـەری کاسـم دەکێشـم بە بـادا... بـۆ گـوێ نـاگری؟ بـۆ سـاتێک سـەرنج نادەیـت... ئەم بەنـدەیەت چەند تەنیایە.

چ ە ن د . . چ

ە

ن

د

!

تەنیایە

چ

ە

ن

د

!

چ ە ن د . . !

درۆ دەکـات ئەوەی دەڵـێ ئێـرە دەرگـای تێـدا نیـیە، شـارەکە ئەسـتانەیەکی گەورەیە ڕووەو جەهەنەم.! مـن خـوێنی چـاخێکی تـرم تێـدایە و لە چاومـدا مانـگ گەنیـوە! خەونەکانت

ئامـاژەن کە تـۆ هێشـتا بـاش نیـت. مـن ئەم شـەقامەم ئەزبەرە، تـــۆ ڕێبـــواری ڕێیەکـــی بنبەســـتی و مـــن ئەم جـــادەیە بەدوای خۆمـــدا ڕادەکێشـــم. تـــۆ لەمســـەر بـــۆ ئەوســـەری شـــەقامەکە هەر خـــۆت دەبینیـــت، ئەوە بـــۆ ئینســـان هەمیشـــە لـــوتی بە لـــوتی ئەوانەدا دەتەقێـــت، کە ڕقـــی لێیـــانە؟ جـــاران هەردووکمـــان دەبـــووین بە تـــــــۆ، ئێســـــتا هەردووکمـــان دەبـــین بە مـــــــن. مـــــن ســـەرەتا و تـــۆ کۆتاییمیـــت، ڕێـــی تـــــــــۆ لە مـــــندا دەســـــت پێـــدەکات و ڕێـــی مـــن لە تـــۆدا تەواو دەبێـــت... بە دەنگـــی قەڵەوی گەنمێـــک ســـوێند دەخـــۆم دەبـــێ بـــڕۆم... زۆر درەنـــگ کەوتوویـــت... دەزانـــــی؟ ئەم دیـــواری نائومێـــدیی (چـــین)ــــە لەمنـــدا هێنـــدە درێـــژە.. هێنـــدە درێـــژە.. هێنـــدە درێژە..

"ئەرێ ئێوە ماڵتان لە کوێیە؟"

خـــودایە بـــاری شـــانم ســـووک بـــکە... تـــۆ جـــاران شـــتەکانت دەخســـــتەوە جێگـــەی خۆیـــان، ئێســـــتا دەبـــێ ئەوە لەگەڵ خەڵکدا بکەم، مرۆڤایەتی لەجێ چووە و "نابەجێ!" ماوە.

تۆ وەک گورگێکی بریندار، لووڕەت دەڕژێتە شەوەوە، من لە سۆفیا نیم، ئەو لە مندایە، ئیتر سفرە، نیوەتیرەی ئەم بازنەیە... تەنگە ئینسان بیت؛

من
تەنـــــیـــــام
تەنـــــــــــــــیـــــام
تەنـــــــــــــــــــــیـــــام
وەک
سەگ!

٢٠١٢/ستۆکهۆڵم

PDF 4 KURD

حیکایەتی مێش

بۆ یەهودای ئەسخریوتی

PDF 4 KURD

١

"حیکایەتی مێشت بۆ بگێڕمەوە؟"

"بەڵێ.."

"مەڵێ: ((بەڵێ!))"

"ئەی بڵێم چی؟!"

"مەڵێ: ((ئەی بڵێم چی!!)) "

٢

یەهـودا... سـەیری نـاو چـاوم بـکە، ئەو ئێـوارەیەت بیـر دێـت کە لە خاچیانـــدام؟! ســـەر دامەخە.. وەڵام بـــدەرەوە! بـــاوکم ســـەر ڕادەوەشـێنێت و بە نیگەرانیـیەوە دەڵێـت: "نـــا، بەس ئەو بـایە لەو کـونەوە بێـ...." مـن بە پرتـاو خـۆم دەکەم بە

قسەکەی باوکمدا و دەڵێم: ژیان ناخۆشیش نییە، ئەگەر تاقەتت هەبێ دانەویتەوە و دابەزی..

دابەزی..

دابەزی بۆ ئاستی جرج!

یەهودا.. لە زاری تۆوە بەو وەحدەهو لاشەریکە لەیە دەڵێم؛ وەرە بە مەرجی وەرنەگرتنەوە، تەنیاییەکانمان بگۆڕینەوە! خۆی دەزانێ؛ من پزیشکی مرۆڤم، بۆ ئەوە نا زامەکانیان تیمار بکەم، بۆ ئەوەی خوێ بکەمە برینیانەوە.

(کەواتە)ی ناوێ، من تەنیام و من هەم.

یەهودا... تۆ دەزانی ئەوەی لە مندایە دڵ نییە، دوڕی یەتیمە و بە شەوارەیان دەخات، ئەوەی لە مندا دەدرەوشێتەوە، ڕووناکییەکی تاریکە... تۆ دەزانی ئادەم باوکی من نییە و من لە قوڕێکی ترم؟ من خۆم کوڕی خۆمم!

یەهودا... تۆ وا دەزانی هەر جارێ لە خاچ دراوم؟ نا.. من چەند جارێکی تر مردووم و زیندوو بوومەتەوە، قسەی حسابی هەر ئەوەیە؛ کە مردن زۆر لێرەش ناخۆشتر نییە.

یەهودا... تۆ کۆنیت، بەڵام تۆ چیرۆکی یوسفت نەبیستوە، تۆ نازانی ژیان لە کوردستان تونێلێکی قەپاتە، مەنهۆڵێکی داخراو، خەڵکی لە هەر شتێک زیاتر، چەقۆ لە یەکتردا

PDF 4 KURD

سەرف دەکەن، بۆیە بێ دوودڵی؛ ئەگەر خوێڕیترین براکانی دونیا؛ ئەوانەی یوسف بن، خوێڕیترین برادەرەکانی دونیا؛ ئەوانەی منن.

یەهودا... بیرت نەچێت؛ لە داخی خراپترین برادەرەکانی دونیا، بیرم بخەیتەوە؛ خۆم بخەمە ژێر قیتارێک لە خێرایی ۳۰۰۰کم لە سەعاتێ... . تا ۳۰۰۰کم لە نیگەرانییەکدا.

سەیری خۆم دەکەم؛ ئەوەی لە مندا دێت و دەڕوات، خوێن نییە، قەترانە... یەهودا... کتێبە کۆن و زەردەکان مۆتالا دەکەم و وێڵی دوای خودایەکم ئینسان بپەرستێت و پێی بڵێم: شاهیدی دەدەم کە تۆ هەیت و حەقیت! حەیف کە ئێستا نییە و وەهمە.

یەهودا... من کە دڵم تەنگ دەبێ؛ بە تەنیا لە گوێ چەمێکدا دادەنیشم و ئاو دەژەنم... بڕوانە؛ ئەستێرە وەک پسەری بێباوک، ڕژاونەتە ئاسمانمەوە! تەماشاکە؛ سەگێکی ڕەش کچێکی سپیی بردووە بۆ پیاسە... جا لە کوێی مەجدەلییەی من؛ لە هەزارپیشەی ئومێدتدا بۆم هەڵچنیت؛ چین چین، قات قات ئەم کراسە دڕاوانەی نائومێدییم؟!

مریەم... من نامەوێ تۆ لە قەفەزی پێنج پیتدا دیل بیت، بۆیە هەرجارە حەرفێک ئازاد، هەر جارە دەنگێکت بەرەلا دەکەم.

یەهــودا... مــن لە چاوەڕوانیــدا دەمــرم، بەیــانییەک لەخەو

هەڵدەستم و تەماشـا دەکەم؛ مـردن ئـازیزێکی تـری بـردوین،

دە وەرە مـن بە تەمـای کـێ بـووم؟! مــردن بـۆ مـــردن،

مـــــردن بۆ من!

٣

یەهــودا... تــۆ دەزانــی ئێســتا، هەر ئائێســتا دەڵــێم؛ هەزار

ســەگ پــێکەوە لە ســەرمدا دەوەڕن؟! مـن نـامەوێ دونیـا

بگـۆڕێ، ئەگەر بگـۆڕێ، ڕێ دەرنـابەم، دەبـێ ببم بە پیـاوێکی

مــوحتەرەم، کە نـاتوانم بـبم... ئەوەی لە منــدا دەگــوزەرێ،

کـانییەکی تـازەیە، کە ئـازارێکی ســازگاری لــێ هەڵــدەقوڵێ.

یەهــودا... مـن حەز دەکەم زەوی هەشـت جـار لەتـلەت ببێـت،

هەپرون بە هەپرون... بەڵام بە دەستی ئینسان نـــا!

یەهـــودا... گەردوون لە منـــدا ئێشـــێت، حەز دەکەم دونیـــا

بتـۆرێنم، بەڵام مـن بـۆ نەچـم شـەوێکی درەنـگ سـەر بـخەمە

سەرشـانی و بە هێواشــی لێــوم بە گەردنــیەوە بنووســێنم و ئەو

بـۆ نەیەت و بە چـرپە پێـت بڵــێ: "فلانــی... دەزانـی تـۆ هەزار

پیاویت لە پیاوێکدا؟!"

یەهودا... تۆ کوردی دەزانی، کوردی؟!

دەمن زۆر تـەنیـــــــــــــام!

PDF 4 KURD

یەهـودا... ئەم گـۆرانییە ئـاخری دەمانکوژێـت، ئێسـتا بیـری نییە؛ کە کاسـێتە قـاوەییەکەی بـۆ هێنـام، وەک یاسـەمینی نـاو شامپۆکەی ئەوکات، قژی خستبووە سەر لا.

گـوڵێکی لە کەزیـی دابـوو، کە ئێسـتا دوای ئەو هەمـوو سـاڵە لە زەینیـی منـدا ئەوەنـدە کـاڵ بـووەتەوە، ڕەنـگەکەی ناناسـمەوە، کەچـی بەرامەی سـەری پـڕ کـردووم! یەهـودا... خۆشـە: هەسـت بکەیـت؛ ئەوەی سـەر خـاچەکە تۆیـت؟ ئەوەی زەوی لەگەڵـی بێوەفـا بـوو؟ ئەوەی ئاسـمانیش جێـی هێشـت؟! ها؟ وەڵام بدەرەوە، خۆشە؟!

٤

ئاهـ من چەند قەرەباڵغ و چەند تـەنیـام خودایە.

یەهـودا... مەنفـا خۆشـە، بەڵام ئەوەی لێـرە بـێ و بیـری نیشـتیمان بکـات دەمـرێ، دڵـت لام نەبـێ ئەوە مـن نـیم! بیـرتە شـەوێکی بەفـراوی مـریەم بە قـژی تەڕەوە خـۆی کـرد بە ژوورەکەمـدا و وتـی: "دوای نەڵێـی پێـی نەوتـم؛ ئـالودەبوون بە ماجیـدە ڕومـی وەک ئـاڵوودەبوون بە هێـرۆیین وایە"؟! یەهودا... خـۆ ئێسـتا نییە، تـا پێـی بڵـێم: کچـێ مـن غەریـبم، بەڵام غەریبی سەخت نییە، سەخت ئەوەیە تـۆی لێنیت!

PDF 4 KURD

بەو خوودایەی ئاگای لە دڵەکانە؛ یەهوودا... قسەکردن لەگەڵ مریەم؛ بێدەنگی و بێدەنگی؛ لەگەڵ مریەم قسەکردنە... کە تۆیان کرد بە خاین، دەیانویست لە جێی تۆ؛ میتیاس لە عەرشی دڵیاندا دانێن و داشیاننا.

دەیبینیت؛ جامی پڕ لە دەستمدا خاڵییە؟ هەموو زۆرێکم پێ کەمە... دەیبینیت؟ خۆ هەر من نیم؛ هەموو ئەوانەی دەزانن باش قسە بکەن، نازانن باش بژین. یەهوودا... بیرم بخەرەوە دوای چیرۆکی براکانت بۆ تەواو بکەم، ئەڵێی شتێکم ون کردوە، ئەڵێی وێڵی دوای شتێکم، بیر لەوە دەکەمەوە رێ بەرم بۆ هیندستان، بەڵکم خوایا پیرم لەوێ بێت و تۆ بڵێ: ئامین!

یەهوودا... من لێرەبم یان لە ئورشەلیم، لە پراگ بم یان لە ستۆکهۆڵم؛ نوێنەری غەمی هەسارەیەکی ترم لەسەر زەوی... من؛ باڵوێزی نائومێدییم! من ڕووناکی هەڵدەمژم و بیری خۆم دەکەم... خۆم لە لای تۆ!

یەهوودا... بیرت دێ بە سی سکەی زیو منت فرۆشت؟ سی سکە... سی سکە... سی سکەی حیز... بەڵام ئێستا ئیتر نامەوێ نە بۆ خیانەتی تۆ و نە بۆ دەستی مریەم و نە بۆ هیچ گەوادێکی تر خۆم بکوژم... ئاخر "خۆکوشتن سزادانی خۆتە بە تاوانێک کە ئەوانی تر کردوویانە"!

PDF 4 KURD

٥

با کریستۆسی سەرخاچەکەش من بم... خۆ بە دەست خۆم نییە، هەر بیرت دەکەم! یەهودا... من وەک سۆفیا ڕێگەیەکی داخراوم. بە دەگمەن خەڵک دێنە منەوە، بەڵام ناوەوە قەفەسە، با هیچ مەجدەلییەکی تر نەیە و کە هات خەیاڵی خاوی ڕۆیشتن لەسەری جەنجاڵی خۆیدا دەرکات، چونکە ئەو خودای تەعالایە ئەم قەفەسەی وا خراپ دروست کردوە؛ کە هەر یەکجار دەرگاکەی باز دەبێ!

چی بکەم؟ ئەم دەرگایە دەکەمەوە و ئاشناییت لەتەک دائەخەم. سەرم لە خەڵکێ ئاوساوە کە پێدەکەنێت... من لە قوڕی تۆ نیم، من لە هەویرێکی ترم؛ لە مەعجونی ئازار! ئەمرۆ خراپترین ڕۆژی منە، لەوە خراپتر ئەوەیە سەرم دەخورێنم و چاوەڕێی ڕۆژێکی خراپترم... من برین دەچنم و خوێن دەدڵۆپێنم و ئازار دەکەمە کاسەوە.

یەهودا... شتێکت پێدەڵێم... بەس بە کەس مەڵێ؛

سەرم پڕە لە چەقۆۆۆ.!

PDF 4 KURD

یەهودا... مریەم حاڵی بکە بە خوفییە؛ کە بێ غایەت پەرێشانم و جێی هێشتووم، وەک چۆن خودا مرۆڤی جێ هێشتوە.

بەڵام قەینا یەهودا... هەر ئێمە خودامان نییە، خوداش ئێمەی هەیە... حەیفی ئەوەم لێدێت؛ من لە زەوییەکدا دەژیم لەژێریدا کرم و لەسەریدا جرج و لە ئاسمانیدا قەلەڕەش هەیە. ئەسخریوتی... ئەوەی بە ئینسان دەڵێ جوان، یان کەرە یان شاعیر!

حەزم دەکرد خانمی پیلاتۆس لە خاچم بدات، بە خاچێک کە لە ملیدایە. یەهودا ... خۆ بەوە نییە؛ لای چەپە، من خۆم دەزانم؛ هەر دڵم ڕاستە... کاهینەکانی پێش منیش دەیانگوت: دەبوو خودا هەندێ حسابی تری بکردایا... بەڵام ئێستا کە ئەو نایکات، من دەبێ بیکەم، حسابە ئیتر!! حسابی شاردنەوەی ئەو لە باجوەرگرەکان لە پەستێوی خەزنە کۆنەکانی دڵما. خۆ ئەو موحەمەد نییە بانگی بە ئاشکرا خۆش بێت، من حەز دەکەم کەس نەزانێ کە بیر لەو دەکەمەوە!

ئەسخریوتی... قوڵپ ئەدا ئەم قەلەقییەم و بە هەموو هێزم؛ بە خێرایی ڕووناکی خۆم دەکێشم بەم کاکێشانەدا... تۆ نازانی لە حەسرەت هیجری مریەم؛ شەوان من چیم لێدێ؟

PDF 4 KURD

ئەم شەو لە خەونمدا دووپشک دەباری! دایکم ئیبن سیرین موتاڵا دەکات و دەڵێت: "خودا بەخێری دەگێڕێ ئیشەڵڵا".

یەهودا... تۆ بە (ئارامی) دەئاخفێی شتێک دەڵێم، ڕەنگە تێنەگەیت؛ بەس دەزانی (ئازار) بە (کوردی) خۆشترە؟! ئێواران قۆڵ دەکەم بە قۆڵیدا، بە تەنورەیەکی کاڵی کاوبۆی کورتەوە، ئەو جادەیە دەخاتە ژێر نازی خۆیەوە، خەڵک تەماشامان دەکەن، دەزانم هەموان ئیرەیی بە من دەبەن کە دەتوانم، هەموو شەوێ بتبەمەوە ماڵەکەی خۆم؛ ئەی تەنیایی! یەهودا... نائومێدیی من لە مریەم، نائومێدیی نییە لە پێنج پیت... نائومێدیی نییە لە هەموو ئەو پیتانەی ناوی ژنەکانی دونیا پێک دەهێنن، نائومێدیی من لە مریەم؛ نائومێدییە لە ئینسان!

کوڕی ناپاکی جەلیلییە... دەبێ بزانی؛ من هیچم لە خەڵک زیاتر نییە، دڵتەنگییەکەم نەبێت. دەزانم قۆڕە، بەڵام یارییەکی ئەوەندەش ناخۆش نییە ژیان، ئەگەر تاقەتی چاوەڕوانیت هەبێت! گێژ بووم بە دەست ئەم هەموو مێشەوە؛ هەموان مەراقیان ناوگەڵی ژنێکە و من مەراقی ناوگەڵی جیهانم. سەرم پڕە لە قالۆنچە، وا بەدوای یەکدا بە پێچپێچەکانی گوێمدا دێنە دەرێ و ئەم بالیفە سپییەیان

ڕەش کــــــردوو، پێـــــوەم دەدەن... هەموویـــــــان بەیەکەوە و لە یەک کاتدا قەپاڵ دەگرن!

وەک ئادەمیزادێـــــک دەمەوێـــــت لە خــــۆم دەرچـــــم و بــــچەمە قەرەبــالْغی ئێــوارانی گەراژێــک، لە نــاو عەشــاماتێک ڕێبــواری ژانتابەشـاندا خـۆم ون بـکەم. بە دزیـی دونیـاوە سـوار پاسـێکی کـۆنی درێـژ بـبم و لەگەڵ ئەو موسـافیرانە بچـم بـۆ شـوێنێک، شــوێنێک کە نــازانم کــوێیە!! یەهــودا... جــا دەکرێــت هەر وەرزێـک، یەکـێ جێـت بهێڵێـت و یەکـێ خۆیـت پیاهەڵواسـێت؟ ئـــا، دەکرێ، بەمە دەڵێن: ژیانی دڕاو!

خودایا... من لەم بەرهەمە جوانەت کە ناوی ئینسانە؛

نــــائـــومێــــدم

نــــائـــومێــــــدم

نــــائـــــومێــــــــــدم... و نــاوی خــۆم دەگـۆڕم بـۆ شـتێک کە خەیـاڵی دروسـتکردنی هێشـتا لەسـەری خەلیقەتـدا نیـیە! لە زانکـۆم، مامۆسـتا نیگـای گلەیـی دەچەقێنێـتە چـاوم، دەزانــێ ئەمـڕۆ لێـرە نـیم، دەزانــێ ئەمـڕۆ بـاش نـیم، دوێنـێش بـاش نەبـووم، سبەینێشـم لە ئەمـڕۆ و دوێنـێم ڕۆشـنتر نیـیە، هـیچ نـاڵێ... هـیچ نـاڵێم... بە دوو سـێ تـوولەڕێی بەردەلانــی سەختا وەک ڕێمان ون کردبێ خواروژوور دەکەین.

PDF 4 KURD

من ڕوو وەردەگێرم، لە تۆ نا... لە خۆم ڕوو وەردەگێڕم!

ئەی پیاوێک کە منت فرۆشت... سەیر بکە؛ بەم عەسرە، سەرم پڕە لە گوێزان! تەواو... ئەی خۆکوشتن... ئەی دۆستی شیرین، ئەی هاوڕێی نیانم... ئەی ئەستێرەی سیوەیلی بەختی من... من ئیتر چاو دەبڕمە ناو چاوی تۆ!

بیر لە سەگێکی قاوەیی گەورە دەکەمەوە لە سەری خۆمدا و هیچ قسەیەکم بۆ بەشەرییەت نییە، ئەو بەشەرییەتەی بە (ب)ی بێقیمەتی دەست پێدەکات..

یەهودا...

ئێستا دەڵێی چی دوای حیکایەتی مێش،

حیکایەتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە؟

٢٠١٤

ستۆکهۆڵم

www.fb.com/PDFkurd

PDF 4 KURD

پێشەکییەکان

پێشەکی شێرزاد حەسەن ٧

پێشەکی ئیسماعیل حەمەئەمین ١٥

پێشەکی کاروان عومەر کاکەسوور ٢٣

چیرۆکەکان

ڕاپۆرتێک لە کوشتاندینا ٣٣

کچی ناو تابلۆکە ٤٩

خۆکوشتن لەسەر باڵی فلامینگۆ ٦١

ڕۆکسالانا ئاناستاسیا لیسۆفسکا ٧٩

هێڵی ئاسنی پۆڵاند ٩٧

دڵم نایەت ئەگینا دەمردم ١١١

ژوولیا و دەستنووسەکەی مەولانا ١٢١

مردوەوان ١٤٣

سێدارەی زستان ١٦٣

نارەوەنێک لەسەرڕووی ئاو ١٧٥

گەڕان بەدوای دایکمدا ١٨٧

کتێبفرۆشی ١٩٥

بازنە ٢١١

تکایە مەمرن ٢١٩

گوڵی مریەم ٢٢٧

تێکستەکان

بەرێگاوەم بۆ ماڵەوە ٢٤٧

سەگێک بێتاقەتە زۆر ٢٥٥

پرۆپۆزەڵی ڕاکردن لە خۆم ٢٦٥

موعتادێک لەسەر پردی سیرات ٢٧٣

من بێتاقەتم، کەواتە من هەم ٢٨٥

ئێکزێت ٢٩٣

داڵانی دۆزەخ ٣٠٧

حیکایەتی مێش ٣١٧

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

کتێبەکانی نووسەر:

توانا ئەمین

* کچی ناو تابلۆکە (چیرۆک) ٢٠٠٨
* پیاسەیەک پێکەوە.. پیاسەیەک بەتەنیا (ڕەخنەی ئەدەبی) ٢٠٠٨
* مەنفا و خوێندنەوە (گفتوگۆی ئەدەبی) ٢٠٠٨
* پەیکەری فەرهاد، ڕۆمان، عەباس مەعرووفی (وەرگێڕان) ٢٠٠٩
* خودا لەسەری مرۆڤدا (گفتوگۆی فیکری) ٢٠١٢
* سەگێک لە ناوێنەدا (چیرۆک) ٢٠١٢
* فڕین لە قەفەسێکی کراوەدا (ڕەخنەی ئەدەبی) ٢٠١٢
* کەوتن، ڕۆمان. ئەلبێر کامۆ (وەرگێڕان) ٢٠١٣
* ماچێک بە تامی خۆڵەمێش، شیعر (وەرگێڕان) ٢٠١٤
* کوندەپەپووی کوێر، ڕۆمان، سادق هیدایەت (وەرگێڕان) ٢٠١٥
* ماڵی یار، سوهراب سپهری (وەرگێڕان) ٢٠١٥
* گەردانەی تەم، سوهراب سپهری (وەرگێڕان) ٢٠١٦
* مینای شین (نووسین) ٢٠١٦
* تریفەی مانگ. مۆپاسان (وەرگێڕان) ٢٠١٦
* ژولیا و دەستنووسەکەی مەولانا (چیرۆک) ٢٠١٦

PDF 4 KURD

بۆ من لە نەوەی؛ نوێدا توانا ئەمین نووسەرێکی تازەگەرە، بە دونیایەکم دەناسێنێت کە من دەیبینم و هەستی پێ دەکەم، بەڵام هەرگیز بەر لەو چیرۆکانە نەمتوانیوە بەو شێوەیە بیبینم.

شێرزاد حەسەن

ئەزموونی توانا ئەمین ئەزموونێکی تایبەتە، ئەزموونێکە دەبێت لەگەڵیدا بژیت، ئەزموونێکە زۆر سوبێکتیڤانەیە، خودگەرایی و تاکڕەوە، ڕەشبینێکی هارە لە بەرامبەر جوانی و ناشرینییەکانی ئەم دونیایەدا.

ئیسماعیل حەمەئەمین

نووسین دروستکردنی دونیا نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی ئەم دونیایە. توانا ئەمین ئەوەندەی مەبەستیەتی دونیای خۆی وێران بکات، ئەوەندە لە هەوڵی دروستکردنی دونیادا نییە.

کاروان عومەر کاکەسوور

Twana Amin

Zhulia and The Manuscript by Mawlana

Story

www.fb.com/PDFkurd

www.fb.com/PDFkurd

لە بڵاوکراوەکانی مڵی وەفایی